# ناوبەن پەیوەندی لەنێوان کلتور، زمان و بیرکردنەوەدا


**پ.ی د. محمود فتح الله احمد**

**زانکۆی سلێمانی**

**فاکەڵتی زمان**

**کۆلیجی زمان**



**تکایە : هیچ کاتێك چەکوش بەکار مەهێنە بۆلابردنی مێشێك، کە بەسەری کەسێکەوە نیشتبێتەوە**

**٠- پێشەکی**

مەرج نیە هەموو زمانێك خاوەنی کلتوری تایبەت بە خۆی بێت، یان هەر کلتورێك سەر بەزمانێکی تایبەت بێت، ئەوە لە ژیانی واقیعدا سەلمێنراوە کە زۆر جاران تاقە زمانێك لەلایەن چەندان گروپ و ڕەگەزی جیاواز لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قسەیپێدەکرێت، و دەشێت قسەپێکەری یەك زمان سەر بە کلتوری جیاواز بن. پەیوەندییەکانی زمان لەسەر دوو ئاستی جیاواز دامەزراون، یەکەم: ئاستی ناوەکی، واتە پەیوەندی ئاستەکانی زمان بە یەکترەوە، بۆ نمونە، ئەو پەیوەندیانەی لە بواری زاراوەسازی، ڕستە سازی، وشە سازی، دەنگسازی، فۆنۆلۆجی و .... لە چوارچێوەی خودی زمانەکەدا بەیەکترەوە، دووەم ئاستی دەرەکی، واتە پەیوەندی لە نێوان زمان و کولتور، زمان و بیرکردنەوە، زمان و لۆجیك و هەروەها، پەیوەندی دووەم واتە پەیوەندی دەرەکی بابەتی ئەم باسەمانە. پەیوەندی لە نێوان زمان، کلتور و بیرکردنەوە پەیوەندیەکی ناوبەندپەیوەند, قوڵ و بەردەواە، گەشەکردنی یەکێکیان (زمان، کلتور و بیرکردنەوە لەسەر ئاستی ئەرێنی و نەرێنی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە کاردەکاتە سەر لایەنەکەی تر، پەیوەندیەکان چەندان بابەتی ناوبەند پەیوەند لەخۆدەگرن، کە سەر بە چەندان ڕێباز و ڕێکخستنی فرەلایەنن. لە ئەنجامی گرنگی زمان، و گرنگی فرەلایەنی زمان لە گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی مەردومەکان، ئەوە دەرکەوتووە کە هەر زانستەو بە پێی توانا و پێویستی خۆی لە بەها، جۆر و چەندێتی ئەو پەیوەندیانە، گرنگی و کاریگەری دیار و بەرچاوی زمان دەرکەوتووە.

لەم باسەدا کولتور وەك دونیابینی کەسەکان دیاریکراوە، بێشك گەشکردنی زمان و توانای بیرکردنەوەی کەسەکان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەوروبەر، لکاندنی ئەزمونی ڕابردوو بە ئێستاو، ئێستا بە داهاتوو، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی ئەو دونیابینیە دادەنێت. لێکۆڵینەوە لە زمان و کولتور تەنها لە چوارچێوەی زماندا نەوەستاوە، ئەو خەمە تەنها خەمی زمانەوانەکان نییە، بەڵکو ئەوە بۆتە خەمێکی گەورە و زانایانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و .... و هەرکەسە و بە پێی پێویستی خۆی و مەودای کارەکەی لەو مەیدانەدا سەرقاڵی لێکۆینەوەن، تا ئەم کاتە گوفتوگۆ زۆر هەن لەسەر ئەوەی زمان پێش بیرکردنەوەیە یان بەپێچەوانەوە، زمان ئاراستەمان دەکات و دونیابینی ئێمە لەچوارچێوەکەیدا دیاری دەکات یان ئەو ئەرکە بە کولتور دەسپێرێت.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەسەر زمان، کولتور و بیرکردنەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە یەکەم توانا و لێهاتووی خودی مرۆڤ، دواتر بیرکرندنەوە، کولتور جا زمان، یەك لەدوای یەك کاریگەری خۆیان لەسەر دونیابینی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دادەنێن، لەو بارەوە، بیروڕای چەندان لێکۆڵەر دەخەینە پێش چاو، لەبەشی کۆتایشدا بەشێك بۆ بەراوردکاریەکی کورت لە نێوان دونیابینی قسەپێکەرانی زمانی (کوردی، ئینگلیزی و سویدی)دا دەخەینە پێش چاو. و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش دەبێتە سەرچاوەیەکی تری تێڕوانین لەو کارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها ئەوەی جێی تێبینیە پێکەوە هاتن و کارکردنی ئەم سێ دانانە بە چەشنێك بەناویەکدا چون کە کارێکی وردی دەوێت بۆ لێکدانەوەی تانوپۆی ئەو پەیوەندیانە. بڕوانە دیاگرامی (١).




لە ڕاستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم لێکۆینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەندان پرسیاری وەك:

(أ) ئایا بەکارهێنانی زمان بەمەبەستی ئەوەیە کە بیربکەینەوە؟

(ب) بیر بەبێ زمان بوونی هەیە؟ بیر زمان دیاریدەکات یان بە پێچەوانەوە؟ زمان دنیابینی کەسەکان دیاریدەکات یان کلتور؟،


(ت) دەتوانین بەبێ وشە بیربکەینەوە؟ یان چی؟

(پ) ئەوە زمانە کاردەکاتە سەر ڕێگەی بیرکردنەوەکانمان یان کولتور؟،

(ج) سنوری دەسەڵاتی کەسەکان سەبارەت بەوەی تا چ ڕادەیەك لە بەکار هێنانی بیرەکان ئازادن؟،

بەدواداچوون و سیستێمی بیری جیاواز دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی کەسەکان جیاواز ڕەفتاربکەن. بەو هیوایەی بتوانین بەردێ بخەینە سەر بەردێك و خزمەتێکی بچوك پێشکەش بە زمانی خۆشەویستی کوردی بکەین.

**١.٠ پێناسە و تایبەتمەندی کولتور و زمان**




دیاگرامی (٢)

**کلتور لە وشەی لاتینی cultura ەوە هاتووە، کە بە واتای کێڵان و گشتوکاڵ دێت to cultivate، بەو جۆرە کلتور وەك دانەوێڵە دەچوێنرێت کە چۆن زەویەکە ئامادەدەکرێت، دواتر تۆوی پێوەدەکرێت، تا بەرهەمی نوێ و زیاتریش بەدەست بێت, ئاواش کولتور لە دەرونی نەوەی نوێدا دەچێنرێت تا پارێزگاری لەسەر بنەتۆوەکە بکرێت و بەهەمان سیستێمی دنیابینیەوە گۆشبکرێن. ئەو زاراوەیە لە لایەن Kroeber & Kluckhohn (١٩٥٢) بەکار هاتووە، نوسەر نزیکەی ١٦٤ پێناسەی بۆ کلتور پێشکەش کردووە و چەندان تایبەتمەندی و واتایان بۆ کلتور دەستنیشانکردووە، لە Wikipedia free). (encyclopedia ، بۆ نمونە،**

---

[١] سەبارەت بە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دواتر بوونی بە هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی، (Durkheim ١٨٩٥) لە (Simpson ١٩٨٠:٤٣)ەوە، سەبارەت بە کاریگەری کلتور لەسەر دونیابینی کەسەکان نمونەیەك دەهێنێتەوە، بۆ نمونە، دەڵێ، بەیانیەك کە ویستم بڕۆم بۆ زانکۆ، دەبینم کە هەموو پانتۆڵەکانم شۆراون، تەنانەت دانەیەکیان ماوە ئەویش سەگەکەم دڕیویەتی، کات بەیانیە، ئەگەر بچم بۆ زانکۆ دەبێ شتێك لەبەر بکەم، و هیچم نیە، تاقە چارەیەك ئەوەیە کە بتوانم تەنورەیەکی ژنەکەم قەرز بکەم تا پێیەوە بچم بۆ زانکۆ، بۆ نا، مادام مەبەست داپۆشینی لەشمە و پارێزگاریەتی لە سەرماو سۆڵ، دواتر تۆزێ ڕادمێنم و لەبەرخۆمەوە دەڵێم، نا، ناچارم ئەو بیرە ڕەتبکەمەوە، لە ژێر ئەو فشارەی کە وەك پیاو لەبەر کردنی تەنورە لە بری پانتۆڵ لە کلتوری پەیڕەوکراودا نەگونجاوە، ئەو فشارە هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ پێویستیەکی فیزیکی، چونکە هەردوو پانتۆڵ و تەنورە لەشم دادەپۆشن لە ژوری پۆل و لە سەرماش دەم پارێزن، هەست دەکەم ئەو پەیوەندیە هەرەمەکیانە لە نێوان ڕەگەز و جۆری جل و بەرگ لەبەرکردن گێلانەیە، ئەوەی ڕێگەم لێدەگرێ تەنورە لەبەر بکەم ئەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بە میرات بۆمان ماوەتەوە، ئەوە لە ئەنجامی "هۆشمەندی بەکۆمەڵی" واتە عەقڵی بەکۆمەڵی خەڵکە ئەو بڕیارەی داوە، بۆیە دەبێ تاکەکان ملکەچیبن، چونکە لەسەروی هۆشمەندی تاکەکانی ئەندامانی سەربەکۆڵەگەیەکی تایبەتن. لەبەر ئەوە، ئەوە لە سەپاندنی کۆمەڵەوە دەبێتە هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی و دواتر هەمووومان لەسەری ڕادێین و لەبەرچاو دەگیرێت. بە ناچاری ملکەچی ئەو نەریتە وەك دونیابینی کۆمەڵ دەبێت و تەلەفۆن دەکات بۆ زانکۆ و دەڵێ نەخۆشم ناتوانم بێم، ئەو درۆیەی پێباشترە لەوەی لە دونیابینیەکە لابدات،

### ١.١ چەمك و تێڕوانین[٢]

کلتور وەك فۆڕمێکی تازە یان قۆناغێکی دراوشاوەی سەردەمی شارستانیەت دەرکەوت، کە تیایدا مێشکی کەسەکان بە هۆی ئەزمون، خوێندن، تێکەڵ بوونەوە گەشەیکردووە. کلتور بەلای هەموو نەتەوە و گروپەکانەوە بەهایەکی تایبەتی بەخۆوەگرتووە، بە تایبە ئەوانەی کە وەك گرنگ و نایاب لە هونەر، ئەدەب، ڕەوشت و بەدواداچونی زانست لەبەرچاودەگیرێن. هەموو ئەوانە هۆکاربوون کە لەلایەن فەیلەسوف، دەرونناس، کۆمەڵناس و زمانەوانەکانەوە گرنگی پێدراوە، بۆ نمونە، شاعیری ئینگلیزی Arnold وشەی کولتور بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ مرۆڤی نمونەیی و "وەك چاندنی بیری مرۆڤایەتی بەکاردەهێنێت"، لەو سەردەمانەدا دوو جۆر کلتور لە ئارادا بوون، یەکەم کلتوری بەرز و دووەم کلتوری نزم. Herder گفتوگۆی ئەوە دەکات، کە داهێنانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ناپێویست فۆڕمگەلێکی زۆر هەمەچەشنی نا-چاوەڕوانکراو وەردەگرێت، سودمەندە بۆ مرۆڤەکان ناسنامەیەکی پێکەویی دەبەخشێت و خەڵکەکان بە هۆیەوە هەست بە چارەنوسی هاوبەش دەکەن. بەلای زمانەوانەکانەوە بیر، دواتر وەردە وردە بیری کلتور گەشەی کرد و وەك "دونیابینی" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەو تێڕوانینەی هەر گروپێك لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی دونیابینیەکی جیاواز و دیار بەخۆوە دەگرێت.

Ward Goodenough (١٩٥٧) باوەڕی وایە کە کلتور زانیاریەکە و بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەستدێت، و پێکدێت لە هەر یان هەموو ئەو شتانەی کە کەسێك دەبێ بیزانێت یان باوەڕی پێی هەبێت و ... زمانی کۆمەڵ ڕوخسارێکی کلتورەکەیەتی ... و پەیوەندی زمان بە کلتورەوە ئەوە ئەو بەشەیە لە هەمووی" نوسەر باوەڕی وایە زمان فیچەرێکە لە فێچەرەکانی کولتور، و کولتور وەك ئەو لایەنەی کە هەموو لایەنەکانی تری وەك زمان و بیریش دادەپۆشی، دەزانێت، لە (Hudson ١٩٩٦:٧١) هوە. (١٨٢٦-١٩٠٥) Frans Boas دامەزرێنەری زانستی مرۆڤناسی ئەمەریکی پێناسەی کلتور "وەك لایەنی ڕوحی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکات"، و بەڵگە لەسەر "یەکێتی دەرونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی"[٣] دێنێتەوە و دەڵێت هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان هاوبەشن لە دەستەیەك لە بیروڕای سەرەکی، و جیاوازی کلتوری یان جیاوازی بیروڕای نەتەوەکان بریتین لە گۆڕانکارییە ناوخۆییە سەرەتاییەکان. بە پێی Holloway پێگەیشتنی کلتور ئەوەیە، کە چۆن پیاو ئەزمونەکانی ڕێکدەخات ... کلتور خۆبەسەراسەپاندنی ئازەروکاریە لەسەر شوێنەوار". -١٩٠٢) Talcott Parsons (١٩٧٩ گەشەی بە تیۆری کردەوەی کۆمەڵایەتی داوە، کە پێی دەڵێت بنیاتی ڕەفتاری، و گرنگی پێدانەکانی Parsons

---

[٢] لە پاڵ وشەی کلتور هەندێك وشەی تری وەك ڕەوشت، پیشە و نەریت custom بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە، دەگوترێ ئەوە نەریتی کەسێکە تا شتێ بکات، habit دووبارە وەك پیشە، نەریتی کەسێك یان شتێك بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەیکات، ئەو وشەیە وەك نەریت و ڕوخساری پرۆسەی فێربوون و دەسکەوتی ڕەفتار کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕوودەدات. یان وەك خوی تاکە کەسێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دواتر tridition، کە بە واتای گواستنەوە یان ناردن و دانەدەستی کەسانی پارێزەر بەکاردەهێنرێت. ئەو وشەیە زیاتر لە کلتور نزیکە، و واتای فراوان لەخۆدەگرێت، بۆ نمونە، خونەریتی کۆمەڵایەتی، لاساییکردنەوە، بەردەوامبوون لەسەر X و تەنانەت بە تێڕوانینی فەلسەفی دونیای ئاینگەرێتیش دەگرێتەوە، بە تێڕوانینی تڕادیشن(تەقلیدی) فۆڕمی هونەریش دیاریدەکرێ، بۆ نمونە، چۆن جۆرێکی ئەدەبی بنیاتدەنرێ و گرنگی بەهەندێ ڕوخساری زانینی تڕادیشن دەدرێت. جگەلەوانە وشەی تڕادیشن وەك بەرپەچدانەوە لەلایەن بەرەی مۆدێرنەوە بەکاردەهێنرێت، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا وشەی کلتور بەکاردەهێنین وەك ئەوەی بشێ هەموو ئەوانەی باسکران لەخۆبگرێ.

[٣] بە واتای ئەوە دێت کە کلتور دەرونی هەموو ئەوانەی یەك دنیابینی کۆیاندەکاتەوە دەکات بەیەك، لەو بارانەدا کەسەکان زیاتر لێکنزیکدەبن و یەکڕیزی دەپارێزن.

لەسەر گەشەپێدانی سەرجەم تیۆریەکە بە ناوی کردەوەی کۆمەڵایەتی کورتکردۆتەوە، (بۆ نمونە، بۆ خەڵکەکان ڕەفتار دەکەن وەك ئەوەی دەیکەن) و ئەوەش خۆی لە چوار پەیڕەودا دەبینێتەوە،

(١) "پەیڕەوی ڕەفتاری: ′′behavioural system′′واتە جەختکردنەوە لەسەر ڕەفتار و دورکەوتنەوە لە لاساییکردنەوە

(٢) "پەیڕەوی کەسێتی: ′′personal system′′تایبەتمەندیەکانی تاك و کارکردن و ئەرکەکانیانە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا.

(٣) "پەیڕەوی کۆمەڵایەتی ′′social system ′′ نمونەی یەکخستنی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیە، بەتایبەت ڕۆڵ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.

(٤) "پەیڕەوی کلتوری culture system " پێوانە و بەهاکانە لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا و بە شێوەیەکی ڕەمزی ڕێکیدەخات.

**١.١ تایبەتمەندێتی کولتور**

(أ) کولتور ڕەنگدانەوە و دەربڕینی تاقیکردنەوەیەکی نایابە، هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤەکان ڕاست و چەپی خۆیان ناسیووە، فێری ژیانی بەکۆمەڵ بوون، و بە مەبەستی خۆ پاراستن پێویستیان بە زیاتر لێکنزیك بوونەوە و گوێگرتن لە ئەزمون و دنیابینی کەسی بەرانبەر هەبووە.

(ب) هەمیشە مرۆڤەکان لە هەوڵداندا بوون بۆ سەرکەوتن بەسەر کارەساتەکانی سروشت و بەکارهێنانی دەوروبەر لە بەرژەوەندی خۆیان، ئەوانەش بە پێی ڕادەی زانیاری و توانای فیزیکی و هۆشمەندیان دەستەبەر بوون و دەبن، ئەوانە هەموو سەرەتای دنیابینی مەردومەکان پیشان دەدەن و دواجار وردە وردە لە ئەدەب و پەند و قسەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، و وەك بەرهەمی مێشکی کەسەکان شتی لێزیادکراوە یان کەمکراوە و بە کەسانی تر سپێردراوە.

(ت) بە تێپەڕبوونی کات قسەپێکەرەکانی زمانی دایك "دونیا بینی" و پێڕەوی بیری جیا و تایبەت بەخۆوە دەگرن، هەموو ئەوانە بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەزمونەکانیان و پەیوەست بەو دەوروبەرەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان تیادا سەر هەڵدەدات، بەو جۆرە دوو لایەنی بەرانبەر بە یەك، دەبێت لەبەر چاو بگیرێن، ئەوانەش جیاوازی بنیاتی لە نێوان پێڕەوی زمانەکان بەرانبەر دەبێت بە جیاوازی زانیاری سروشتی و زگماکی نا-زمانی لە زمانی دایکی جووت زماندا. دواتر دەبینی جیاوزی لە پێڕەوی بیری جیاواز، کلتور و زمانی جیاواز بەرهەم دێنێت.

(پ) کلتور باوەڕ و ڕەفتارەکان لە ناو سەرجەم گروپ و خێڵەکاندا دەکات بە یەك. هەست کردن بە یەك کلتوری، و دونیابینی گوڕ و هێزێکی گەورە بە کەسەکان دەدات تا زیاتر هەست بە گرنگی و پێویستی یەکڕیزی بکەن.

(ج) کلتور یەکڕیزی دەپارێزێت و هەوڵەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی دەوروبەر دەکات بەیەك، بەرژەوەندی و مەبەستی هاوبەش سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زیاتر یەکگرتوو دەکات.

(ح) کلتور بە واتای دونیابینی هاوبەشە، هاریکارە لە دامەزراندنی گروپ، دامەزراوە، تاقم بە تایبەت لە نێوان ئەوانەدا، کە تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە.

**(خ) دەکرێت لە دوو لاوە سەرنج لە کولتور بدرێت (١) گۆڕان، گەشەکردنی توانای مرۆڤەکان و ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی گونجاو، (٢) ڕێبازێکی تایبەت و جیاوازی کەس و گروپەکان وەك دونیابینی لە پارچەی جیاوازی ئەم دونیایەدا.**

**(د) دەکرێت دوو جۆر لە کولتور جیابکەینەوە، بۆ نمونە، کولتوری هاوبەش، کە پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە و هەمووومان بەبێ خۆماندووکردن بەیەکسانی تیایدا هاوبەشین، بەدەستی دێنین لەو کلاوڕۆژنەوە دونیا دەبینین، لە کاتێکدا جۆرێکی تر لە کولتور ئەوەیە کە لە بازنەی ڕۆشنبیری و پەروەردەکردندایە و فێری دەبین، بۆیە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە. دیارە، کلتور زۆر لایەن و بابەت دەگرێتەوە، بۆ نمونە، کلتوری بەرجەستە، کە خوی لە ئیشی دەست، جلوبەرگ، و .... دەبینێتەوە.**

**١.٢ پێناسەی زمان:**

**ئەگەر سەرنج لە زۆرێك لەو پێناسانەی بۆ زمان کراون بدەین دەبینین، کە زمان وەك " پێکهێنەری ئۆرگانی بیرکردنەوە، کە دەکرێت وەك چالاکی بیری و ئەرکی مێشکی لەبەر چاو بگیرێت، زمان بەتەواوی مێشکیە، بەتەواوی ناوەکییە لە ناوەوەی کەسەکانەوە سەرهەڵدەدات و کۆمەڵ و دەوروبەر گەشەی پێدەدات، و "بۆ هەندێك مەودا تێدەپەڕێت بەبێ کاریگەری، بەهۆی دەنگەکانەوە پەیدادەبێت، لە قسەکردندا بەرجەستە دەبێت و بەهۆی هەستەکانەوە هەستی پێدەکرێت. لەبەرئەوە بیرکردنەوە و زمان بەو هۆیانەوە دانەیەکن و ناتوانرێت لەیەك دوربخرێنەوە"، ( Wilhelm von Humboldt) لە (Wikipedia Free online) ەوە.**

**بۆچوونەکانی (١٧٦٧-١٨٣٥) Humboldt لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەستپێدەکات و لە ژێر کاریگەری Herder دا بوون، بە تایبەت سەبارەت بە پەیوەندی لە نێوان زمان و کلتوردا، بە پێی Humboldt زمان ڕاستیەك پیشاننادات کە زوتر دەربڕدرابێت، بەڵکو زمان ڕاستی ئاشکرادەکات. زمان بریتیە لە ڕوخساری دیویدەرەوەی مێشکی قسەکردنی کۆمەڵایەتی. بەلای Hamboldt ەوە زمانەکان جیاوازن لەیەکتر و بیرکردنەوە و زمان لەیەك جیانابنەوە، ئەوە وا دەکات هەر قسەیەکی کۆمەڵ، دونیابینی دیار لەخۆبگرێت. Humbuldt بیرەکانی خۆی لەسەر ئەوە کورتدەکاتەوە، کە زمان چوار چێوەی بیرکردنەوەیە, جیاوازی زمانەکان جیاوازی نییە لە دەنگ و ڕەمزدا، بەڵکو جیاوازیە لە تێڕوانینی دونیابینیندا. زمان بریتییە لە هەموو دیالێکتە پەیوەندی دارەکان، و ئەو بیرە دواتر لە لایەن وۆرف ەوە فراوانکرا.**

**یەکێك لە پێناسە گرنگەکانی زمان ئەوەیە، کە لەلایەن چۆمسکیەوە پێشکەشکراوە، بۆ نمونە، "زمان بریتیە لە دەستەیەك لە دەستور و بنەمای گشتی زۆر تایبەت، کە تایبەتمەندێتی جەوهەری مێشکی مرۆڤن و بەشێکن لە بەهرەی زگماکی توخمەکانمان" (Chomsky ١٩٨٦:١٥ff. زمان بریتییە لە هەموو دیالێکتە پەیوەندیدارەکان. بەلای Augustine زمانەکان تەنها ناونیشانێکن بۆ ئەو بیرانەی، کە لە پێشدا هەبوون. کەسانی تر وای دەبینن کە زمان سەرپۆشێکە هەقیقەت و ڕاستیە هەمیشەییەکان دادەپۆشێت. بەلای kant ەوە زمان دانەیەکە لە چەندان ئامێر لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت تا ئەزموون بکات یان شارەزای دونیا بێت، هەشە باوەڕی وایە، کە زمان بریتییە لەسەرجەم هەموو ئەو دیالێکتانەی، کە دوو لایەنەوە دەتوانرێت تێیان بگەیت، یان زمان بریتییە لە پەیڕەوی حوکمی یاسا.**

### ١.٣ مێژویەکی کورتی کولتور

#### ١.٣.١ سەدەی هەژدەهەم

ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێت زمان هۆکاری پێکهێنەرە لە کلتوری قسەپێکەرەکانیدا، ئەو تێڕوانینە لە لایەن Etienne Bonne (١٧١٥-١٧٨٠) and Johann Gottfried Herder (١٧٤٤:١٨٠٣) (Schlesinger لە ١٩٩١:١٢) ەوە بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا، بزوتنەوەی فەلسەفەی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا باو بوو، بەهێزترین گریمانەی بزوتنەوەی فەلسەفەی ڕۆشنبیری بریتی بوو لەوەی " کە ژیری — و توانای لێکدانەوە بەدەستدێت وەك كۆكردنەوەی زانیاری لە چەند نمونەیەکی سادە و سەرەتایی و هەقیقەتی بەڵگە نەویست، – ئەوە هەمان شتە بۆ هەموو کەسەکان و لەلایەن هەموانەوە وەك یەك خاوەنداریێتی دەکرێت ... و لەبەرئەوە تێگەیشتنی وەك یەکی گشتی، بەگشتی پەسەندکردن، و تەنانەت تێکەڵاوی و ئاشنایەتی بەشێوەیەکی گشتی .... پێوەری تەواو و هەقیقی یان شایان بنیاتدەنێت. (Lovejoy ١٩٣٦:٢٨٨٢٩٨) لە ( Schlesinger ١٩٩١:١٢ ەوە. لێرەدا ئەوە تێدەگەین کە لەو سەردەمەدا بیرکردنەوە و ژیان سادە و یەکئەندازە بوون بۆ هەمووان.

گرنگترین تایبەتمەندی ئەو سەردەمە بریتیبوون لە: بۆچوونی تایبەت لە ژێر ناونیشانی "ڕەفتاری زمان" واتە، کاریگەری زمان لەسەر کردەوەی بیرکردنەوەی تاکەکان و ڕەفتاری نیشتمانی .... بۆ نمونە، "... هەر زمانێك ڕەفتاری ئەو خەڵکە پیشان دەدات کە قسەی پێدەکەن". باوەڕەکان لەسەر ئەوە بوون کە "زمانەکان تیژبینی تازە دەدەن بە شتەکان، و مێشك فراوان دەکەن بە ڕێژەیی وەك ئەوەی کە زیاتر بێکەم و کوڕی بن". ئەو کات دەگوترا کە عەبقەریەت و ڕەسانەیەتی ... بەتەواوی پشت بە گەشەکردنی زمان دەبەستێت، — پیاوانی بەتوانا لە کۆمەڵدا هاوبەشن لە گەشەکردنی زمان...چونکە ڕەفتاری زمان بەپێی ئەو خەڵکانە فۆڕمکراوە.. ( Schlesinger ١٩٩١:١٥٥-٢٩٤. دەگوترا، کە زمانە کۆنەکان زیاتر لە گەشەکردنی خەیاڵدا هاوبەش بوون. فەیلەسوف ,Hamman باوەڕی وابوو کە ژیری پەیوەستە بەو زمانەی کە قسەی پێدەکەین، جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا هاوتایە بەو جیاوازیانەی لەنێوان ڕێگاکانی بیرکردنەوەدان"، دواتر Herder بیرەکانی Hamann ی گەشە پێدا و دەڵێت، ئێمە لە زماندا بیردەکەینەوە: بۆیە "وشەکان زەمینەیەکن کە تیایدا بیرکردنەوەکانی خۆمانی تیادا دەبینینەوە" Herder دەڵێت "لێگەڕێن با نەتەوەکان بە ئازادانە لەیەکترەوە فێربن، بۆ نمونە، دەڵێت "لێگەڕێن با کەسێك لەو شوێنەوە کە کەسیتر بەجێی هێشتووە بەردەوام بێت" لە Schlesinger (١٩٩١:١٢ ەوە. "هەر نەتەوەیەك سەنتەری تایبەت بە بەختەوەری لەخودی خۆیدا هەیە. بەو جۆرە Herder کەسێکی دیارە لە سەردەمی ڕۆمانسیەتدا، کە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە " نەك تەنها ئەوەی کە لێرەدا نیشانەی نایابی هەمە جۆر هەیە، بەڵکو هەمەجورێتی لە خودی خۆیدا جەوهەری نیشانەی نایابیە" (Lovejoy ١٩٣٦:٢٩٣)

#### ١.٣.٢ سەدەی نۆزدەهەم

سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ بیروڕاکانی (١٧٦٧-١٨٣٥) Humboldt دەستپێدەکات، لەو سەردەمەدا ئەوە باوبوو کە کلتوری سەدە و سەردەمەکان فۆڕم دەدات بە زمان و زمانیش بەدەوری خۆی کاردەکاتە سەر تاکەکان، لەو کاتانەدا دەبوو ملکەچی ئەو ڕایە بێت، کە کلتور بە پێی دونیا بینی قسەپێکەرەکانی هاوبەشی ڕاستەوخۆی هەیە لە بە فۆڕمکرنی زماندا، دواتر هەموو شتێك دەتونرێت لە هەر یان هەموو زمانەکاندا دەربڕدرێت. Humboldt لەسەر ئەوە سوربوو کە ئەوەی گرنگە ئەوە نیە کە بتوانرێت زمان ناچاربکرێت کە کاربکا، بەڵکو

ئەو شتەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە زمانەوە دەردەکەوێت، و ئەو شتەیە کە زمان بانگمان دەکات بۆی و کارمان پێتێدەکات. کاریگەری سەرەتایی و سەرەکی زمان بەپێی ,Humboldt ئەوە ڕێزمانە زیاتر لەوەی فەرهەنگ بێت، بەلای (Schlesinger ١٩٩١:١٢ بیرەکانی Humboldt سەبارەت بە پەیوەندی لە نێوان زمان و کلتوردا سەرکەوتوو نەبووە.

**١.٣.٣ سەدەی بیستەم**

لەسەرتای سەدەی بیستەمەوە هەڵوێستی Humboldt لە لایەن فەیلەسوفی ترەوە، بۆ نمونە، Fritz Mauthner (١٩٠١-٠٢) ەوە وەرگیراوە. لە نێوان سەدەکانی نۆزدە-بیست ەوە دەبینی تێڕوانینی ڕێژەیی — relativistic view لە ئەوروپا گەشەی کردوو بوژایەوە. فەیلەسوف Waisman (١٩٥٢\٥٣:٢) دەنوسێت " ئەگەر بە زمانی جیاواز قسەبکەین ئەوە لە دەوروبەر\جیهانی جیاواز دەگەین. فەیلەسوف Casserer (١٩٥٣:٩) هاوڕایە لەگەڵ Humboldt و باوەڕی وایە کە زمان، ئەفسانە، هونەر، و زانست بەردی بناغە دادەمەزرێنن کە لێیەوە دونیای هەقیقەت بۆ ئێمە بنیات دەنرێت". Basilius (١٩٥٢) باوڕی وایە کە "چالاکی مێشکی کەسەکان زۆر بەهێزەوە لە لایەن دونیابینی زمانی دایکیانەوە سنوردار دەکرێت زیاتر لەوەی بەهۆی کەسایەتی کەسەکانەوە بێت.

**٢.٠ گریمانەی ساپیر-وۆرف**

**٢.١ تێڕوانینەکانی وۆرف**

سەبارەت بە گرنگی و ڕۆڵی زمان لەسەر ڕەفتاری کەسەکان کرۆکی بیرەکانی وۆرف بریتیە لەوەی کە "مرۆڤەکان تەنها لە دونیای بابەتی و چالاکی کۆمەڵایەتیدا وەك ئەوەی ئاسایی زانراوە ناژین، بەڵکو زیاتر لە ژێر ڕەحمەتی زمانێکی دیاریکراودا دەژین کە بۆتە ئامێرێکی دەربڕین بۆ کۆمەڵەکەیان. ئەوە بە تەواوی وێنەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە (خۆگێلکردنە) وا بیربکەینەوە و بە خەیاڵی خۆمانیدا بهێنین، کە کەسێك دەتوانێت لە گەڵ واقیعدا خۆی ڕابێنێت و بگونجێنێت، بە تایبەت بەبێ بەکارهێنانی زمان و ئەو زمانە تەنها وەك ئامێرێکی لاوەکی(سانەوی) چارەسەرکردنی گرفتە دیارەکانی دەمەتەقێ و ڕەنگدانەوەکانی بزانێت. هەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە کە "دونیای هەقیقەت" تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی نا-ئاگایی لەسەر نەریتی زمانی گروپەکانەوە بنیاتنراوە". تێڕوانینەکانی وۆرف سەبارەت بە زمان فراوانتر دەبێت و چوارچێوەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە وەردەگرێ —— "پەیڕەوی زمانی هەر زمانێك، تەنها سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئامێریی بۆ دەربڕینی بیرەکان نییە، بەڵکو زیاتر خۆی لەخۆیدا شێوەی بیرەکانە، پڕۆگرام و ڕابەریکردنە بۆ چالاکی مێشکی تاکەکان، بۆ لێکدانەوەی باری سەرنج و یادگارە لە مێشکیاندا، بۆ ڕێکخستنی کەرەستەی مێشکی لە مامەڵەکانیاندا، لەقاڵبدانی بیر و بۆچونەکان پڕۆسەیەکی سەربەخۆیە، بە تەواوی هۆشەکیە بە واتا کۆنەکەی، بەڵکو بەشێکە لە ڕێزمانێکی تایبەت و دیاریکراو و جیاوازیەکان لە کەمەوە بۆ زۆر لە نێوان ڕێزمانە جیاوازەکاندا، یەکلاییکردنەوەی سروشتی هێڵەکان بە هۆی زمانی دایکەوە. — ئێمە سروشت لەت لەت دەکەین، ڕێکیدەخەینەوە لە بیرەکاندا، و مەبەستەکانی دەدەینە پاڵ وەك ئەوەی کردمان، بەشێوەیەکی زۆر و سەرەکی چونکە ئێمە دەستەیەکین لە ڕێککەوتنێك بۆ ڕێکخستنەوەی دونیا بەو ڕێگایە — و ڕێککەوتنێك کە سەراپا قسەکردنە کۆمەڵایەتیەکانمان هەڵدەگرێت و لە نمونە و شێوەی زمانەکەماندا دەکرێت بە یاسا (واتە لە نمونە و قاڵبی زمانەکەماندا بە کۆد دەکرێت) هەموو هاوڕێژەیەك ڕێککەوتنێکە، بەو شیوەیە ئێمە خراوینە ناو

پرینسیپی تازەی هاوڕێژەیەکەوە، چاودێرەکان ئاراستە ناکرێن بەهۆی هەمان بەڵگەی فیزیکیەوە بۆ هەمان وێنەی گشتی ئەگەر باکگراوندی زمانیان هەمان شت نەبێت، یان دەتوانێ بەهەندێك ڕێگا بە پێوەرێك چاکسازی تیادا بکرێت. (Salzmann ۱۹۹۳:۱۳٥-٤٥)

**٢.٢ بیرەکانی وۆرف لەسەر سێ داواکاری دامەزراون**

**داواکاری یەکەم:** بنیاتی زمانی ئەو ڕێگەیە دیاریدەکات کە قسەکەری ئەو زمانە دنیای پێ دەبینێت، زمان پێش بیرکردنەوە دێت و زمان کاردەکاتە سەر بیرکردنەوە و کلتوریش.

**داواکاری دووەم:** کولتوری خەڵك، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لەسەر ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن، چونکە خەڵکی جیاواز واتای جۆری ژیانی جیاواز دەدات، زمانەکان بەهەمان شێوە و بە نۆرەی خۆیان جیاوازی پیشاندەدەن — ئەو شتەی گرنگە لە ستایلی ژیانی هەر خەڵکێکدا بێشك ڕەنگیداوەتەوە و نامەی خۆی بە شێوەی کۆد لەو زمانەی بەکاری دەهێنن، داناوە.

**داواکاری سێیەم:** کلتور و شێوەی ژیان لە پێش زمان و کلتورەوە دێن و کلتور کاردەکاتە سەر زمان.

**٢.٣ جیاوازی زمانیی لە گریمانەی ساپیر-وۆرف دا.**

**وشەکان**

کلتورە جاوازەکان شێوازی ژیانی جیاوازیان هەیە و زاراوە تایبەت دەکەن، کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو شێوازی ژیانە دەکەن، بۆ نمونە، ئەسکیمۆ وایدەگەیەنێت وشەی زۆری هەیە بۆ بەفر و عەرەبەکان وشەی زۆریان هەیە بۆ ئەسپ و حوشتر. ئەوە کورتەیەکە لەو تێڕوانینانەی کە گریمانەی "ساپیر- وۆرف" ی پێدەگوترێت. ئەوەی شایانی باسە دەکرێت چەندان بیر و واتا لەو پارچەیەی سەرەوەدا (واتە لە ٢.١دا) هەڵبهێنجرێت، کە هەریەك لەوانە دەرگای دەمەتەقێیەکی گەورە بۆ زمانەوان و زانایانی بواری کلتور دەکاتەوە. ئێمە بە شوێنMax Black [٤]دا سەرنجگەلێك لەسەر تێڕوانیەنەکانی وۆرف دەخەینە ڕوو، بۆ نمونە، (١) زمانەکان شێوازو ستایلی ڕەگەزەکانی قسەکردن و سیستێمی پێشخانی زمانی دەکەنە یەك و لە نمونەی دیاریکراوی دەربڕینی بیرکردنەوە و ئەزمونی کەسەکان پێکهاتووە.

زمانەوانەکان جیاکردنەوەی بناغە و پاشگران لە خودی زمانەکە بەزەحمەت دەزانن، و لەگەڵ دەمەتەقێکانی "وۆرف" دا نین سەبارەت بە تێپەڕاندنی بارودۆخی کەمکردنەوەی بەها بۆ پەراوێز و دووبارەکردنەوەی هەمان شت. کاتێك زمانێکی دیاریکراو زاراوەی زگماکی و سروشتی ڕێژمان بەسەر بەکارهێنەرەکانیدا دەسەپێنێت. دیارە، قسەکەری زمانی دایك سیستێمی بیری تایبەت و دیاری خۆی هەیە کە بۆ ڕێکخستنی ئەزمونەکان بەکاریدەهێنێت. لەم بەشەدا ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە وۆرف سەبارەت بە لەت لەتکردن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بنیاتی دانەکان، وای بۆ دەچێت کە "ئێمە سروشت لەت لەت دەکەین کاتێك بیرەکان ڕێکدەخەین و ئەوەش بەڕێگەی زمانی دایکەوە دەبێت، ئێمە کۆمەڵێکین لە ڕێککەوتننامەیەك تا ئەم کارە بکەین، نەك لەبەرئەوەی سروشت خۆی لەت لەتدەکرێت بەو ڕێگەیەی بێزیاد و کەم بۆ هەمووان تا بیبینین. زمانەکان هەموو لە ناونان و بەکارهێنانی ڕەنگەکاندا وەك یەك نین، Navaho ڕەنگی ڕەش دەکەن

[٤] ئەو نوسینە لە ژێر ناوی .Discussion. Linguistic relativity” The Views of Benjamin Lee Whorf (٢٢٨-٢٣٩) Cornell University نوسراوە.

بە دوو کەرتەوە، لە کاتێکدا ڕەنگی شین و سەوز لێکدەدەن، ئەوە ڕون و ئاشکرایە، تا پێویستی بە بیرهێنانەوە بکات. کەواتە لێرەدا زمان بڕیاردەرە نەك کلتور و دونیا بینی کەسەکان، ئەوە دواتر بە بەراوردکردنی هەندێك نمونە لە زمانەکانی سویدی، کوردی و ئینگلیزی هەندێك هەقیقەت پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە ئاشکرا دەکات.

(٢) قسەکەرەکانی زمانی دایك سیستێمی بیری (دونیابینی) تایبەت بەخۆوە دەگرن، کە بە هۆیەوە پەیوەندیەکانیان ڕێك دەخەن، لە بەر ڕۆشنایی دەوروبەرێکی دیاریکراو.

چۆن زمان دەتوانێت سیستێمی بیری بەرهەمبێنێت،؟ پرسیارێکە وەڵامەکەی زەحمەت، ئەگەر کەسەکان، ئەوەیان بەلاوە پەسەند بوو کە ئاماژەکردن بۆ بیری شتێك لەلای کەسێك وەك ڕێگەیەکی کورت و پوختی قسەکردن سەبارەت بە پانتاییەکی ئاماژە بۆکراو تا شتەکان لێکجیابکرێنەوە، تا بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامیان بدەینەوە، و قسەیان لەبارەوە بکەین، باوەڕەکان لەسەر ئەوەن کە "شتەکان وەك ئەرك و وەزیفە لەبەرچاوبگرین کە تا ڕادەیەکی زۆر زمانین" ئەوانە بیر لەخۆدەگرن کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توانای بەکارهێنانی وشەی گونجاوی بەرانبەر دیاریبکرێن.

بیری مرۆڤەکان بەبەراورد بەو وشانەی لەزمانەکەدان زۆرترن، ئەو کات دەبێت لە هەر زمانێکدا شوێن بۆ ڕەمزەکانی تر هەبێت، بۆ نمونە، نیشانەی نا-زمانی و هەر ڕێگەیەکی تری بیرکردنەوە بەبێ ئەوەی وشەی فەرهەنگی بەکاربهێنرێت، دابنرێت. ئەوەش وا دەکات کە هەڵێنجاندنی واتا لە زاراوە و وشە فەرهەنگیەکانەوە بۆ توانای زانینی سروشتی زگماکی هەمیشە ناجێگیرە، بەو واتایەی لە ژمارە و ئەرکدا وەك یەك نین. ئەگەر وشەیەك چالاکانە پێشنیاری هەبوونی بیرێکی بەرانبەر و هاوتا بکات، ئەو کات نەبوونی وشە تا ڕادەیەك هیچ پیشاننادات.

دەکرێت ئاماژە بۆ سەرنجێکی وۆرف بکرێت کە دەڵێت زمانی Hopi ناوی نیە بۆ kiva (ل٢٠٥) ئێستا بەزەحمەت ئەوە پێشنیار دەکرێت، کە ئەوان بیری "بنیاتی زۆر بەرز و تایبەت بە کلتوری گوندیی کە بەشێوەیەك لە نزیکەوە پەیوەنیدار بە ئاینەکەیانەوە " نیە، (ل٢٠٥) هەموو ئەوانە ئەوە دەگەیەنن کە هەر زمانەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی بیرەکان ڕێکدەخات و دەردەبڕێت. ئەوەش لە وەرگێڕاندا بەدیدەکرێت، بۆیە ئەگەر بتەوێت وشەی "ژنەکەی گواستەوە" بۆ زمانێکی تری وەك زمانی ئینگلیزی وەربگێڕین ئەوە دەبینی، کە دەربڕینەکە ناوێزە دەردەچێت، چونکە لەوێدا تەنها وشەیکی هاوبەشی وەك married بەکار دەهێنێت و بەس. بەلای ووۆرفەوە دانان بە گونجاوێتی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕێژەیەکی چاوەڕوانکراو دەدات بە وەها سیستێمێك کە تا ڕادەیەکی زۆر گوماناویە: گرفتەکە لەوەدایە کە بنیاتی بیری زۆر بەندە بە بنیاتی ڕێزمانێکی دیاریکراوەوە، کە زەحمەت دەبێت سەلماندن لەسەر زمانی-زیادە بگەیت. و دەڵێت کەس ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕێزمانی قسەبکات بەبێ بەکارهێنانی ڕێزمانی دیاریکراوەوە.

(٣) قسەکەرەکانی زمانی دایك دونیابینی جیاو تایبەت بەخۆوە دەگرن، بە لەبەرچاو گرتنی دەوروبەر و پەیوەست بە واقیعەوە. بنەماو بناغەی سیستێمی زمانی بە شێوەیەکی کەرتی بڕیار لەسەر لکاندن و بەستنەوەی سیستێمی بیری و دونیابینی دەدات. تێڕوانینەکانی ووۆرف سەبارەت بە پەیوەندیەکان بەلای زۆر لە زمانەوانەکانەوە وا بە ئاسانی جێگەی قبوڵنین، بۆ نمونە، ئەو دەقانەی وەرگێراون نکولی ئەوە دەکەن "کە لەویانە هەرشتێك ئەوەندە دیاریکراوە وەك پەیوەندی لە نێوان کلتور و زماندایە"، وۆرف سیستێمی بیری و

دونیابینی لەگەڵ زماندا دیاریدەکات کە تیایدا دەردەبڕدرێن. ئەگەر "بیرکردنەوە" وەك ڕوخسارێکی زمان دیاریبکرێت، ئەوە پەیوەندی لەنێوان ئەو دوانەدا دانەیەکە لە ناچاری لۆجیکیدا.

(٤) سیستێمی پێشخانی(باکگراوند)ی زمانی بە شێوەیەکی کەرتی بڕیار لەسەر سیستێمی بیری دەدات کە پەیوەندی پێوە هەیە.

(٥) هەقیقەت پێکدێت لە "kaleidoscopic flux of impressions[٥]"، و ئەو شتە هەمیشە گۆڕاوانەی لەو ئامێرەوە دەبینرێن، ئەوە بە وێنە و تێڕوانینەکانی James's وەك لێشاو و تەوژمی بیرکردنەوە-دێت، بەلای وۆرفەوە کەرەستەی خاوی ئەزمون ئەوەیە کە زۆر بناغەترە لە زمان"،وۆرف لە وەدا سەرکەوتووە کاتی وەسفی "پرۆسەی قوڵی بەئاگابوون دەکات"، ئەوە دەخاتەڕوو کە زمان بریتیە لە نەخشونیگاری ڕواڵەتی و قسەکەی بە درۆ دەخاتەوە کە "هیچ تاکێك وابیر ناکاتەوە کە مرۆڤەکان ئازاد نین لە وەسفکردنی سروشت و ناتوانن بێلایەنی تەواو بکەن"،

(٦) باکگراوندی پەیڕەوی زمانی بەشێوەیەکی کەرتی بڕیار لەسەر دونیا-بینی دیاریکراو دەدات.

(٧) هەقیقەتەکان وادەبینرێن وەك ئەوەی ئەرکی زمان بن کە بەهۆیەوە دەردەبڕدرێن.

(٨) "سروشتی دەوروبەر" بریتیە لەئەرکی ئەو زمانەی کە تیایدا دادەمەزرێت.

(٩) ڕێزمان ڕەنگدانەوەی هەقیقەت نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەگەڵ زماندا دەگۆڕدرێت، واتە، لەگەڵ زمانەکەدا دەگۆڕدرێت بە پێی تێڕوانینی کەسەکان نەك بە پێی یاساو هۆکار و ..

### ٢.٣.١ پوختەی گریمانەی وۆرف-ساپیر

(أ) جیاوازی بنیاتی لە نێوان سیستێمی زمانەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی و باو بە جیاوازی زانیاری سروشتی و زگماکی نا-زمانی لە زمانی دایکی دوو زماندا، بەرانبەردەبێت. واتە لەبەر ڕۆشنایی گریمانەکەدا دوو لایەن دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، یەکەم زمانەکان خاوەنی سیستێمی خۆیانن، لە بەرانبەریشدا دەبێت جیاوازی زانیاری سروشتی و زگماکی لە زمانی دایکی دوو زماندا دەبێت بەهەند وەربگیرێت.

(ب) بنیاتی زمانی زگماکی زمانی هەر تاکێك لە کۆمەڵدا کاریگەری خۆی لەسەر دونیابینی تێگەیشتنی بەکارهێنەرەکانیدا دادەنێت. هەر لە سەرەتاوە کاتێك هەنگاو بەهەنگاو دەیەوێت زمان فێر ببێت، بە پێی گریمانەیەك کە دوو بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

(أ) Language [٦]determinism. حەتمەیەتی زمانی، یان ناچاری زمانی

(ب) Language [٧]relativity ڕێژەیی زمانی، لە زمانەکاندا هۆکارە لەسەر جیاوازی لە بیرکردنەوەدا.

---

[٥] بەکورت مەبەستی وۆرف ئەوەیە کە کەسەکان لە ئامێرێکەوە دەبینن کە لە شێوەی دووربیدایە و دونیا بەتاکە شێوەیەك پیشان نادات بەڵکو بە شێوەی جیاجیا و ڕەنگاوڕەگ دەیبینێ بە پێی سروشتی ئامێرەکە، ئامێرەکەش بەزمان دەچوێنی لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمان دنیابینی دیاریدەکات.

[٦] یەکێك لە پشتگیریکەرەکانی ناچاری زمانی Benjamin Lee Whorh بووە، ئەو بیرە لە بنەڕەتا بە Sapir-Whorf Hypothesis ناسراوە، ئەوانە باوەڕیان وابوو کە زمان کاریگەری ئەوەندە بەهێزی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، کە دواتر کولتور، بیرکردنەوە و ڕەفتاری کەسەکان دیاریدەکات. واتە ئەوەی بڕیاردەرە ئەوە زمانە.ئەوە بە پێچەوانەی Pinker بوو کە باوەڕەکانی لەسەر ئەوە بوون کە زمان و بیرکردنەوە سەربەخۆن. تەنانەت وای نەدەزانی کە کەسەکان لە زماندا بیردەکەنەوە بەڵکو لە شتێتردا بیردەکەنەوە کە پێی دەگوترا Mentalses کە جۆرێکە لە meta-language واتە لەپشتەوەی-زمان.

### ٢.٤ ئەو ڕەخنانەی ڕووە و ڕێبازی وۆرفیزم دەبنەوە:

سەرجەم ئەو ڕەخنانەی بەرەوڕووی ووۆرف دەبنەوە، دەکرێت لەو خاڵانەی لای خوارەوەدا کورتبکرێنەوە

(أ) بەلای Hudson ەوە جیاوازی تەواو لە نێوان کولتور و بیرکردنەوەی ئەڵەمانی و ئینگلیزیدا هەیە، بەڵام ڕون نیە جیاوازی زمانی بە زەرورەت ببێتە هۆی جیاوازی دونیا بینی یان نا.

(ب) هەردوو زمانەوان (١٩٥٨) Brown و (١٩٥٣) Lennebery وایدەبینن کە ووۆرف قەت کەسێکی هیندی هەقیقی نەبینیوە، لەبەر ئەوە بۆچونەکانی سەبارەت بە کەسایەتیان تا ڕادەیەك ئاڵۆزی تیادایە. لە لایەکی ترەوە وەرگێڕانەکان سەبارەت بە ڕستەکانی زمانی هۆپی تا ڕادەیەك جیاوازن تا جەخت لەسەر "جیاوازی سیستێمی بیرکردنەوە" بکەنەوە.

(ت) هەر لەو بارەیەوە کەسانی تری وەك Pinker ئەوە پیشاندەدات، کە بۆچونەکانی وۆرف سەبارەت بە کات لە زمانی هۆپیدا ناڕاستن. و بەڵگەش بۆ قسەکانی، ئەوە دێنێتەوە کە مرۆڤ ناسی وەك (١٩٨٣) Malotki ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە زمانی هۆپی بە هەمان شێوەی زمانەکەی خۆیان بیری کات و بەشەکانی کاتی تیایە، و کالێندەری سەرکەوتوش لەخۆدەگرێت. زیاتریش لەوانە، دەمەتەقێکانی وۆرف لەسەر کەسایەتی هۆپی، بنەمای خۆی لەسەر زمانی هۆپی دامەزراندووە، و دەمەتەقێکانی بازنەیین، لەبەر ئەوە بەکارنایەن.

(پ) زمانەوان steven Pinker لە کتێبەکەیدا "the language instinct" ڕەخنە لە ڕێژەکاری زمانی ووۆرف دەگرێت و دەڵێت، بیرکردنەوە سەربەخۆیە لە زمان، زمان خۆی بێواتایە لە هەر ڕێگەیەکی بنچینەیی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، و مرۆڤەکان تەنانەت لە زمانی سروشتیدا بیرناکەنەوە، بۆ نمونە، هەر زمانێك کە تیایدا گفتوگۆدەکرێت، زیاتر بیر لە mata-language[8]، واتە لە پشتەوەی-زماندا بیردەکەینەوە پێش هەر زمانێکی سروشتی کە پێی دەگوترێت هۆشەکی.

(ج) زمانەوانانی تری وەك، Eric Lengbery, Chomsky ،John Lucy ڕەخنە لەکارەکەی ووۆرف دەگرن و بە ئارەزوو بازی، ناکامڵی و ناڕونی ناودەبەن، بەتایبەت سەبارەت بە تێڕوانینەکانی لەسەر کاریگەری زمان لەسەر بیرکردنەوە، ڕوننەکراوەتەوە چۆن و تا چ ڕادەیەك زمانەکان کار دەکەنە سەر بیرکردنەوە، بۆیە نەیتوانیوە بەڵگەی هەقیقی بێنێتەوە بۆ گریمانەکانی، گفتوگۆکانی لە فۆڕمەکانی لە سروشتدا زیاتر گۆترەیین.

#### ٢.٤.١ لایەنی ئەرێنی لە کارەکەی ووۆرفدا

لەگەڵ ئەو ڕەخنانەشدا، کارەکی ووۆرف خاڵێنیە لە لایەنی ئەرێنی، بەلای لاکۆف ەوە نابێت کارەکەی بەکەم بزانرێت، و لەبەرانبەردا دەستەیەك لە لایەنی پۆزەتیف دەستنیشان دەکات، کە بە کورتی دەخرێنەڕوو.

(أ) کارەکەی لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ناسیزم بوو لە ئەوروپا؟ کە کەم کەس دەیوێرا ئاوا قسەبکات.

(ب) بناغەی-هۆکاری نەتەوە پەرستی و نیشتمان پەروەری لە سەروی ئەمەریکا لە گەشەکردندا بوو.

(ت) وا بیردەکرایەوە کە پێست سپیەکان ژیرترن لە پێست ڕەشەکان.

---

[7] بیرۆکەی ڕێژەیی زمانی لەسەر ئەوە دەڕوات کە کردەوەی مەعریفی(زانیاری سروشتی و زگماکی کەسەکان)، بۆ نمونە، بیرکردنەوە و ئەزمون، لەلایەن کاتەگۆری و قاڵب و نمونەکانی ئەو زمانەی کەسەکان قسەپیێدەکەن کاریتێدەکرێت. و دوبارە ئەوە بە بە گریمانەی ساپیر-ووۆرفەوە ناسراوە.

[8] پێشگرێکە بەواتای لەولا، لە پشت، لەدوا یاساییەوە یان نەریتی، هەمووش بەسەر یەکەوە بەواتای ئەو وشانەی کە بەکاردەهێنرێن تا قسە لەبارە یان وەسفی زمان بکەن. (٢٠٠٠:٨٩٧) Longman dictionary

(پ) كلتورى زمانى ڕۆژئاوا بە بەرزتر دەزانرا وەك لە كلتورى نەتەوەكانى تر.

(ج) بە لاى ووٚرفەوە جیاوازیەك لە نێوان كەسانى سپى و ڕەش نیەو هەموو دەتوانن بیربكەنەوە.. و بنیاتى سیستێمى بنچینەیى زمانە هیندیە ئەمەریكیەكان لە ڕاستیدا زیاتر و باشتر گونجاون لەگەڵ ڕاستى و هەقیقەت وەك لە زمانى سپیەكان، بۆیە دەبێت سپیەكان لە ڕەشەكانەوە فێربن.

**٢.٤.٢ تایبەتمەندى كارەكەى ووٚرف**

(١) شێوازەكەى: بەلاى (١٩٧٧:٢٣) Haugen لە (٢٠ :١٩٥٣ Schlesinger)ەوە "تواناى نوسینەكانى ۆرف و شێواندنى هیاج لەسەر داهێنانى بوارى نوێى زانست كە كەسى تر نەیكردووە".

(٢). توندڕەویەكانى: ۆرف لە بنیاتەكانیدا زۆر توندڕە و ڕادیكاڵە، زیاتر لە نوسەرانى پێش خۆى، و زۆر جار حەتمیەتى ڕادیكاڵ بڵاو دەكاتەوە، ئەوە وایكرد كە سەرنجى خەڵكیتر ڕابكێشێت.

(٣). بڵاوكردنەوەى دۆخى عەقلگەرایى "كاتێك ڕەفتارە جیاوازیەكانى كلتورى سەرەتایى لەلایەن زانایانى مرۆڤزانەوە كەشفكرا، فەلسەفەى ڕێژەیى بوو بە تێڕوانینى باو لە نەتەوەكاندا Lasndesman) (١٩٦١:٦١٧

**٢.٥ نامەكانى ووٚرف**

**٢.٥.١ تێڕوانینى Schlesinger لەسەر نامەكان**

بەشوێن (١٣-٨ -١٩٩٢) I. M. Schlesinger دا سەرنج لەو تێڕوانین و بۆچونانەدا دەدەین كە لە مێژویەكى زۆر كۆنەوە لەسەر ئەو لایەنە ئاڵۆز و بەناویەكدا چونانەدا خراونەتە پێش چاو. دەكرێت ئەوە بگوترێت كە ۆرف سەرچاوەى ئیلهام و تێڕوانیەنەكانى خۆى ئاوێتەن بە تێڕوانین و بوچوونى چەندان كەسى پێشخۆى و لەوێوە وەریگرتوون. ( ٨ -١٩٩١) Schlesinger وایدەبینێت كە لێكۆڵینەوەكەى ووٚرف ڕەنگدانەوەى بەیەكەیشتنى سێ هەڵوێستى بیركردنەوەن كە دەكرێت لە سێ نامەى جودادا فۆڕمولە بكرێن.

(١) نامەى ١ : هەموو بیركردنەوەكان لە زماندا بەردەوام دەبن و ڕودەدەن

(٢) نامەى ٢ : زمان دەشێت بیركردنەوە لەكەدار و تێكبدات(بشێوێنێ)

(٣) نامەى ٣ : زمانەكان جیاوازن لەو بیركردنەوانەى كە بۆ ئێمەیان هەڵگرتووە.

**٢.٥.١.١ نامەى یەكەم:**

نامەى یەكەم جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە هەموو بیركردنەوەكان بەردەوام لە زماندا ڕوودەدەن. بۆیە ئەگەر ئەوە ڕاستبێت، ئەوە دەسەلمێنرێت كە مرۆڤەكان لەژێر ڕەحمەتى زمانەدان و ناتوانین تەجاوزى ئەو سنوردانانە تێپەڕ بكەین كە زمان لەسەر ئێمەى سەپاندووە. بۆ نمونە، قسەكەرى زمانى A دەتوانێت تەنها لەوە بگات كە زمانى A دەیگوازێتەوە و دەیگەیەنێت. و ئەوكات دەتوانى ئەوە بڵێى كە زمانێكى تر، بۆ نمونە، B هەقیقەتى بنیاتى زمانى بە ڕێچكەیەكى ترى جیاواز بنیات دەنێت، چونكە ئەوكات ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت كە زمانى جیاواز واتاى دونیا بینى جیاوازە. واتە زمانى جیاواز واتاى عەقڵى جیاوازە. ئەوە بەلاى Schlesinger (١٩٩١:١٩ ) پێى دەگوترێت radical linguistic determinism[٩]. بەپێى نامەى یەكەم زوربەى زۆرى بیركردنەوەكان لە زماندا ڕودەدەن، لە كاتێكدا ئەوە بۆ هەموو بیركردنەوەكان ڕاستدەرناچن، چونكە هۆكارى تر

[٩] فەلسەفەى ناچارى یان بڕیارى پێشكاتى، كورتەى ئەم فەلسەفەیە لەوەدایە كە دەڵێت مرۆڤ و چۆنیەتى ژیانى واتە بڕیارەكان بەدەست خۆى نین، مرۆڤ لە ژیانیدا بێدەسەڵاتە موسەرەرە نەك موخەیەر، بڕیاردان لەسەروى ئەووەوە بڕیارى لەسەر دراوە و كەسەكان دەسەڵاتیان بەسەردا نیە، بڕیارەكان لەلایەن سەرچاوەى باڵاترەوەن، بۆ نمونە، بارى كۆمەڵایەتى، دەرونى و ......

بۆ بیرکردنەوە لە پاڵ هۆکاری زمانیدا بۆ قسەپێکەرەکان هەیە، بۆ نمونە ١٩٨٧ Rumelhart et al. لە (Schlesinger ١٩٩١:١٩وە دەڵێت کە بیرکردنەوە سەربەخۆیە لە هەر (هۆکارێکی دەربڕین) بەڵکو لەبری ئەوە لە بنیاتی پەیکەری بێلایەنی کەسەکاندا دابەشبووە.Lennebery و Brown باوەڕیان وایە کە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ دیاردەی زمانی بە ڕەفتارەوە گرێبدرێت، و دوو ڕێباز بۆ لێکۆڵینەوەی وۆرف دەست نیشانکراون:

یەکەم: زمانەکان لە کۆمەڵگای جیاوازدا بەشێوەی جیاواز لە دەوروبەر دەگەن و ئەزمون وەردەگرن.

دووەم: زمان دەبێتە هۆی بنیاتی مەعریفی دیاریکراو، ئەو دوو ڕێبازە لە لایەن Brown لە Schlesinger (١٩٩١٢٠)وە گەشەی کردووە و ناونراون بە بنیاتی لاواز و بەهێز، بۆ نمونە،

(أ) بنیاتە جیاوازەکان لە نێوان سیستێمی زمانەکاندا، بەهۆی زانینی جیاوازیە نا-زمانیەکانەوە لە زمانی سروشتی قسەکەرەکاندا بەرانبەر دەبن.

(ب) بنیاتی زمانی سروشتی کەسێك بە ڕادەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر دونیابینیەکەی یان دونیابینی ئەو کەسە کە زمانەکە فێردەبێت دیاری دەکات.

**٢.٥.٢ پێشبینی گەلێك نامەی سێیەم دیاریدەکات**

بەلای (Schlesinger ١٩٩١:١٨وە جیاوازیەکانی زمان، هەستکردن و کلتور لەخۆدەگرن کاتێك ئەو سێ مەرجانەی لای خوارەوە پێکەوە کۆدەبنەوە.

(١) جیاوازی زمانی لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا کارێکی هەڕەمەکی نیە، بەڵکو هاوتان- corresponds بە ئەو هەقیقەتەی ئاماژەی بۆ دەکەن.

(٢) ئەو پەیوەندیە نا-هەڕەمەکیە بۆ قسەکەرە ئاساییەکان ڕون و ئاشکرایە.

(٣) قسەکەرەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەئاگان لەو پەیوەندیە.

هەرسێ خاڵەکانی سەرەوە پشتگیری لە نامەی ٣ دەکەن، گەرچی مەرجی زۆر پێویستیش نەبن. هۆکاری پێشینە نیە بۆچ جیاوازی زمانی ناتوانن بەشێوەیەکی نا-ئاگایی کارمان تێبکەن. لەو بارەیەوە وۆرف (١٩٥٦:٨٣) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زمان "پێشبینی نا-ئاگایی نادیار دەکات. مامۆستاکەشی ساپیر (١٩٢١:١٦)، بیرکردنەوە وەك "بەئاگایی لە نزیکەوە هاوتایە بە نا-بەئاگایی ڕەمزی-زمانی".

**٢.٥.٣ نامەی سێیەم:**

حەتمیەتی(بێگومانی) زمان، واتە باوەڕ بوون بە زمان وەك بڕیاردەر و کاریگەر لەسەر دونیابینی، بیرکردنەوە و ئەزمونی کەسەکان. بۆیە باوەڕی وۆرف لەسەر ئەوە کورت دەبۆوە کە زمانەکان جیاوازن لەو بیرکردنەوانەی بۆمان دابین دەکەن. (١٩٩١:١٥) Schlesinger باوەڕی وایە کە نامەی سێیەم دوو داواکاری سەبەخۆ لەخۆدەگرێت:

(١) حەتمەیەتی ناچاری زمانی: ئەوە ئەو داوا و بانگەشەیەیە کە زمان کاریگەرە لەسەر هەستکردن و تێگەیشتن. هەقیقەت دەشێت وا لەبەرچاو نەگیرێت وەك ئەوەی دیاریکراوە: هەستکردن و زانینی هەقیقەت سەربەخۆی-زمانی نیە. (فراوانکردنی نامەی ٢ دەمە).

(٢) هاوسانی وەك یەك زانینی سروشتی-زمان یان هاوسانی کولتور-زمان.

بەلای زانایانی زمانی سەر بە وۆرفیزم، ئەو ئەزمونەی کار لە بیرەکانمان دەکات، ئەوە بە پلەی یەکەم ئەزمون و شارەزایی زمانین، و کردەوەی مرۆڤ ناچاریە، واتە بەدەست خۆی نیە، و بۆی بڕاوەتەوە لە ئەنجامی

گەلێك هۆكار كە دەسەڵاتی بەسەردا نیە، خاڵی سەرەكی گفتوگۆكان سەبارەت بە لێدوانەكان لە سەر ڕێژەكاری زمانین، و بریتیە لە پەیوەندی لە نێوان زمان و بیركردنەوە، بەهێزترین پەیوەندی لەنێوان ئەو دوانەدا، ناچاری زمانییە، كە سورە لەسەر ئەوەی زمان بەتەواوی مەودای پرۆسەی مەعریفی چاوەڕوانكراوی كەسەكان دیاریدەكات. ناچاری زمانی هەندێك جار وەك گریمانەی بەهێزی -ساپیر-وۆرف دەناسرێت، بیری "بەهێزی" و لاوازی" وێنەی جیای دەستوری "وۆرف" -ن سەبارەت بە ڕێژەكاری زمانی، و ئەوە بەلای pinker ەوە لە ڕاستی هیچیتر نییە جگە لە بە هەڵەتێگەیشتن لە وۆرف كە لە لایەن زمانەوان Sturat Chase ەوە بڵاوكراوەتەوە و باسی لێوەكراوە، بەلای pinker خودی وۆرف وایدادەنێت بەتەواوی ناكۆكە لە سەرەنجامی پراوەكردن و مامەڵەكردنی پاشخانی لەگەڵ وەها بابەتێك ــــ فۆڕمی لاوازی پەیوەندیەكان هێشتا بەهۆی ژمارەیەك لە لێكۆڵەرەكانەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێت و هەندێجار بەڵگەی تاقیگەیی(كردەوەی) ئەرێنی بۆ پەیوەندیەكە بەرهەمدێنن.[١٠]

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكرێتەوە كە لەم ئاستەدا هاوتاییەكی نزیك هەیە لەنێوان ڕوخسارەكانی زمان، لەلایەك و زانینی سروشتی كولتور لە لایەكەی ترەوە، بۆ نمونە، ئینگلیزی كلتوری قسەكردنی كۆمەڵگاكە پیشاندەدات. ۆرف بوونی دوو ئاراستەی كاریگەری جیادەكاتەوە، لە كلتورەوە بۆ زمان و لە زمانەوە بۆ كلتور، و باوەڕی وایە كە مادام ڕێزمان زیاتر لە كلتور بەرگری لە گۆڕانكاری دەكات، ئەوە وادەكات بڵێی كە كاریگەری زمان بۆ كلتور زاڵترە.

نامەی سێیەم وەك سیستێم لەبەرچاو دەگیرێت، لەكاتێكدا دوو نامەكەی تر تایبەتن بە بەكارهێنانی زمان، نامەی سێیەم لە لای ۆرف وەك "principle of relativity" لەبەر چاو دەگیرێت، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی كە ئایا پێش ۆرف هەمان تێڕوانین هەبووە، ئەوە بەلای (١٩٩١:١١) Schlesinger ەوە هەمان دەنك بیستراوە بە كەم تا زۆریك رون و ئاشكراییەوە، كەواتە ۆرف خاوەن و داهێنەری ڕاستەقینەی نەبووە. و نوسەر باوەڕی وایە كە یەكەم كەس هەستی بە پەیوەندی لەنێوان زمان و جیاوازەیە كلتوریەكان كردووە، ئەوە Francis Bacon (١٥٦١-١٦٢٦) بووە. Bacon ئەوەی ئاشكرا كردووە كە پەیوەندی لە نێوان زمان و دونیابینی قسەپێكەرەكانیدا هەیە، و بە بەراوردكردنی زمانەكان، بەڵام ئەوەی ڕوننەكردۆتەوە ئایا كام، یان چی كار لە چی دەكات. واتە، ئایا زمان وەك لە ٣ دا هاتووە كار دەكاتە سەر كلتوری كەسەكان، یان خودی زمان تەنها خوڵقێنەری كلتورە. John Locke (١٦٣٢-١٧٠٤) وا لە زمان گەیشتووە وەك ئەوەی هۆكاری خوڵقێنەربێت.

**٢.٥.٣.١ ناچاری بنەڕەتی زمانی ناتوانرێت بەرگری لێبكرێت:**

ناچاری بنەڕەتی ئەوە دەگەیەنێت كە هیچ بانگهێشتێك تایبەت نییە بتوانرێت بنیاتبنرێت سەبارەت بەو دنیابینیەی كە لایەن زمانی جیاوازەوە هاوبەشی تیادادەكرێت. بەو پێیە قسەكەرێكی زمانی ئینگلیزیەوە زەحمەتە زمانی كوردی بزانێت، واتە توانای لێتێگەیشتنی نیە، چونكە ئەوانە لە سنوری قسەكردنی-زمانی كوردی دا نین. هەر بۆیەیە تەنانەت ۆرف خۆشی دەستەوسانە سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەوەی چۆن بۆ نمونە، بیركردنەوەی كوردی جیاوازە لە بیركردنەوەی قسەكەرەكانی زمانی ئینگلیزی. كەواتە قسەكری زمانی ئینگلیزی پێویستی بە بەدەستهێنانی دەستەیەك لە دەسەڵات و توانای عەقڵی هەیە كە لەگەڵ ئەوانەی زمانی كوردیدا

[١٠] ئەم زانیاریانە لە زمانەوان Steven Pinker و لە wekipedia free line ەوە وەرگیراون.

بگونجێت یان هاوتابێت، و ئەو توانای عەقڵیەت و ژیریەش بەپێی سروشتی زمانی کوردی تەنها لەلای قسەکەری کوردیەوە بەدەست دێت، ئەو کات بەپێی ناچاری بنەڕەتی زمانی بەلای کەسێکی وەك (١٩٥٣:٩٦) Feuer لە (Schlesinger١٩٩١:١٩ ) ەوە هەقیقەتی ئەوەی کە کەسێك بتوانێت وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکیتر بکا، ئەوە دەتوانرێت وەك is prima facie ە دژ بە ناچاری بنەڕەتی بنەمای خۆی وەك ئەوەی بەڕاست دەربکەوێت داناوە (گەرچی دواتر دەشێ تاقیبکرێتەوە). لەبەر ئەوە حەتمیەتی(ناچاری) زمانی دەبێت ڕەتبکرێتەوە، ڕادیکالی بنەڕەتی لەسەر نامەی ١ دامەزراوە دەبێت پێکەوە بۆ هەمیشە لەیاد بکرێت[١١]؟

**٣.٠ زمان و بیرکردنەوە**

**٣.١ لە بواری بیر و تێگەیشتن لە واتا**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە بیر و واتا زانایانی زمان باس لە چەندان تیوری دەکەن، ئێمە بەکورتی بەپێی پێویستی ئەم باسە تەنها دوو لەو تیۆریانە بەکورتی باس دەکەین، بۆ نمونە،

**٣.١.١ تیۆری بیری کلاسیکی**

ئەو تیۆریە وەك دانەیەك لە پێنج تیۆریە جەوهەری و سەرەتاییەکانی "بیر" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوەکانی تر بریتین لە تیوریەکانی نمونەی یەکەمی توخمی خۆیی، یان نمونەی تیۆرییەکان، تیۆری ئەتۆمی[١٢]، تیۆری-تیۆریەکان، تیۆری بیری کلاسیکی نوێ، [١٣] تیۆری کلاسیکی ئەوە دەگەیەنێت کە هەر نمونەیەکی بیری لێکدانەوەی کلاسیکی لەخۆدەگرێت، و وەها لێکدانەوەیەك ناوەرۆکێکی غەیبی زەروری دەدات و لەگەڵ مەرجە بەسەکان هاوکارە تا لە مەودای دونیای چاوەڕوانکراودا فراوانبکرێت، بە پێی ئەو تیۆریە دەستەیەك لە مەرجی زەروری کەسی دەبێت هەبن، بۆ نمونە، ئەو مەرجانەی دەبێ بدرێنە پاڵ X تا ببێ بە C. واتە مەرجی زەروری و بەسەکان کە هەردوو پێکەوە بەسن تا ئەو شتە وەك C بناسێنین.

لە سەردەمی سۆقرات، دواتر لە دیالۆگە کانی ئیفلاتوندا هەوڵی لێکدانەوەی کلاسیکی بۆ هەندێك بیر دراوە. سوقرات هەوڵیداوە سروشتی خواپەرستی بزانێت، ئەو تیۆریە بناغەیەکی رون و ئاشکرا دەداتە زوربەی جۆرەکانی لێکۆڵینەوە لە مەودای ئەو فەلسەفەیەی کە سوقرات دەستی پێکردووە. ئەگەر کەسێك پێشنیاری ئەوە بکات کە وەڵام بۆ ئەوەی Y چیە؟ جۆری پرسیارەکان، و پرسیارەکان سەبارەت بە سروشتی زانیاری، مێشك، چاکە، و هەروەها... بزانێت، و ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە لێرەدا وەها شتێك هەیە وەك سروشتی زانین، مێشك و

---

[١١] تا ئێرە گفتوگۆ سەبارەت بە گریمانەی ساپیر-وۆرف خراوەتەڕوو، لە گفتەگۆی ئەو گریمانەیەدا، بیروڕای چەندان فەیلەسوف و زمانەوانمان پیشاندا، بەلای ئێمەوە ئەوە کارێکی ئەکادیمی و زانستیانەیە کە ئەو باکگراوندە بدرێت بەخوێنەری بەڕیز تا لە بەشەکانی داهاتوو باشتر بگات، هەرنا جیاوازیەك بە هزری خۆیدا بێنێت لە نێوان ئەو بەشەو بەشەکانی دواتر، بە تایبەت ئێمە هەردوو بیروڕای کەسانی سەر بەو قوتابخانەیە یان دژ بەو قوتابخانەیەمان خستۆتەڕوو، لەلایەکی ترەوە دەشێت هەرکەس سەبارەت بە زمان، کولتور و بیرکردنەوە بنوسێت، دەبێت ئاوڕ لەو فەلسەفەیە، کە وەك بناغە لەو بوارەدا (بە ناوی گریمانەی ساپیر-وۆرف) مامەڵە دەکرێت بداتەوە.

[١٢] تیۆری ئەتۆمی، کە دەڵێت هەموو شتێك لە گەردیلە پێك هاتووە، یان ئەتۆمیزم، کە دەڵێت ئەو گەردیلانەی جیهانیان پێکهێناوە، بەش بەش ناکرێن و لەناو ناچن.

[١٣] ئەم تیۆریە شێوازێکە لە وێژە و هونەردا بریتیە لە زیندوکردنەوە و پەیڕەوی کردنی شێوازی کلاسیکی کۆن (فەرهەنگی ئازادی ل٦٢٠).

چاكە. و سروشی زانیاری، بۆ نمونە، ئەوەیە كە لە لایەن هەموو حاڵەتەكانی زانیاریەوە هاوبەشی دەكرێت، و لێكدانەوەی كلاسیكی بیری زانین خودی سروشتی زانین دیاریدەكات، كەواتە تێڕوانینی كلاسیكی لەگەڵ پێشبینی گونجاو یەكدەگرنەوە كە لێرەدا پرسیارگەلێكی سنوردار هەن بۆ پرسیارە فەلسەفیەكان كە جەخت لەسەر سروشت و جەوهەری شتەكان دەكەنەوە, بیركردنەوەیە دەبێت لە نێوان ئەو شتانەدابێت، كە وەك بەهای سیمانتیكی یان واتا دایە. بیرەكان وا لێكدەدرێنەوە وەك ئەوەی ئامانجی لێكدانەوەكە بن.

**٣.١.٢ تیۆری نمونەی یەكەمی توخمی خۆیی**

جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دەبێت دەستەیەك لە ڕوخسار و نیشانە (تایبەتمەندێتی) هەبن، كە خۆیان لە خۆیاندا دەبن بەو دوو بەشەوە، بۆ نمونە، تایبەتمەندیە زەروری و تایبەتمەندیە پێویستەكان، sufficient and necessary بۆ شتێك یان لە شتێكدا، تا لە كۆتایدا وەك نمونەی دیاری ئەو بیرە لەبەر چاو بگیرێت، بۆ نمونە، ئەگەر X باڵندە بێت ئەو كات دەبێت X "باڵی هەبێت، بفڕێت، هێلكە بكات، دوقاچی هەبێت، لەشی بە پەڕداپۆشرابێت و دەنوكیشی هەبێت. گرفتی ئەم تیۆریە ئەوەیە هەندێك باڵندەی تری وەك ڕۆبین باڵی هەیە بەڵام نافڕێت، مریشكیش نافڕێت، دەشێت هەروەك باڵندە مامەڵەبكرێن مادام مەرجە زەرورەكانیان تیادایە.

**٣.١.٣ بیرەكان وەك بەهای سیمانیكیی**

دەكرێت بیرەكان وەك مەبەست و واتای وەچە-ڕستەی دەربڕینە زارەكیەكان سەیر بكرێن، بۆ نمونە، كارەكان، ئاوەڵناوەكان، و ئاوەڵكارەكان. كە دەگوترێت، "ڕۆژ وەك ئەستێرەیە"، وەك "ناوەرۆكی ڕۆژ وەك ئەستێرەیە" لێكدەدرێتەوە، دەربڕینی "ئەستێرەیە" دەربڕینی بیری بوون بە ئەسێرە دەردەبڕێت، تا بیرێك بەرهەمبێنێت، وەك ڕستەی "بەفر سپیە" ناوەرۆكی بەفر سپیی دەردەبڕێت كاری "سپیە" لەگەڵ كوردی و ئینگلیزیەكە هەمان ناوەرۆك دەردەبڕێت، snow is white مەبەستی ڕستەكە ناوەرۆكە، یان واتای زۆر لە وەچە ڕستەكان وەك بیر دەزانرێن.

**٣.١.٤ بیرەكان وەك گشتی و گەردوونی**

بیری گشتی و گەردونی ئاماژەن بۆ ئەو بیرانەی كە بە جیاوازی زمانەكانیش ئەو "بیرانە" لای هەمووان دەشێت هەمان لێكدانەوەیان بۆ بكرێت، بۆ نمونە، من دەڵێم "بەفر سپیە یان ئازاد مامۆستایە" و هی ئینگلیزیەكەیش كە دەڵێت "snow is white or Azad is a teacher "، دوو دەربڕینی جیاوازن و كارەكانیشیان بەهەمان شێوە دەربڕینی جیاوازن. بەڵام بۆ هەمان بیر. بكەری جیاواز دەتوانن هەمان "بیر"یان هەبێت، یان بەدەستی بێنن و جێبەجێی بكەن، گروپ و چینەكان لە هەبوون و بەكارهێنانی بیردا وەك یەك نین، بۆ نمونە، هەموو لە بیری "ئاو" تێدەگەین بەڵام بەپێی چین و توێژالەكان ئەو بیرە خۆێندنەوەی جیاوازی بۆ دەكرێت، بۆ جوتیار "ئاودانە" بۆ زانای كیمیایی "$H_2 + O_2$" یەو و بۆ كەسی تینوو "ئاو"ی خواردنەوەیە. بیرەكان تەنها یەك نمونە نین، زۆر شتی جیاواز سپین، زەردن یان .... كەواتە زۆر نمونەی بیری سپی هەن. بیری جیا و تایبەت دەتوانن هەمان نمونەیان هەبێت، و هەروەها، نمونەی ئەو ئاژەڵەی دڵی هەیە، دەبێت گورچیلەشی هەبێت، ئاماژە بۆ هەمان نمونەی هەقیقی دەكەن، و دەشبێت هەندێك جار ئاماژە بۆ دوو شتی جیاواز بكەن، چونكە هەموویان كە دڵیان هەبوو گورچیلەشیان نیە.

ڕیالیزم: سەبارەت بە بیرەکان ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێت بیرەکان جیاوازن لە نمونەکانیان، نۆمینالێزم[١٤] ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێت بیرەکان شتێك نین لە سەروی یان جیابن لە نمونەکانیان. realsm Anteدژ بە زاراوەی ڕیالیزم، ئیفلاتونیەت هەیە، سەبارەت بە بیرەکان کە دەڵێت بیرەکان بەشێوەی زانستی هەبوون, پێش نمونەکانی کەوتوون، بە واتایەکی تر بیرەکان هەن گەرچی نمونەیان هەبێت یان نا. تیۆری چەمکگەرایی(هەبوونگەرایی) conceptualism وای دەبینێت کە بیرەکان چالاکی مێشکین، و هەبوون وەك کرۆك لە خودی عەقڵدا وەك جۆرێك لە بیروڕا جێگیرە، ئەوە سەبارەت بە هەموو کەسەکانە.

### ٣.١.٥ بیرەکان وەك (سەربەخۆی-مێشکی) یان (پشتبەستووی-مێشکی)

بیرەکان لە چەند حاڵەت بەدەر نین، بۆ نمونە، بەلای زانایانی بواری بیریەوە بیرەکان دەبێت لە مێشکدا هەبن یان بەشێك بن لە مێشك، یان پشت بە مێشك ببەستن. بەلای هەندێکی ترەوە کە ئیفلاتونیەکان بەشێکن لەوانە باوەڕیان وایە کە بیرەکان بونەوەرگەلێگن پشتبەستوو-بە-مێشکین. دواتر دەبینی جۆرێك لە ناڕونی دروست دەبێت سەبارەت بەوەی، کە ئایا بیرەکان ئەوانەن کە پشت بە مێشك دەبەستن یان ئەوانەن کە سەربەخۆن لە مێشك. بۆیە، ئەگەر بیرەکان کرۆکی بن لە مێشکدا، ئەوە وەك تایبەتمەندیەکی مێشکین، ئەوسا بەرهەڵستیکردن بۆ ڕێبازی پێشکەشکردنی کلاسیکی هێز و توانای زۆر وەردەگرێت، و بە پێچەوانەوە ئەگەر بیرەکان بەشێوەیەگی سەربەخۆ بۆ بیروڕا، باوەڕ یان توانای پۆڵێنکردنی شتەکانی کەسێك بن، پاشان بەرهەڵستیکردن بۆ ڕێبازی پێشکەشکردنی کلاسیکی هێز و توانای کەمتری دەبێت.

### ٣.١.٦ بیرەکان وەك مەبەستی لێکدانەوە

لێکدانەوەی بیریی بریتیە لە بیرەکان و هەموو پرسیارە فەلسەفیەکان، بۆ نمونە، زاراوەی، F چیە؟، واتە، مەعریفە knowledge چیە؟" یەکسانی چیە"، پیاوەتی چیە؟ ئەوانە دەستەیەکن لە پرسیار داوای لێکدانەوەی بیری بیرە جیاوازەکانی وەك، زانین، یەکسانی، پیاوەتی و هیتر دەکەن. پرسیاری تریش لە ئارادان، بۆ نمونە، "لێکدانەوەی بیری چیە؟"، ڕێگای جیاواز دەگیرێتە بەر بۆ جیاکردنەوەی ڕێبازە بیریە جیاوازیەکان، بۆ نمونە، بە پێی ڕێبازی کلاسیکی، بیرە ئاڵۆزەکان لێکدانەوەی کلاسیکیان هەیە، و دەڵێت لێکدانەوەی بیری ئاڵۆز لە بواری بیری تردا دەبێت. ڕێبازی نمونەی یەکەمی توخمی خۆیی-prototype بیرەکان لە بواری ڕوخساری نمونەیی یان لە حاڵەتی نمونەکاندا لێکدەداتەوە، بۆ نمونە، بۆ ئەوەی ببێ بە "باڵندە" لە بواری وەها ڕوخساری نمونەییدا دەبێت توانای فڕینی هەبێ، بچوك بێت، دەنوکی هەبێت، هێلکەبکات و ..، باڵندەکان لە وەها ڕوخسارێکی نمونەییدا هاوبەشبن، بە چاوپۆشین لە هەندێك ناوێزە. جۆری دووەمی تیۆری نمونەی توخمی خۆیی پێی دەگوترێت ڕێبازی پێشەنگ واتە "قدووە" کە بیرەکان لەو بارەوە لێکدەدەنەوە کە بوون بە باڵندە لە بواری حاڵەتی زۆر نمونەییدا, و لە زۆر حاڵەتدا لێکدەدرێنەوە، ڕوبین وا دەگوترێت وەك ئەوەی باڵندە بێت، بەو جۆرە پێی دەگوترێت لێکدانەوەی تیۆری-تیۆریەکان، لە بواری دیاریکردنی بیرێکدا، دەبینی کە تیۆریەکە هەندێك ناوەرۆك پێشکەش دەکات سەبارەت بە فراوانکردنی ئەندامانی ئەو بیرە.

[١٤] فەلسەفەیەکە دەڵێت" کە بیروباوەڕی ڕووت تەنها لە مێشکدا هەن و هەر بە ناو و بوونی ڕاسەقینەیان نیە. فەلسەفەکە باوەڕی وایە کە گەردونی یان گشتێتی تەنها ناون بەبێ ئەوەی هیچ هەقیقەتێکی بەرانبەریان هەبێت، ئەوانە تەنها بونێکی تایبەتن. تایبەتمەندیەکان، دەستەیەك لە بیرەکان، وادەبینرێت وەك ئەوەی تەنها وەك ڕوخساری ئەو ڕێگایانە بن کە ئەو شتانە لەبەرچاودەگرێت کە هەن. ئەو فەلسەفەیە پەیوەندی هەیە بە William ەوە.

### ٣.٢ بیرکردنەوە

بیرکردنەوە بریتیە لە ڕەفتار یان کردەوەی کەسێك کە بیردەکاتـەوە، بیرکردنـەوە ڕێبازێکـە لـە ڕێگـەی مێشکەوە ئاراستەی خۆی وەردەگرێت، بەمەبەستی لێکدانەوە، هەڵێنجان، بڕیاردان، فێربوون، تێگەیشتن پرسـیارکردن و ... سـەبارەت بـە بابـەت و ... ی ژێرلێکۆڵینـەوە. لـە لۆجیـك و زانسـتی دەرونزانیشـدا، بیرکردنـەوە کـردەوەی لێکجیاکردنەوە و پارچەکردنی فۆڕمە گشتیەکەیە بۆ بەشەکانی تا پێشبینی، و پەیوەندی لەنێوان بەشەکانی ئـەو فۆڕمە بەوردی بزانرێن، لە لایەکیتریشەوە بیرکردنـەوە دەشـێت وەك بـارودوخی سەرسوڕمان و بەخەیاڵداهێنان لەبەرچـاو بگیرێـت، تـا لـە دونیـای هەقیقـەت بچـێتەدەرەوە و وەك مەشـقکردن یـان بـەکارهێنانی زیرەکـی و لێهاتوویی بیرکـەرەوە بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە هەقیقـەتێك بەتـەواوی بەئاگاییـەوە لەبەرچاوبگرێت. بەگشـتی "بـیر" ئاماژەیـە بـۆ بیرەکـان یـان ڕێکخسـتنی بیرەکانـە کـە ئـەوەش خـۆی لەخۆیـدا سـەرەنجامی بیرکردنەوەیـە، بیرکردنەوە، لەلایەکی تریشەوە، ڕەفتار یان کردەوەی بەرهەمهێنانی بیرەکانە.

بیرکردنەوە بەلای هەموانەوە بریتییە لە چالاکی مێشکی، بـەلای (Salso(١٩٩٨:٤٢٠ لـە (Lund (٢٠٠٣:٥ ەوە بیرکردنەوە "کردەوەیەکە کە وێنەیەکی تازەی مێشکی فۆڕم دەکات، لە ڕێگـەی گواسـتنەوەی زانیـاری بـەهۆی کارلێکردنێکی ئاڵۆزی دانەپاڵی مێشکی بۆ بڕیاردان، پوختەکردن، لێکدانەوە، وێناکردن، چارەسەرکردنی گرفـت"، نوسـەر هـەموو ئـەو کردەوانـە دەداتـە پـاڵ مێشـك mind تـا جیبـەجێیان بکـات، و سێ بناغـە بـۆ بیرکردنـەوە دیاریدەکات، یەکەم، بیرکردنەوە مەعریفەیە واتـە زانیـاری مێشکیە، دووەم، بیرکردنـەوە هاوبەشـی بـەکارهێنانی مەعریفە دەکات، سێیەم، بیرکردنەوە بەرەو چارەسەرەکان ئاراسـتە دەکـرێن، لـەلای ڕەفتاریـەکان جەختکردنـەوە لەسەر دوو شت دەکرێت، یەکەم لێکۆینەوە لەسەر ڕەفتار نەك لەسەر چالاکی مێشکی چونکە ئـەوە نـا-زانسـتیە و ناتوانرێت سەرنج و چاودێریبکرێت. دواتر بە هـاتنی زانسـتی دەرونـی مـەعریفی ئـەو ئاڕاسـتەیە گۆڕدرا. بـەڵکو دەکرێـت بزانرێـت چۆن میشـك کاردەکـات. گەرچـی ئـەوەش دەگوترێـت کـە چۆن دەتوانرێـت شـتێك نـەبینرێت چاودێری بکرێت. بەهـەر حـاڵ، ئـەوەی جێگـەی ڕەزامەندیـە ئەوەیـە کـە بیرکردنـەوە لـە پـێش هـەموو شـتێکدا بریتییە لە زنجیرەیەك لە چالاکی مێشکی، بۆیە دەکەوێتە ناوچەی مەعریفە و فێربوونی دەرونیەوە، و ئاماژەیـە بۆ بەرئەنجامی بیر یـان ڕێکخسـتنی بیرەکـان، و خـودی بیرکردنـەوە وەك زنجیرەیـەك لـە چـالاکی دەگرێتـەوە، بـۆ نمونە،

(أ) یادگـە(بیرەوەری) memory: بیریتـە لـە هـەموو ئـەو زانیـاری و ڕوداوانـەی بـە تێپـەڕینی کـات لـە مێشـکی کەسەکاندا دەپارێزرێن و دەبنە ئەزمون، و لەکاتی پێویستدا جارێکی تـر ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ پـەنایان بـۆ دەبرێت و بەبیردا دێنەوە تا لە ئاراستەکردنی کەسەکاندا هاوبەشی بکەن.

(ب) هـەڵێنجان inference: ئـەوە دەکەوێتـە سـنوری لۆجیکـەوە، واتـە هەمیشـە کەسـەکان هـەوڵ دەدەن ڕوداو و کارەسات و ژیان کورت و پوختە بکەنەوە و سەرەنجامی باشیان لێوەدەست بهێنن. دیارە، ئەوەش پشت بـە کولتـور و ڕادەی ڕۆشنبی و ئەزمونی هەڵێنجێنەر دەبەستێت، هەڵسەنگاندنی دەوروبەر و ئەوەی دەویسترێت کاری لەسـەر بکرێت, واتە بە لەبەرچاوگرتن و سەرنج دان لە هەقیقەتەکان، تـا ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـیری تـر بەدەسـت بێنن لە منداڵدانی بیرەکانی ترەوە، کردنەوەی ڕێبازی نوێ و بە ڕێگەی بیرکردنەوەی هزری بە تایبـەت ئەوانـەی لە بیری کەسەکەدا بەڕاست دەزانـرێن، چونکە دەشـێت کەسـەکە زانیـاری پێشـینەی بەرانبـەری هـەبێت. بناغـەی

هەڵێنجان لەسەر سەرنجدان و لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری ئەو شتەی ژێر لێکۆڵینەوە دانراوە. کەواتە ڕەفتاریش دەبێتە سەرەچاوەی ئەو هەڵێنجانانە.

(ت) و بیر و باوەڕ idea[15]، بە واتای بیرۆکە، یان بیروڕای کەسی لە هەقیقەت دێت، بیر یان وێنە لە مێشکدا، ئەوەش سەرەنجامی بیرکردنەوە و فێربوونە. بیروباوەڕ کەسیە و وەك هەقیقەتی لۆجیکی مامەڵە ناکرێت.

(پ) مەعریفە knowledge : تێگەیشتنی گشتی شتێك، بریتیە لە هەموو ئەو هەقیقەت، لێهاتووی و تێگەیشتنانەی کە کەسەکان بە تێپەڕینی کات بە هۆی ئەزمون و خوێندنەوەوە بەدەستی دێنن، ئەوە گونجاوێتی و خۆ لەگەڵ ڕاهێنانە، زانیاری و وەسفکردنی لێهاتووی و ئەو شتانەی ژیان دەیەوێت ببن، ئەوانە هەموو سەبارەت بە تێگەیشتنی تایبەت و دیار لە شتێك. جگە لەوە بریتیە لە زانینی کەسەکان سەبارەت بەو شتانەی ڕوودەدەن، یان ڕاستەقینەی کۆزانیاری، خوێندنەوەی فراوان و زانینیش دەگرێتەوە.

(ج) وێنە هزری image دووبارە چالاکی میشکیە بە واتای بە خەیاڵیخۆداهێنان سەبارەت بە لێکدانەوە و پیشاندانی دیوی دەرەوەی کەسێك یان شتێك بە پێی توانای بیرکردنەوەی کەسەکە.

(ح) باوەڕ-belief باوەڕی کەسێك سەبارەت بەوەی کە ڕاگەیاندنێك ڕاستە یان نا، یان هەستکردن بە بوون یان ڕاستی شتێك، ئەوە متمانەبوونیش دەگرێتەوە ... سەرچاوەی هەموو ئەوانە میشك و بیرکرنەوەیە.

(خ) بیر-concept[16], بە واتای بیری گشتی و بەربڵاو، زانینی هەقیقەت، و توانای کەسەکان بۆ بیرکردنەوە و پێکەوەنان conceptual، و [17] conceptualism. یەکەم سەرنج لەوە دەدات کە شتێك، یان بونێکی دیاریکراو دەبێت چی بێت و لەچی دەکات. بیرەکان دەشێت وەك زانیاری لە هەست و نەستماندا هەبن، دواتر بە هێما بکرێن و لە فەرهەنگی نەتەوەکەدا بپارێزرێن، یان دەشێت وەك بوون و بابەتی تازە بخوڵقێنرێن، لە میتافیزیقیا و بە تایبەت لە زانستی بووندا بیر بریتیە لە جۆریکی جەوهەریە لە بوون، لە فەلسەفەی سەردەمدا و بە لایەنی کەمەوە دەکرێت سێ ڕێگای باو سەباەت بە تێگەیشتنی ئەوەی بیر چیە دیاریبکرێن، بۆ نمونە,

یەکەم، بیرەکان وەك نوێنەرایەتی یان پیشاندان و ڕونکردنەوەی مێشکی، کاتێك بریتی دەبن لە ڕەگەزگەلێك کە لە مێشکدا جێگیردەبن.

دووەم، بیرەکان وەك تواناکان، بیرەکان توانا و نوێنەری مەعریفی کەسەکانن، و

سێیەم، بیرەکان وەك بابەت و شتی موجەڕەد، کاتێك بیرەکان پێکهێنەری واتاو ناوەرۆکەکانن کە لە نێوان بیرکردنەوە، زمان و ئاماژەکردندان، ناوگیری لە نێوان بیرکردنەوە، زمان و هەڵێنجاندا دەکەن[18]. لە زانستی میتافیزیقیا و بەتایبەت بوونناسی ontology دا، بیر وەك جەوهەر و بناغەی جۆری بوون مامەڵەی لەگەڵدا

---

[15] Idialism بریتیە لە نمونە، باوڕێکی بەهێز بەگشتی یان تێگەیشتنێکی ستاندارد، تەنانەت ئەگەر ئەوانە لە ژیانی واقیعدا ئاسان نەبن بۆ تێگەیشتن لە ژیانی واقیعدا، لە لایەکی تریشتەوە وەك هەر سیستیمێکی جیای بیرکردنەوە کە بابەتی زانیاریە بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان پشت بە چالاکی مێشکی دەبەستێت. بۆ idea کە لە ڕاستیدا بە تەواوی واتای "بیر" بەتەو نادات چونکە بیر بابەتی و idea زیاتر بیرو ڕای کەسیە.

[16] Conceptualism ڕێبازێکی فەلسەفیە، دەڵێت کە بیری گشتی هیچ ڕاستەیکی نیە تەنها لە مێشکدا نەبێت، واتە بیر و بۆچونی کەسی سەبارەت بەوەی شتێك لەو شتانەی دەوروبەر چۆنە یان دەبێ چۆن بێ. (چەمکگەرایی و چەمکێتی)

[17] ئەوە ڕێبازێکی فەلسەفیە: دەڵێت کە بیری گشتی هیچ ڕاستیەکی نیە تەنها لە مێشکدا نەبێت. (فەرهەنگی ئازادی)

[18] سوود لە (wikipedia the free line) وەرگیراوە.

دەكرێت. هەڵێنجاندندەكەن. لە زانستی میتافیزیقیا و بەتایبەت زانستی بوونناسی دا، بیر وەك جەوهەر و بناغەی جۆری بوون مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێ.

### ٣.٢.١ تایبەتمەندیەكانی بیر و بیركردنەوە

(١) بیرەكان توانای مرۆڤ پیشان دەدەن سەبارەت بە پۆلێنكردن و بە ڕەمزكردنی ئەزمونەكانیان و پاراستنیان لە فەرهەنگدا، دواتر بەكارهێنانیان بەشێوەیەكی داهێنەرانەی وا كە لە سنوری سیستێمی زمانی دیاریكراو جێگەی شیاوی خۆیان وەربگرن.

(٢) بیركردنەوە لە شت و ڕەمزەكان ئەوە بەدەردەكەوێت كە وشەكان واتای زیادە دەگەیەنن، ئەوەش جیاوازە لە كەسێكەوە بۆ یەكێكیتر، پەیوەست بە ڕادەی ڕۆشنبیری و ئەزمونی كەسەكانەوە .

(٣) بە واتای لكانی بیری مرۆڤەكان بە شتێ .... لە دەرەوەی پێڕەوی زمانی، لە بیردا هەموو كەسەكان وەك یەكن، بۆ نمونە، بیری ڕێوی لەلای هەموان هەر ڕێویە.

(٤) بیرەكان تەنها ئەوانە نین كە لە فەرهەنگدا هەن، بۆ نمونە، بیرەكان زۆر جار تێكەڵ دەبن كاتێ كە وشەیەكی وەك "نازدار"، "هەڵكردن"، "هەمانە" زیاتر لە واتایەك لەخۆدەگرن، و ئەوەش بیرەكان ئاڵۆزدەكات.

(٥) یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی "بیر" ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا زمانە جیاوازەكان سیستێمی وێنەی سیمانتیكی جیاواز بەكار دەهێنن، بەڵام دەبینی لە ڕوی زانیاریەوە هاوتان. ئەگەر چی زاراوەی جیاوازیش بەكار بهێنن ئەوە بەزەرورەت دەبێ ئاماژە بۆ هەمان بوونەوەر بكەن، بۆ نمونە، horse لە ئینگلیزی و hest لە سویدی و "حصان" لە عەرەبی و "ئەسپ" لە كوردی، هەر هەموویان هەمان بونەوەر دەگەیەنن.

(٦) بەكارهێنانی ڕەمزی جیاواز بو ٚ ئاماژەكردن بۆ شتێكی دیاریكراو لە زمانە جیاوازەكاندا، ڕێگە لە كردەی "وەرگێڕان" ناگرێت، ئەگەر زمانێك وشەی سادەی بۆ ئەو شتە نەبوو، ئەوە پەنا بۆ پارافرێز یان بەكارهێانی وشەی بێگانە دەبرێت، بۆ نمونە، وشەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە كوردیدا.

(٧) "بیر" تاكە و پرۆسەیەكی فەرهەنگیە، بە واتای هەست كردن بە هەقیقەتە لە دەرەوەی دەستوری زمانیەوە، بۆ نمونە، بیری مار، مێر و ... كە دواتر بەڕەمز دەكرێ و دەبێتە كەرەستەیكی فەرهەنگی و هۆی دروست بوونی پردێكی پەیوەندی لە نێوان كەس(لە مێشكەوە) بۆ بابەت. جگە لەوە "بیركردنەوە"، توانای گەشەكردنی كەسەكانە سەبارەت بە بەكارهێنانی ڕەمز و تێڕوانینی هاوبەش لە بواری دونیابینی هاوبەشدا. زۆر لە فەیلسوفەكان لەسەر بیركردنەوە قسەیان كردووە، ئەگەر ئەو بیرە قبوڵبكەین كە دەڵێت واتا بۆ نمونە، "ناو" بریتیبێت لە یەكگرتنی دوو لایەن، بۆ نمونە، ئاماژەكردن و ڕەگەزی بیری conceptual ، دواتر دوو پرسیار سەبارەت بە ڕەگەزی بیریی دێنە ئاراوە ( ٦-٣٤ :٢٠٠٤) Saeed)

(٨) بیركردنەوە لە شت، لە دەوروبەر، لە بیرو باوەڕی كەسانی تر و ... لە مەودای زمان و ئەدەبدا چەندان زانستی تری وەك پراگماتیك و سیمانتیك، پەند و گێش و قافیە ... جیادەكاتەوە بۆ هەركامیان سنوری دیار، كە شیاوی ئەركیان بێت جیادەكاتەوە.

### ٣.٣ ناوبەند پەیوەندی لە نێوان بیركردنەوە، زمان و كولتور.

لە ڕاستیدا، یەكێك لەو كەسانەی بەتوندی ڕووبەڕوی بیرەكانی گریمانەی ساپیر-وۆرف دەبنەوە، ئەوە Pinker Stevenكە وەك زمانەوانی سەردەم و زانای مەعریفە ناسراوە، Pinker باوەڕی وایە كە هەردوو زمان و بیركردنەوە سەربەخۆن، دەست لەناو دەست پێكەوە گەشە دەكەن، و تەنانەت باوەڕی وایە كە مرۆڤەكان لە

زماندا بیرناکەنەوە، بەڵکو لە شتێکدا بیردەکەنەوە کە پێی دەگوترێ "mentalist" کە جۆرێکە لە meta-[19] language و گشتییە بۆ هەموو مرۆڤەکان، Pinker دەڵێت ئێمە هەموو لەگەڵ بیرکردنەوە لەدایك دەبین و پارێزگاریش لە هەمان توانای مەعریفی دەکەین، زمان توانای لە قاڵبدانی بیرکردنەوەکانی ئێمەی نیە. بیرەکانی Pinker بەگرنگ دەزانین بۆیە بەکورتی دەیانخەینەڕوو بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە گریمانەکەی ساپیر-وۆرف و تا ئەنجامێکیش بەدەست بهێنین.

(١). ئێمە لەگەڵ بیرەکانی Pinker داین، باوەڕمان بەوە نییە کە زمان بیرکردنەوەکانمان دیاریدەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمان لەژێر ڕکێفی بیرکردنەوەکانماندایە، بۆ نمونە، دەبینی کە کەسێك کەڕو لاڵە, زمان نازانێت بەڵام ئەوە ڕێگری لەوە ناکات کە بیربکاتەوە و تا ڕادەیەك پێشبینی بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەریش بکات. دیارە، لە هەمان کاتیشدا ناشڵێین زمان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکانمان نییە، چەندی زمانی زۆر بزانی و زانیاری فراوانت لەسەر دونیای دەوروبەر هەبێت بیرەکان زیاتر گەشە دەکەن، کەواتە پێش ئەوەی زمان وەربگرین، شتێکی تر کە لەسەروی زمانەوەیە، بۆ نمونە، بیردەکەنەوە کە ئەرکی لە زمان گەورەترە لەو بوارەدا، منداڵەکان پێش ئەوەی لە وشەکاندا بیربکەنەوە، لە کێڵگەی بیری خۆیاندا بیردەکەنەوە و گەشەدەکەن، ئێمە هەموو لەسەرەتاوە بیرکردنەوەمان هەیە بەبێ ڕێگەیەکی دیاریکراو تا لە قسەکردنی زمانی هاوبەشدا دەریان ببڕین، دیارە دواتر نکولی لەوە ناکرێت کە زمان لە فۆڕمکردنی بیرەکاندا هاوکارە، بۆیە بیر وەك ناوەڕۆکە و زمانیش لە چوارچێوە و فۆڕمی بیر بەدەرنییە.

(٢) زمان و بیرکردنەوە لەیەك جیاناکرێنەوە، ئەوە زووتریش لەلایەن قوتابخانەی ئەڵەمانییەکان باسکراوە، بۆ نمونە، هامبوڵدت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان و بیرکردنەوە هاوتان و توانای لێکجیابونەوەیان نییە. بەلای Pinker زمان شتێك نییە لەوە زیاتر، کە وەك فۆرمی ئەو شتەی ئێمە دەریدەبڕین مامەڵە بکرێت. بەلای Pinkerەوە، زمان تاقە شتێك نیە کە شێوە بە زمان بدات، بەڵکو توانای تێگەیشتن یان هەستپێکردنی هەست (وەك سەرنج و گەیەنەر لە ئەندامی هەستەوە بۆ مێشك) پێویستە سەرچاوەی بیرکردنەوە و بیروەریەکان بێت، بەڵام زمان دواتر، وەك دەردەکەوێت وەك هەستی شەشەم ڕەفتاردەکات و هەموو بیرەکانمان داگیردەکات بۆ باشتر یان خراپتر.

(٣) بەلای گریمانەی ساپیر-وۆرفەوە زمان شێوە بە بیرەکانمان دەدات و کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانمان دادەنێت، بەرانبەر بەوە Pinker دەڵێت من لەگەڵ ئەوەم زمان شێوە بە بیرکردنەوەکانمان دەدات چونکە ئەو شتەی ئێمە دەیکەین ئەو شتەی ناوەکەی نازانین، ناتوانین سەبارەتی بیربکەینەوە، ئەوە بەواتای ئەوەیە کە بیرەکان بە فۆڕم دەکرێن جا بەرەو گوێگر بەڕێدەخرێن کە ئەوەیش بەنۆرەی خۆی جارێکیتر فۆڕمەکان شێدەکاتەوە بۆ پێکهێنەرەکانی و دواتر جارێکی تر لە شێوەی نامە وەك هەموویی لەلای جێگیردەبێت، لە هەموو ئەو کردەوانەدا بیر و بیرکردنەوە بنەمان، ئەوە لە منداڵی بچوکدا دەردەکەوێت کاتێك دەبینی بیر لە شت دەکاتەوە، واتە هەست بە شت دەکات بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت لە چوارچێوەی فۆڕمدا دەریببڕێت، بۆیە

[19] ئەوە لە فەرهەنگی Longman وا هاتووە وەك ئەوەی ئەو وشانە بن کە بەکار دەهێنرێن تا قسە سەبارەت یان باسی زمانیان پێبکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا -meta پاشگرێکە بەواتای لەولا، یان لەو پەڕەوە دێت کە بەهەردوکیان ئەوە دەگەیەنرێ کە بیرکردنەوە لەشتێکی گەورەتردا ڕوودەدات کە لەو پەڕی یان بەرزتر لەزمانە کە ئەویش مێشکی مرۆڤەکانە.

بیرەکانیان بەهۆی گریان و بزاوتنی لەشیانەوە دەردەبڕن، ئەوە خۆی لەخۆیدا کاریگەری بیر لەسە زمان دەدات. Pinker وا بیردەکاتەوە کە ئێمە هەستکردن و بیرکرنەوەمان وەك دوو شتی جیاواز هەیە، منداڵ هەست بە خۆشەویستی دایکی دەکات بە بێئەوەی بیریلێبکاتەوە، یان کاتێك لە بارودۆخێکی عاتیفیدا بووین کاردانەوەمان بۆ هەستەکانمان هەیە بەبێ ئەوەی بیری لەبارەوە بکەینەوە؟ تاقە جیاوازیەك لە نێوان هەستکردن و بیرکردنەوە ئەوەیە، کە کەسەکان هەستیان هەیە بەبێ ئەوەی لەبەدەست هێنانیدا ماندوبونێکی بوێت. هەست و سۆزی دایك بۆ منداڵەکەی بیرکردنەوەی ناوێت، ڕاستە بیکردنەوە کردەوەیەکی ناوەکی و بەشێکە لە تایبەتمندی مرۆڤەکان بەڵام کەسێك بیەوێت دەتوانێت بیر لە هیچ نەکاتەوە، و کەسێکی تر دەتوانێت بیربکاتەوە لەهەر بوارێك بیەوەی داهێنان بکات، هەرکات ئێمە ئامادەگیمان هەبوو کە بیر لە شتێك بکەینەوە زمان بەکاردەهێنین، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لەدەرەوەی زمان نیە.

(٤) بیرکردنەوە سەربەخۆیە لە زمان، ئەوە پشتگیری تێڕوانینەکانی ئێمە دەکات کە بیرکردنەوە بەرهەمی زمان نییە، بەڵکو زیاتر پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە یەکەم جار بیرکردنەوە دێت و لە مێشك هەست و هۆشی کەسەکاندا گەشەدەکات. هەر دەبڕینێکی زمانی بەبێ هەڵگری بیرێکی دیاریکراو وەك قسەکردنێکی بەتاڵ وایە. بیرکردنەوەی تەواو لە مێشکدا گیان بەبەر دەربڕینی وشەکاندا دەکات، و لەهەمان کاتیشدا یارمەتی قسەکەرەکان دەدات بە قوڵی لە هەموو شتێك بگەن و گرنگیش بە بیرکردنەوە بدەن. زمان گرنگە لە کارکردنە سەر ڕاگەیاندن بەڵام بەتەواوی بەبێ بیرکردنەوە کاریگەری لەدەستدەدات.

(٥) کاتێك سەرنج لە کولتورە جیاوازەکان دەدەیت، دەشێت وا بیربکەیتەوە کە زمان کاردەکاتە سەر بیرکردنەوە بەهۆی لێکدانەوەی بیرکردنەوەوە، لەوبارانەدا، گرفتێك دێتە ئاراوە بەتایبەت کاتێك بیرکردنەوە وشە و فرێزی نەبێت تا دەربربڕدرێت. ئەو کات کۆمەڵگا ناچاردەبێت تا فۆڕمێکی گونجاو لە نێوەندی زاراوەکانیدا هەڵبژێردرێت، و ئەو بیرەی مەبەستێتی پێیدەربڕێت. ئەوە وادەکات کە هەر زمانێك یاسای تایبەتی خۆی هەبێت بۆ گەشەکردنی زمانەکەی و بیرەکانی پێدەربڕێت. ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زمان بەتەواوی بیرکردنەوە دیاریناکات، بەڵکو هەردوو سەربەخۆن لە یەکتری. هەروەها زمان و بیرکردنەوە یەك ئەوەکەی تر دیاریناکات، بەڵکو لەبری ئەوە زمان (وەك زمان و ڕەمز) و بیرکردنەوە (وەك مەعریفە) هەردووپەیڕەو و کردەوەی سەربەخۆن کە بەردەوام کار لە یەکتردەکەن. کاتێك قسە بۆیەکتردەکەین تەنها مامەڵەکردن یان تەنها دەفرێکی بیرکردنەوە نییە، بە واتای ئەوەی چالاکی مەعریفی تەنها لە مێشکدایە. چالاکی مێشکی (بۆ نمونە، بیرکردنەوە) هاوبەشی لە ئەلتەرناتیفی زماندا دەکات. (واتە لەبری زمان کاردەکات وەك قسەکردنی ناوەکی، یان دیوی ناوەوە ئەرك دەبینی)، دەگوترێت توندڕەوی لە پێشا لەسەردایە دواتر لە دەروندایە، واتە بیرکردنەوە فەرمانی مێشکیە و دەبێتە کردەوە، دەربڕین دوای هەڵبژاردن یان بڕیاری بەکۆمەڵ لەسەر فۆڕمی گونجاو دێت، بەو شێوەیە ئەوانە دواتر دەتوانرێت بە ئەزمونی زمانیەوە بلکێنرێن لەدەرەوەی مێشك، ئەوە هەموو لەگەڵ ئەوەن ئەو دوانە کارلێکدەکەن و دەچنە سەریەك بەڵام یەکتر دیاریناکەن.

**٣.٤ جیاوازی لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا**

**سەرنج لەو ڕستانە بدە**

(١) باپیر ڕاستگۆنییە

(٢) باپیر ڕاسگۆیە.

لە (١) دا دوو "بیر"ی جیاواز هەن، بۆ نمونە، "باپیر" و "ڕاستگو"، کە بە ڕێگەیەکی تایبەت هەردوو "بیر"ەکان لە مێشکدا یەکدەگرن و لە هەمان کاتدا پەیوەندیەکی تایبەت لە نێوان ئەو دوو بیرەدا بەدەستدێت، لە (٢)دا هەمان پەیوەندی نکولیلێدەکرێت، واتە ئەوانە واتای پێچەوانەیان هەلگرتووە. "ئەوانەش وەك کردەوەی هۆشەکی مێشکین کە لە ڕستەکاندا پێشنیاردەکرێن و دەتوانرێت بێنەدی بەبێ ئەوەی بیرەکان بڕژێنە ناو ڕستەکانەوە"، (Harris ١٩٩٩:٣) . کەواتە هەلێنجانی (١) لە (٢) نابێت و بڕوای پێناکرێت، تەنها گەیاندنێکی مێشکییە لە بڕیارێکەوە بۆ یەکێکی تر. بێئەوەی هیچ هاوبەشی پیتی پێویستبکات. زیاتر لەوە ئەو کردەوەیە لەوەدایە کە مرۆڤەکان شتێك دەخەنە مێشکیانەوە کاتێك پێویستیان پێی هەبێت، بۆ نمونە، کاتێك A دەیەوێت بڕیارێکی وەك باپیر درۆزنە بە B بگەیەنێت، ئەوە ڕستەیەکی وەك "باپیر ڕاستگۆنییە" دەردەبڕێت. دەبێت سەرنجیش لەوە بدەی کە دەبێت A قسە بۆ کێ و بە چ زمانێك قسەدەکات، بۆیە "بیر" و "تێڕوانین"ی کەسێك سەبارەت بە هەر دیاردەیەك ناتوانرێت تایبەت بکرێت بە فۆڕمی زمانێکی تایبەتەوە، ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە "بیر" کردەوەیەکی هۆشەکی جیایە لە وشە. وشە ڤاپە و "بیر" وەك بەرهەمی بیری کەسەکانی تێدەکرێت و هەر زمانەش ڤاپ و ئامێر لە شێوەی فۆڕمی تایبەتی بەخۆیان هەیە، و ڕێزمانیش دەوری خۆی لە چۆنیەتی پێکەوەگرێدانی فۆڕم و ڕەگەزەکان دەبینێت.

لێرەوە دەبینی یەکێك لە ئەرك و ڕەفتارەکانی ڕستە بە ڕەمزکردنی بیرەکانە، و دواتر بە پێی ناوچە، زمان و کەس لێکدەدرێتەوە، بۆ نمونە، کەسی A کە خۆی لە گەڵ کوردی ڕاهێناوە ڕەمز و کۆدەکان بەو زمانە لێکدەداتەوە، بە لای Harris دوە، پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو ڕێگادا بکرێت، کە بە پێی نەریتی فەیلەسوفی" زمان دەبێت فریودەربێت، و لەلایەکی تریشەوە بەگران زانینی هاوتایکردنە لە نێوان وشەو واقیعدا، کە بیر نوێنەرایەتیدەکات. هەر لێرەوە ئەزمونی (Harris ١٩٩٠: ٣-٤) ە، کە دەبێت وشەمان هەبێت بۆشتێك بەڵام شتەکە وجودی نەبێت و بەهەڵە باوەڕبکرێت کە بوونی هەیە، بۆ نمونە، باوەڕ بوون بە بوونی مادەیەکی وەك بنچینەی ئاگر, بوونی phlogiston[٢٠] لە دونیای واقیعدا، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئینگلیزیدا ئەو وشەیە هەیەو بە ڕوکەش وا پیشاندراوە کە ناوی مادەیەکە کە دەبێت بە ڕێگەیەك لە ڕێگاکان ڕێگاگومکەرە بە هۆی زمانەوە. نەگونجانەکە لە نێوان وشەو بیردا نیە، بەڵکو نەگونجانەکە لە نێوان بیر و هەقیقەتدایە.

**٣.٥ پەیوەندی لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا**

زمان و بیر بەیەك پەیوەست و ناوبەند پەیوەندن و بەیەکەوە کردەی هەڵسەنگاندن، ڕێکخستن و گواستنەوە جێبەجێدەکەن، جگە لەزمان فاکتەرێکی تر کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەیە، کولتورە، بۆیە لەکاتی لێکۆینەوەدا بۆتدەردەکەوێت، کە ئەوە تەنها زمان و وشەکانین جیاوازن لە نێوان زمانەکاندا، بەڵکو نەریت و

[٢٠] ماددەیەکە لە کۆندا وادەزانرا کە دەبێتە هۆی ئاگر داگیرساندن و لە ئاگریش دەبێتەوە.

کولتور لەو بوارەدا کاریگەری خۆیان هەیە و ناکرێت پشتگوێبخرێن. کاریگەری زمان لەسەر بیرکردنەوە، زمانەوانەکان، لە نێوانیاندا (٢٠٠٣:١١) Lund لەبەر ڕۆشنایی بۆچونەکانی گریمانەی ساپیر-وۆرف دوو لایەن لەو کاریگەریانە دیاریدەکەن، یەکەم، وەرگێڕانی بەهێز, ئەوەیە کە زمان بڕیار لەسەر بیرکردنەوە دەدات، و جۆری بیرکردنەوەش دەگرێتەوە و دیاریدەکات، ئەو پێشنیارانەی لە زمانێکدا هەن دەشێت لە یەکێکی تردا نەبن. دووەم، وەرگێڕانی لاواز ئەوەیە کە زمان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەیە و تەنها کاردەکاتە سەر ئەوەی چاوەڕواندەکرێت ئێمە بەدەستی بهێنین یان بیری خۆمانی بێنینەوە. کاتێك وشەت بۆ شتێك، کەسێك و ... هەبوو یان بە پێچەوانەوە کە شتت هەبوو تا ئاماژەی بۆ بکەیت لە زمانەکەدا، دواتر ئەوە وا دەکات زوتر ئەو شتانەت بەبیردا بێتەوە کە ئاماژەی بۆدەکەیت[21]، زیاتر لە شتێك کە وشەی نەبێت بۆ هەمووان تا ئاماژەی بۆ بکات.

### ٣.٦ تواتای بنیاتنانی بیرەکان

هەر تاکێك لە کۆمەڵدا دەتوانێت بیری تازە بنیات بنێت، ئەوە دەبێتە هۆکار لە بوونی جیاوازی سیستێمی بیری زیاتر لە ئەزمونی کەسەکان و دواتر ناوچە، گروپ و نەتەوەش دەگرێتەوە.

(١) ئەوانەی لە ناوچەی شاخاوی و گردۆڵکەدا دەژین زیاتر ئەزموون سەبارەت بە لوتکە و لێژی، سەر و خوار و شاخ لە کەسیتر و ناوچەی تر پەیدا دەکەن، و ئەوانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی کەسەکاندا هەیە، بۆیە دەشێت قسەکەرێکی کورد بڵێ "مەڕەکە لە بناری شاخەکەیە"، ئینگلیز دەڵێ، " the book located the far more end of a table" ، "کتێبەکە لەو پەڕی کۆتایی کورسیەکەیە"، قسەکەری کۆڕا لە بری far end لوتکەی مێز بەکاردەهێنێ، ( Simpson ١٩٩٩). ئەگەر کتێبەکە لە ناوەڕاست بێت قسەکەری کۆڕە دەشێت بڵێت "کتێبەکە لە لێژی مێزەکەیە"، لەبەر ئەوەی منداڵەکانی کۆڕا بە هەمان توانای لێژی گشتیەوە لە دایك دەبن، ژیانی شاخاوی وایان لێدەکات شوێنی شتەکان بە ڕێگەیەك تێبگەن کە جیاوازە لە بیری قسەکەری زمانی ئینگلیزی و کوردی، بۆیە چەندان بیری "دانان و شوێنی" فۆڕم دەکەن، واتە کات و شوێن کاریگەری خۆی هەیە، بنار، گرد، پاڵ، دامێن، خوار، سەر، قەدپاڵ و بۆیە گەرچی قسەکەری نا-کۆڕ هەمان توانای بیریشیان هەبێت، ئەوە جیاوازی ئەزمونی ڕۆڵی خۆی هەیە لە سەر سیستێمی جیاوازی بیری کەسەکان.

(٢) ئەزمون کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بنیاتنانی بیر، بۆ نمونە، بیری front بە واتای "لە پێش، لە بەردەم"، دەشێت وەك ئەزمون لە لەشی کەسەکانەوە وەرگیرابێت، واتە کەسەکە وەك سەنتەر و لەوێوە ئەو "بیر" انە لە دایك ببن، سینگ و سکی کەسەکە(وەك باری پێشەوە) دەبنە بناغە تا لەوێوە بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەوە لە زمانی Hausa بە پێچەوانەوەیە، و دەگوترێت پێشەوەی دەوەنەکە، ئەو لایەی دەوەنەکەیە کە ڕووی دوور لە تۆ دەکات، و لەهەمان ئاستە کە تۆ ڕویتێدەکەیت.

[21] دەگێڕنەوە لە گوندێکی ئەم گوردستانە مەلایەك دەیەوێت نوێژ فێری شوانێك بکات، چەندی دەکرد شوانەکە فێرنەدەبوو و وشەکانی بیرنەدەهاتنەوە، دواتر مەلا هات و بزنەکانی هەر یەکەو بەناوی وشەیەك لە سورەتی فاتیحاوە ناونان، پاش ماوەیەکی کورت هاتەوە تا لە شوانەکە بپرسێتەوە، یەکە یەکە دەیوت کوا فلان و فلان وشە، لەگەڵ هەر وشەیەك شوانەکە ملی بزنی دیاریکراوی دەگرت و دەیگووت ئەوە ئەوەیانە، تەنها دانەیەك مابوو مەلا دەڵێت ئەی کوا فلان، شوانەکە دەڵێت قوربان گورگ خواردی... دەبینی هەرکات وشە ئاماژە بۆشتی بکات کە لە هەست و نەستی ئێمەدا بوونی هەبێت بە ئاسانی بە بیردێتەوە .

(٣) بە لای (١٩٩٩) Simpson هەمان توانای بیری و ئەزمونی تاقیکردنەوە دەتوانێت کاربکاتە سەر بارودۆخەکان کە تیایدا سیستێمی بیری زمانی کۆتاییدێت، ئەو بیرە نیە کە لە سیستێمی زمانی تردا ڕوودەدات. بۆ نمونە، Tahitian وشەی نیە بۆ sadness دڵتەنگی، و وادەردەکەوێت بیری ئەو شتەشیان نەبێت، دەکرێت تەعبیر لە ئەزموونی "خەمباری" بکەنەوە. بەڵام هیچ بیرێکی دیاری یان تێگەیشتنییان بۆ خەمباری نیە.

### ٣.٦ نەریت و تێگەیشتن

جیاوازی لە نێوان سیستێمی بیرەکان ئەوە ناگەیەنێت کە تێگەیشتن و فێربوون – مەحاڵ بێت، بۆیە، ئەوە لە چەند لایەکەوە دەبێت سەرنجی لێبدرێت، بۆ نمونە، لە لایەکەوە، ئێمە لەچەندان شوێندا جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەر زمانەو سیستێمی بیری تایبەت بەخۆی هەیە، بە هەردوو لایەنی جیاواز و لێکچوشەوە، کەواتە کاتێك کەسێك بتوانێت زمانی جیاواز فێربێت، ئەوە واتای ئەوە نیە کە سیستێمی بیری جیاواز نیە، لەلایەکی ترەوە جیاوازی وەرگێڕان و تێگەیشتن ئەوەیە کە یەکەم پێویستی بە نەخشەکێشان و چوونەسەر یەك هەیە، لە زمانێکە بۆ یەکێکی تر، لەبەرئەوە دەشێت هەندێك گرفت ڕوو بدەن کە دەکرێت بەهۆی بەکارهێنانی پارافرێز چارەبکرێت، بۆ نمونە، دەگوترێت "مریشکەکە ڕیقنەیکرد"، ڕیقنەکردن لە کوردیدا تەنها بیری باڵندە لەخۆدەگرێت، ئەوە لەزمانێکی تری وەك سویدی وانیە، بۆیە هەرچی بکەن ئەو واتا سەربارەی کوردی لەسەر ئەو کردەیەی داناوە زەحمەتە ئاوا بۆ سویدی بگوازرێتەوە، دووەم، کردەوەکە کە دوو زمان پێکەوە نابەستێتەوە، بەڵگو تێگەیشتنە لە بیری بەرانبەر و پێویستی بەوەهەیە کە کەسێك بتوانێت بیری تازە دروستبکات و ئەو بیرانەش کە لەزمانی بەرانبەر وەریاندەگرێت هاوتا بکات بە بیری زمانەکەی خۆی، و بە پێی ئەزمونەکەی خۆی دەربڕینەکان گەڵاڵە بکاتەوە لە زمانە نوێیەکەدا.

### ٣.٧ ڕۆڵی زمان لە بیرکردنەوەدا

کاتێك بیر لەڕستەیەکی وەك "سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان گەنجە"، دەکەیتەوە، دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ناوەڕۆك هاوتابێت بە ڕستەکە، ناوەڕۆك بەشێکە لە بیرکردنەوە، وشە تاکەکان واتای فەرهەنگی هەڵدەگرن، ناوەڕۆك بریتیە لە سەرجەم کۆی واتای هەموو وشەکانی دەربڕینەکە، مەرجیش نیە هەموو بیرەکان هاوتا بن بە وشە، واتە مەرج نیە وەکیەکبن، دیارە بیریش هاوتا نیە بە بیروڕا، چونکە بیرەکان هی هەموومانن، بەڵام بیروڕا کەسین، ئەو بیروڕایەی لەلای من هەیە مەرج نیە لەلای تۆ هەبێت، بۆیە، یەکەم دەشێت هەمیشە مەرجی ڕاستی بەخۆوەبگرێت، و دووەم مەرج نیە. پەیوەندی لە نێوان بیرکردنەوە و زمان خەمی فەیلەسوفەکانە کە دەڵێن یان ئەوەتا زمان سەربەخۆیە لە بیرکردنەوە یان ئەوە بیرکردنەوەیە کە پێشنیاری زمان دەکات، بە پێچەوانەوە (٢٠٠٢:٣٨) Jaszezolt باوەڕی وایە کە بیرکردنەوە بەبێ زمان بوونی نیە، و ئەگەر بیرکردنەوە بۆ زمان پێویستبێت، ئەوسا دەبێت ئاژەڵەکانیش بیربکەنەوە.

دەکرێت وا لە بیرکردنەوە بگەین وەك ئەوەی کە بیرکرنەوە قسەکردنە، ئەوەش بێگرفتنیە، بۆ نمونە، چۆن بزانم چ بیرێك لە مێشکی بەرانبەرەکەمدایە، بەبێ قسەکردن، بۆیە ڕەفتاریەکان بیرکردنەوە بە ڕەفتار دەزانن، بەهای هەرشتێك بە هۆی ڕەفتارەکەیەوە دیاریدەکەین، بەڵای ڕەفتاریەکانەوە منداڵ زمان فێردەبێت تا بتوانێت قسەبکات، بۆ نمونە، کاتێك بە منداڵەکەت دەڵێیت "قەڵەمەکەم بۆ بهێنە"، دەشێت بەتەواوی فەرمانەکەت جێبەجێ بکات، بەبێ ئەوەی قسەش بکات، کەواتە، منداڵەکە بیر بۆ بیرکردنەوە بینا دەکات. بەبێ ئەوەی قسەکردن بەرهەم بێنێت، ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت بیربکەیتەوە بێئەوەی توانای قسەکردنیشت

هـەبێت. کەواتـە قسـەکردن سـەرەنجامی بیرکردنەوەیـە وەك لـەوەی ئامێرییبێـت. پەیوەنـدی لـە نێـوان زمـان و بیرکردنـەوەدا بـەکار هێنانەکەیـەتی، بیرێـك بەتـەنها لـە مێشـکدا قـەتیس مابێـت لـە جێگـەی نەبووانـە، کەواتـە قسەکردن ئامێرێکە بۆ بە کۆمەڵایەتی کردن و بە هۆیەوە منـداڵ بـە کۆمەڵگایـەکی دیـاریکراوەوە دەبەسـتێتەوە، برێکیتر باوەڕیان وایە ئەوە زمانە کە ڕێگە بە کۆمەڵگاکـەمان دەدات کـە هەقیقـەتمان فێربکـات و بیرەکانمـان نـاو بنێت، واتە زمان جا بیر، کە لەڕاستیدا ئەوە بەلای ئێمەوە لەشوێنی خۆیدا نیە، بیرکردنەوە خوڵقێنـەری هـەموو داهێنان، پێشکەوتن و چارەسەرکردنی گرفتەکانە.

سەبارەت بە جیاوازی ناولێنان و دانانی زاراوە بۆ شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "هەقیقەتەکان وەك یەك نین بۆ ئەو خەڵکانەی باکگراوندی زمانی دارشتن و بنیاتی جیاوازیان پێشکەشدەکات (worf ١٩٥٦:٢٢٥). بۆیە نابێت دونیابینی کەسێك قەت بە تەواوی وەك دونیابینی کەسێکیتربێت کە لە بارودۆخی جیاو بە ناسنامەی جیا تیایدا دەژین.

(Condillac (١٧٤٦ English transl. ١٧٥٦ part ii لە Schlesinger ١٩٩١:١١ ەوە باوەڕی بە کاریگەری زمان لەسەر کردەی بیرکردنەوەی تاکەکان و ڕەفتاری نیشتمانی هەیە: بۆ نمونە، "... هەر زمانێك ڕەفتاری ئەو خەڵکە پیشاندەدات کە قسەی پێدەکەن"، و وا بیردەکاتەوە کە "زمانەکان تیژبینی تازە دەدەن بە شتەکان، و مێشك فراوان دەکەن بە ڕێژەیی وەك ئەوەی کە زیاتر بێکەم و کوڕیبن"، ئەوانە باوەڕیان وایە کە سەرکەوتنی عەبقەریەت و ڕەسەنایەتی ... بەتەواوی پشت بە گەشەکردنی زمان دەبەستێت، چەند زمان گەشەدار و ڕەوان و توانای لێکدانەوەی دەوروبەری هەبێت ئەوەندەش کەسەکان و نەتەوە بەگشتی لە برەودان، و دەڵێن کە پیاوانی بەتوانا بەلای خۆیانەوە هاوبەشن لە گەشەکردن، و ڕەفتاری زمان بەپێی ئەو خەڵکانە فۆرمکراوە. لە ڕاستیدا، دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە زمانزانی دەبێتە هۆی تیژبینی، چەند زمان بزانی واتای وایە لە چەندێتی و چۆنیەتی زانیاریەکانت ئەوەندە و زیاتریش لە هەڵکشاندایە، بەڵام ئەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە زمان بیرکردنەوە ئاراستە دەکات، ئەوەی ژیان ئاراستە دەکات کەسەکانن، کە بەهۆی بەکارهێنانی بیرکردنەوەوە سەرجەم چالاکیە مێشکیەکان ئەنجامدەدەن، کەسی A و B کە هەردوو لە ناوچەیەك پێکەوە بژین، یەکەم بێتوانا، دووەم بەتوانا لە ڕووی چالاکی مێشکیەوە هەردوو لا هەمان بەرهەم و کاریگەریان نیە با لە ڕووی خۆبەستنەوە بە کۆمەڵگە و هاوبەشی لە گونجاندا هاوتا و هاوڕابن، ئەوە ڕادەی فراوانی و چالاکی مێشکیە کە هاوبەشە لە داهێنانی بیری تازە و زمان پاراوی. لەو بارەوە فەیلەسوف ,Hamman وا بیردەکاتەوە کە ژێری پەیوەستە بەو زمانەی کە قسەی پێدەکەین، جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا هاوتایە بەو جیاوازیانەی لە نێوان ڕێگاکانی بیرکردنەوەدا هەن" دواتر Herder بیرەکانی Hamann گەشە پێداوە و باوەڕی وایە کە ئێمە لە زماندا بیردەکەینەوە: بۆیە "وشەکان زەمینەیەکن کە تیایدا ئێمە بیرکردنەوەکانی خۆمانی تیادا دەبینین" و دەڵێت کولتور بەهۆی زمانەوە لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێتەوە. لە ڕاستیدا، گەرچی زمان هاریکارە لە لێکدانەوە و فراوانکردنی بیر بە هۆی فرەزمانزانی و گواستنەوەی کولتورەوە، بەڵام ئەوە بیکردنەوەیە کە هەندێك بیر لادەبات و هەندێکیتر پەسەند دەکات، کەسەکان وێنەی هونەری بەپێی بیرتیژی و لێهاتویانەوە لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا دەکێشن، ئەگەر هۆکارەکە تەنها زمان بێت، بێبیرکردنەوە ئەو کات دەبێت هەموومان لە ئەو توانایەمان هەبێت، خودی واتا وەك بیر، بنیاتی هەقیقیە، زیاتر لەوەی بابەتی کەسی بێت، و لە ئەزمونەوە فێری دەبین، زمان لە گیانبەبەراکردنی

شتە هاوبەش و ئەزمونی تایبەت بە لەشەکانمان ڕۆڵی خۆی هەیە، هەر بۆیە بابەتە بیریەکان زۆر جار وەك یەك نین، لە کلتوری جیاوازدا، یان تەنانەت بۆ هەموو تاکەکانی لە هەمان کلتوردا.

**٣.٧.١ تاقیکردنەوەی ۆرف سەبارەت بە کاریگەری زمان لەسەر بیکردنەوە**

ووۆرف وەك ئەندازیاری کیمیا لە ئەنجامی کاری ڕۆژانەیدا نمونەیەك دێنێتەوە بە مەبەستی سەلماندنی کاریگەری زمان لەسەر بیرکردنەوە، بۆ نمونە، کاتێك چاودێری کەرەستەکانی کیمیایی کردووە، ئەوە دەبینێت کە دوو ژور بۆ خەزنکردنی بەرمیلە گازەکان دانراون، یەکێکیان بۆ بەرمیلە بەتاڵەکان و ئەوەکەی تر بۆ پڕەکان. دواتر سەرنجی لەوە داوە کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژورەی بەرمیلە بەتاڵەکانی لێن هێشتا ترسی تەقینەوە و سوتان هەیە بەتایبەت بەهۆی ئەو هەڵمەوە کە لە بەرمیلە بەتاڵەکانەوە بەرزدەبێتەوە، بەڵام دەبینێت، کە کرێکارەکان لەو ژورەدا جگەرە دەکێشن نەك لە ژوری بەرمیلە پڕەکان، دواتر ئەوە هەڵدێنجێت کە وشەی "بەتاڵ" بە شێوەیەکی نا-بەئاگاییەوە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر بیری کرێکارەکان و لەوێدا جگەرەیان خواردووە. هەروەها باوەڕی وایە، جیاوازی ڕێزمانی لەنێوان ئەڵمانی و ئینگلیزیدا هەیە، لە وشەی essen بۆ بکەری مرۆڤ و fressen بۆ بکەری نا-ئاژەڵ، بەڵام ڕون نیە کە دەبێت جیاوازی کلتور و بیرکردنەوی ئەڵمانی و ئینگلیزی هەبێت یان نا. کەواتە پێویستنیە جیاوازی زمانی بە زەرورەت ببێتە هۆکار لە جیاوازی لە دونیا بینیدا. دەبێت جیاوازی کلتوری لە نێوان دوو زماندا بە بێئەوەی ببێتە جیاوازی گرنگ لە زمانی قسەکردن لەلایەن دوو کۆمەڵەوە، بۆ نمونە، ئەڵمانی و هەنگاری دوو زمانی جیاوازن بەڵام لە کلتوردا زۆر جیاواز نین، دەبێت وەچە کلتور هەبن، بەجیاوازی بیر و ڕا لەسەر ژیان و تێڕوانینی دەوروبەر، کەچی هێشتا بەهەمان زمان قسەدەکەن. مەلایەك و بێدینێك لە دونیابینی تەواو جیاوازدان بەڵام بەهەمان زمان قسەدەکەن.

**٣.٧.٢ بۆچونی زانایانی تر لەسەر ڕۆڵ و ئەرکی بیرکردنەوە.**

پێناسەیەکی وەك، "لێکۆڵینەوەی زانستی بیرکردنەوەی مێشکی" Salso (١٩٩٨) لە ە (Lund ٢٠٠٤:١)ەوە، ئەو پێناسەیە زۆر لایەن دەگرێتەوە، هەستکردن، گرنگی پێدان، بیرەوەری. زمان و بیرکرنەوە. زمان دوو ئەرکی هەیە، یەکەم گواستنەوە و ڕاگەیاندن، دووەم، سەرپەرشتی و ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانمان. هەندێك بیروڕا لەسەر ئەوەن کە زمان وەك ڕوخسار و بەرگی بیرکردنەوەیە، ئەرکی دەمەتەقێ، ڕاگەیاندن و گۆڕینەوەی بیروباوەڕ دەگرێتەئەستۆ، ڕاستە، زمان بیرکردنەوە دەردەبڕێت، بەڵام دەبێت ئەو هەقیقەتەش لەبەرچاوبگرین کە بیرکرنەوە پێشتر لە مێشك و بیر و هۆشی کەسەکاندا هەیە، پێش ئەوەی بە هۆی زمانەوە دەربڕدرێت. لەسەردەمەکانی کۆندا، یەکەم جار ئەرستۆ لە (De Interpretatione١٦a) لە (I. M. Schlesinger ١٩٩١:٨)ەوە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە زمان بیرکردنەوە دەردەبڕێت کە دەشێت پێش ناردنی وەك نامە بۆ کەسی بەرانبەری لە زمانەکەدا هەبووبێت، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنانەت "ئەو وشانەی بە قسە دەردەبڕێن ڕەمزی ئەزمونی ژیرین و ئەو وشانەش بە نوسین دەردەبڕێن ڕەمزن بۆ وشە بەقسەدەربڕاوەکان و ئەزمونی ژیرین، کە ڕاستەوخۆ بەڕەمزکراون، ئەوانە بۆ هەموان هەمان شتن " زۆر کەس زمان وا دەبینن وەك ئەوەی خوڵقێنەری هۆکار و ژیری و دەمەتەقێبێت. "تاقە ئەرك و وەزیفەی زمان بەردەوامیە لەسەر دەربڕینی بیرکردنەوە" (Brown:٧٤)، بیرکردنەوە کە تەنها هەر لە مێشکی کەسەکاندا قەتیس مابێت وەك نەبوو وایە، ئەوە زمانە فۆڕم بە بیرکردنەوەکان دەدات. لەسەدەی نۆزدەدا، فەیلەسوف (١٨٧٥:٣٠) Whitney ئەوە دەبینێت کە زمان "هۆکاری دەربڕینی بیرکردنەوەیە... زمانی بەدەست هاتوو شتێکە فەرزکراوە کە بەبێ ئەوەی لەسەر

ڕێباز و سەرەنجامی کردەوەیی مێشکی ... لە کاتێکدا کارکردن بە زمان، مێشك لەژێر ئەودا کاردەکات، گۆڕین و تەبەنبکردنی، گۆڕین و گەشەکردنی پۆلێنکردنەکانی، کارکردن بە زانیاری تازە و تێگەیشتنی باشترن"، هەموو ئەوانە ئەوە دەگەیەنن کە دەکرێت زمان وەك فۆڕم و بەرگی بیرکردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

### ٣.٧.٣ زمان وەك دەفری بیرکردنەوە

(Sapir (١٩٢١:١٥ لە ) (I. M. Schlesinger ١٩٩١:٨ پرسیاری ئەوە دەکات "ئەگەر زمان زۆر بەرگ نەبێت وەك ڕێگای ئامادەکراو یان درز و قڵیش دەبێت چی بێت؟" ئەو تێڕوانینانە دەچنە ژێر نامەی یەکەم و لە هەموو بیرکردنەوەکان لە زمانـدا بەردەوامن. ئیفلاتون لە (Sophist ٢٦٤-٢٦٣) دا ئەوە دیاریدەکات کە بیرکردنەوە و قسەکردن هەمان شت نین. لەگەڵ ئەو هەڵاواردنەی پێیدەوترێت بیرکردنەوە، ئەوە نەریتێکی دەرنەبڕدراوی گیانە" نۆمینالیستەکان[22] هەمان باوەڕیان هەیە سەبارەت بە بیرکردنەوە، و جەخت لەسەر هەموو بیرکان دەکەنەوە– "بیرە گشتیەکان". ئەوانە وای بۆدەچن کە هیچ ڕاستیەکیترنیە زیاتر لەو ناوانەی دەدرێن بە تێگەیشتنەکان(واتە بۆ کۆنسێپتەکان دادەنرێن). هەر لەبەرئەوەیە (Thomas Hobbes (١٦٧٩-١٥٨٨-٢١ لە (Schlesinger ١٩٩١:٩ ئەوە دیاری دەکات کە لە "جیهانی گشتیدا هیچ شتێکی تر نیە – بەڵام ناوەکان" — و "بەبێ ناوەکان هیچ لێدوانێکی گشتی نیە کە بتوانرێت بنیاتبنرێت". Leibnitz Wilhelm (١٦٩٠-١٦٤٦) وای بۆدەچێت کە زمان یاریدەدەری بیرکردنەوەیە، Humboldt وا بیردەکاتەوە کە "بیرکردنەوە ئۆرگان بنیات دەنێت" و نوسەرێکی ئەڵەمانی بەناوی (Henrich von Kleist (١٨١١-١٧٧٧ لە نوسینەکەیدا بە ناوی " خولقاندنی لەسەرخۆی بیرکردنەوەکان بەهۆی قسەکردنەوە" و وەسفێکی لەبار سەبارەت بەوەی چۆن بیرکردنەوەکان شێوە وەردەگرن لە مەودای دەربڕینەکانیاندا"، تێڕوانینی وەك یەکی زمان و بیرکردنەوە لەلای فەیلەسوف (Friedrich Max Muller (١٩٨٨:٨٤-٨٥ گەڵاڵەدەبێت و دەنوسێت "ناگونجاوێتی بوونی بیرکردنەوە بەجیا لە زمان"، ئەوانە "دوو ناوی هەمان شتن لە ژێر دوو ڕوخساردا"، چونکە بیرکردنەوە تەنها قسەکردنە بەبێدەنگ"، دی سۆسەر (١٩٥٩) یەکەم بڵاوکردنەوەکەی کاریگەری لەسەر سەدەی بیستەمدا دانا سەبارەت بە ڕۆڵی زمان لەسەر بیرکردنەوە و دەنوسێت " بەبێ زمان، بیرکردنەوە ئاڵۆز و نادیارە، لەسەر نەخشە وەك کۆمەڵە ئەستێرە یان تەنکە هەوور دەردەکەوێت، پێش دەرکەوتنی زمان هیچ بیرێکی پێشوەخت و هیچ شتێك بەڕونی دیاریکراو و ڕون نیە". لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تێڕوانینەکان بەربڵاون و تەنها چالاکی بیری بەخۆوە ناگرن، بەڵکە هەموو چالاکیەکی سروشتی(زانین بە زگماك) زمانین. ئەوەش لەکارەکانی (Frege (١٨٤٨-١٩٢٥ دا دەردەکەوێت. لەو بارەیەوە (Wittgenstein (١٩٦١:١٩٢١ دەڵێت، سنوردانان بۆ زمانەکەم واتای سنوردانانە بۆ دەوروبەرەکەم"، بەلای (Vygotsky (١٩٦٢:١٢٥ "بیرکردنەوە تەنها لە وشەکاندا دەرنابڕدرێت، ئەوە دێتە ئاراوە لە مەودای ئەوانەوە".

زۆریتر لە فەیلوسوفەکان قسەیان لەسەر "چۆن زمان کار لە بیرەکانمان دەکات"، کردووە، چەندان خاڵیان لەو بوارەوە دەستنیشان کردووە، کە ئێمە پوختەی ئەوانە لێرەو لەوێوە دەخەینە پێش چاو، بۆ نمونە، هەندێك دەڵێن ئەو ئەزمونەی کار لە بیرەکانمان دەکات ئەوە بە پلەی یەکەم ئەزمون و شارەزایی زمانین، فەلسەفەی

[22] ئەوە فەلسەفەیەکە دەڵێت، بیروباوەڕی ڕوت تەنها لە مێشکدا هەن و هەر بەناوو بوونی ڕاستەقینەیان نیە (قاموسی ئازادی ( ٢٠٠٦:٦٢٧).

ناچاری ... بیرەکانی لەسەر ئەوەن کە کردەوەی مرۆڤ ناچاریە، واتە بەدەست خۆینیە، و بۆی بڕاوەتەوە لە ئەنجامی گەلێك هۆکار کە دەسەلاتی بەسەریاندا نیە. بۆیە کە ئەو فەلسەفەیە ڕاستبێت ئەو کات ئەوە دەگەیەنرێت، کە زمانەکەمان تەنها چوارچێوەیەکی وامان دەدەنێ کە لە ناویدا دەتوانین بیربکەینەوە. بەو پێیە نابێت لەو چوارچێوە دەربچی. دیارە، بەلای کەسانی سەر بەو بیرەوە، ئەوەی وایان لێدەکات ئەو تێڕوانینە پەسەندبکەن، ئەوەیە کە گرنگی تەواو دەدەن بە ڕێزمان زیاتر لە زاراوەسازی، کەواتە ڕێزمانی زمانە جیاوازەکان دەتوانن واتای جیاواز دەربڕن. گریمانەکە بەتاڵە ئەگەر وا بیربکەینەوە کە زمانە جیاوازەکان تەنها کۆدی جیاوازن بۆ دەربڕینی هەمان زنجیرە واتا. واتاکان بەهۆی شێوەی ڕێزمانیەوە دەردەبڕدرێن و دەتوانن جیاوازبن تا ڕادەیەکی زۆر، بەپێی ساپیر: دوو زمان دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر باش لەیەك بچن تا وا بە بیری خۆتا بێنیت وەك ئەوەی هەمان هەقیقەتی کۆمەڵایەتی پێشکەشدەکەن، ئەو دونیایەی کە تیایدا کۆمەڵگەی جیاواز دەژین، دونیای جیاوازن، نەك تەنها هەمان دونیا بە جیاوازی ناونیشانی پێوەبەستراوەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە ساپیر بە تەواوی لەگەڵ فەلسەفەی ناچاری زمانی بێخەوشدا نیە، لەو بارەوە دەڵێت: ئەوە کارێکی ساویلکانەیە وا بیربکەینەوە کە لێکدانەوەی هەر ئەزمون/شارەزاییەك پشت بە نمونەیەك ببەستێت کە لە زماندا دەردەبڕدرێت؟.

**٣.٧.٢ بیرکردنەوەی پێش زمان**

Augustine باوەڕی وایە کە زمان تەنها ناونیشانێکە بۆ ئەو بیرانەی کە لە پێشەوە هەبوون، کەسانی تر وای دەبینن کە زمان سەرپۆشێکە هەقیقەت و ڕاستیە هەمیشەییەکان دادەپۆشێ، Hudson دەڵێت، دەشێت بیری جۆری شتەکانمان هەبێت کە لەدوکانی جەریدە فرۆشەکەدایە بەبێ ئەوەی وشەمان هەبێت بۆیان، نمونەیەك لەوانە، کاتێك دایك دەڵێت: "دڵەکەم دەرگاکە دابخە تا مێشولە نەیەنە ناوەوە"، منداڵ بۆ: "مێشولە میکرۆب لە گەڵ خۆیان دەهێننە ژورێ"، منداڵ: ئەرێ "میرکۆب" چیە؟، دایك: ئەوەیە کە "مێشولە یاری لەگەڵ دەکات"، ئەمە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکەم، منداڵ گوێی لە وشە دەبێت و دواتر بیر بنیات دەنێت. منداڵەکە باش بیردەکاتەوە تا بەشێوەیەکی ناگونجاو تا ئەوە بخەملێنێت کە چ جۆرە بیرێکی گونجاو دەبێت ببێت. دووەم: منالەکە بیردەکاتەوە، تا دوو بیر لەیەك جیابکاتەوە یەکەم "میشولە" دووەم "میکرۆب" کە هەردوو پێکەوە بەهۆی بیرێکی تری وەك "یاریکردن"، پێکەوە دەبەسترێنەوە و لە بیرو هۆشی منداڵەکەدا سێکوچکەیەك پێکدەهێنن.

**٤.٠ زمان و کولتور و ڕەنگدانەوەیان لە دونیابینی کوردی، ئینگلیزی و سویدیەوە.**

**٤.١ مەسەلەی وەرگێڕان و ڕێژەکاری زمانی**

(١) بە پێی ئەو لێکدانەوانانەی لە بەشەکانی پێشەوە خراونەتە ڕوو، دەنگێکی وا بەرزدەبێتەوە کە ئەگەر دوو زمان لە بنچینەوە سیستێمی بیری جیاوازیان هەبێت، دەبینی کە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕێیتێناچێت، هەرنا ناتوانێت وشەی کتومت بەهەمان واتا لە زمانی بەرانبەردا بدۆزیتەوە، بەپێی ئەو بۆچونە سویدی و ئینگلیزی ناتوانن وشەی گونجاو بەهەمان تێڕوانینی لۆجیکی بۆ دەربڕینە کوردیەکە لە زمانەکەی خۆیاندا بدۆزنەوە، دیارە ئەو گرفتە و دەبێت لە دوو لاوە سەرنجی لێبدرێت، یەکەم کاتێك وشەیەکی سادە بۆ بیرێکی تاك بەپێی دونیابینی قسەکەری کوردی بەکار دەهێنرێت دەبینی بەهەمان تێڕوانین بۆ

قسەکەری سویدی یان ئینگلیزی زەحمەتە، بۆ نمونە، " سـەگەکە تـۆپی"، بـەکار هێنـانی "تـوپی" لـە بەرانبـەری "مردن، واتـە die لـە ئینگلیـزی و dog لـە سـویدیدا نایەتـەوە، بـەڵکو لێـرەدا واتایـەکی تـری سـەربار بـە پێـی دونیابینی و کولتوری پەیڕەو لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵگرتووە، کە زیاد لە کردەی لە دونیادەرچوونە، بۆ نمونە، واتای سەربار تێڕوانینی کوردە، ئـەوەش بەسـوك سـەیرکردنی ئـەو ئاژەڵەیـە، واتـە پێـی ڕەوانابینرێـت هاوتـا بـە مرۆژەکان، تەنانەت بە ئاژەڵەکانی تری وەك مانگایش، وشەی "مردن یـان منداربوونـەوە"ی بـۆ بـەکار بهێنرێـت، بۆیە بە تەنها بەکارهێنانی وشەی "die"ناتوانرێت واتا سەربارەکە بۆ ئەو زمانـە بگوازرێتـەوە. بـەڵکو لـە کـاتی وەرگێڕانـدا هاوکێشـەیەکی وەك "واتـای کرۆکـی دەربڕینەکـە + واتـای سـەربار" دەردەچـێت، کـە لـەو بارانـەدا دەتوانرێـت ئـەوە بگوترێـت کـە ئـەوە لەلایەکـەوە لاوازی زمانـە لـە بەیەکگەیانـدنی دوو دنیـابینی جیـاواز وەك ڕەنگدانەوە و لەژێرکاریگـەری دووو کولتـوری جیـاواز، و لـە لایەکـەی تـرەوە بەدەسـەڵاتی کلتـور پیشاندەدات، لـە چۆنیەتی وەسفکردنی بارودۆخەکان بەو تێڕوانینە جیاوازە کـە زمـان لـە بەرانبەریـدا بێدەسـەڵاتە لـە گەیانـدنی هەردوو واتای سیمانتیکی و ناوەڕۆکی دەربڕینەکە بۆ زمانی بەرانبەر، لە هەمان کاتیشدا لەبەرئـەوەی دونیـابینی قسەپێکەرەکانی زمانی بەرانبـەر جیاوازە، زمانەکـەیان بەهـەمان شـێوە بێدەسسـەڵاتە لـە گواسـتنەوەی ئـەو بـاری سەرنجە. هێشتا بەلای ئێمەوە، ئەوە دووبارە، ئەوە ناگەیەنێت کە وەرگێـڕان زەحمـەتێکی ئەوەنـدە گەورەیـە کـە لـە نێـوان زمانـەکانی دونیـادا لـە بـابی نەبوونـدابێت. بـە واتـای ئـەوەی جیـاوازی لـە سیسـتێمی بیرەکـان ئـەوە ناگەیەنێت کە تێگەیشتن و فێربوون موستەحیل بێت. هەر وەك چۆن ئەگەر کەسـێك تـوانی زمـانی جیـاواز فێـر بێت، واتای ئەوە نیە کە ئەو زمانە سیستێمی بیری جیاوازی نیە. لەلایەکی ترەوە، بـە تێپـەڕبوونی کـات، دەبێـت، کەسێك وا بیربکاتەوە، کە وەرگێڕان زەحمەتە ئەگەر لە ڕێی نەبونیشدا نەبێت، بەو پێیە کەسەکان نـاتوانن جگـە لە زمانەکەی خۆیان لە زمانێتر بگەن. دەشێت ئـەوەش بگەڕێنینـەوە بـۆ ئـەوەی کـە هـەر زمانـە سیسـتێمی بـیری جیاوازی هەیە، بەرانبەر بەو ڕایانەی سەرەوە دەگوترێت، لەبەرئەوە کەسەکان دەتوانن زمانێتر فێر ببن، دەشـێت ئـەو زمانانـە سیسـتێمی بـیری جیاوازیـان نـەبێت. کەواتـە (ا) وەرگێـڕان پێویسـتی بـە نەخشەکێشـان واتـە چـونە سەریەك لە زمانێکەوە بـۆ یـەکێکیتر هەیـە، بـەڵام، (ب) ڕایـەکیتر لەسـەر ئەوەیـە کـە تێگەیشـتن پێویسـتی بـەوە هەیە، کە کەسێك بتوانێت بیری تازە بخوڵقێنێت و ئەو بیرانە هاوتا بکات هەم بە ئەزمونەکەی خۆی و هـەم بـە دەربڕینەکان لە زمانە نوێیەکەدا.

(٢) زۆر کەس و زمانەوان سەبارەت بە کاریگەری و دونیـابینی لەسـەر زمـان قسـەیان کـردووە، بـۆ نمونـە، Boroditsky و چەند گرفتێك پیشان دەدات، لەوانە، دەڵێت، هەموو دەزانین وشەی "هەمان شت- the same " لە ئینگلیزیدا چ بیرێك دەگەیەنێت، بەڵام ئایا وەرگێڕانی بۆ زمـانێکی تـر هـەمان بـیر دەگەیـەنێت، بـۆ نمونـە، "هەمان شت، چونەسەریەك-identical"، دەشێت لە زمانێکیتردا، زۆر لێك-چووthe most similar " بێت. Carrol Casagrande (١٩٥٨) بەراوردی جیاوازی لە نێوان فۆڕم و شێوە لە ئینگلیزیدا دەکات، دەبینێت، کـە لـە ناڤـاهو سـترێس دەخرێتـەر سـەر فـۆڕم و شـێوە، چـونکە زۆر "کـار" شـێوەکەیان دەگـۆڕدرێت بـەپێی شـێوەی شتەکە، بەو جۆرە کۆتای کارێکی وەك "to carry-گواستنەوە"، دەگۆڕدرێـت، کاتێـك ئـەو شـتەی دەگوازرێتـەوە، درێژ و ڕەق بێت (وەك گۆچان)، درێژ و نەرم (وەك پەت) ڕێك و تەخت، (وەك کاغەز)، ئەو جەختکردنەوەیە لە کـوردی و ئینگلیزیـدا نییـە. گـرفتێکیتر لـە فێربـوون و وەرگێڕانـی زمـانێکی تـردا، ئـەوە لـە زانـینی واتـای ئیدیۆمەکانە، وەرگێڕانی پیتی نامان گەیەنێتە سەرەنجام، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە واتـای سـەرجەمی

ئیدیۆمەکان لە کۆی واتای فەرنگی وشەکانیەوە نەهاتووە، بەڵکو دووبارە واتای سەربار لەوێشدا لە ژێر کاریگەری دونیابینی قسەکەرەکانی کوردیدایە، یان زمانی ژێر لێکۆڵینەوەدایە، چونکە هەر نەتەوەیەك و بەپێی دونیابینی خۆیان واتا دەدەنە دەربڕینەکە، بۆ نمونە، لە زمانی ئینگلیزیدا دەگوترێت، " it is raining cats and dogs" ئەگەر بۆ کوردی وەربگێڕدرێت، دەگوترێت "سەگ و پشیلە دەبارێت"، هەروەك چۆن لەکوردیدا ئیدێمی "شەڕ لەبەتاڵی باشترە" بە پێی دونیابینی قسەکەرەکانی ئینگلیزی و سویدییەوە تەواو ناوێزەیە، تاکە ڕێگەیەك بۆ گەیاندنی واتای مەبەستدار ئەوە بە ڕێگەی لێکدانەوە و پارافرێزەوەیە. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن بیری یەکتر وەربگرین، لە ڕێگەی پرافرێزەوە یان وەك (١٩٥٣:٩٠) Fruer لە (٢٠ :١٩٥٣ Schlesinger ەوە دەڵێت "هەموو زمانێك خۆی ئامێری گونجاوی پێویست فەرزدەکات تا واتای تازە بگوازێتەوەوە". ڕێگایەکی تر بریتیە لە گەشەکردنی سیمانتیکی تێکەڵاو بە مەبەستی تێگەیشتن لە بەرهەمی بیر و کولتوری یەکتر، و دەرچون لە سنوری سیستێمی سیمانتیکی تەسکی زمانێکی دیاری کراو، کە هۆکارە بۆ وەرگرتنی جەوهەری ئەو شتەی لە زمانی بەرانبەردا گوێیان لێدەبێت، تا لە زمانەکی خۆیاندا دایبڕێژنەوە.

**٤.٢ لایەنەکانی کولتوری و کۆمەڵایەتی زمان**

جیاوازی لە بەکارهێنانی زمان لەناو کولتورێکدا، ئەوە پیشان دەدات کە قسەکردنەکانمان ڕەنگدانەوی کولتور و بناغەی کۆمەڵایەتیەکەمانن. زمان لە ژێر کاریگەری زنجیرەیەك هۆکار دایە، بۆ نمونە، پۆل، ڕەگەز، ڕەچەڵەك، توخم، و ناوچەی جوغرافی و هەروەها. لە ناو زوربەی زۆری نەتەوەکاندا بەکارهێنانی زمان لەسەر هەمان ئاستدا ناڕوات، واتە ئەو زمانەی قسەکەرەکان بەکاری دەهێنن لە گۆڕاندایە بەپێی دەوروبەر، قسەکردنی کولتوری نێوان ئاغا و جوتیار، ئەفسەر و سەرباز، و کاسبکاری ناو بازار و کەسێکی خوێندەوار و هەروەها. زانای کۆمەڵناسی بەریتانی بیرنشتاین (١٩٦١ و ١٩٧١) دەڵێت، منداڵی چینی-کارکەر و چینی-ناوەڕاست زمانی جیاواز بەکاردەهێنن، کەواتە کولتور زمان ئاراستە دەکات نەك بە پێچەوانەوە، یەکەم ڕستەی کورت و فۆڕمی ڕێزمانی سادە بەکاردەهێنن، ڕاناو زیاتر لە ناو بەکاردەهێنن، بۆیە لەلای ئەوانە کۆدی سنوردارکراو پابەندبوونی دەقییە، واتە دەربڕینەکان پابەندی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەن، کە تیایدا دەژین، دووەمیان ڕستەی درێژ و ڕێزمانی ئاڵۆز، ئاوەڵنا لە ڕستەکاندا بەکاردەهێنن. بەلای لاکۆفەوە پیاوەکان زیاتر وشەی جوێنی بەهێز یان وشەیەك کە واتای نییە تەنها بۆ بەکارهێنانەکەی زیاتر لە چینەکانی تر بەکاردەهێنن. Boas لکاندنی هۆکاری لە نێوان زمان و کلتور ڕەتدەکاتەوە، و دەڵێت، دەشێت نەریتی قسەکەر و بیرکردنەوە لە زمانێکی دیاریکراودا کاریگەری لەسەر کلتوری زمانی گروپ هەبێت، ئەو بیرە بۆ تیۆری Linguistic relativity دەگەڕێتەوە.

زوربەی زاناکان لەسەر ئەوەن کە هەرسێك، زمان، کلتور و بیرکردنەوە پێکەوە گەشە دەکەن. زمان و کولتور لەوەدا هاوتان کە سەر بە کێڵگەی زانستی نیشانەسازین، بۆ نمونە، دەنگی مانگا واتای مانگا لەخۆدەگرێت، نیشانەی کولتوری، بۆ نمونە، فۆڕمی کلتوری لە "تاج لەسەرکردن" واتای کولتوری بریتیە لە بوون بە پادشا. بۆیە کولتور جۆرێکە لە زمان. جۆرێکی تر لە هاوتایی لە نێوان کولتور و سیستێمی زمان ئەویە، کە هەردوکیان سیستێمی پەیڕەوکردنن. هەردوو لا دەستەیەکن لە ڕێبازی پەیڕەویکراو سەبارەت بەکردنی شتێك، شتێك بنیاتدەنرێت، درێژەیان پێدەدرێت لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا سەرهەڵدەدەن. جیاوازیەکان لە کلتوری قسەکردنیشدا هەن، بۆ نمونە، لە هەندێك کلتور سیستێمی بەکار هێنانی ناوی یەکەم یان ناوی کۆتایی لەکاتی بانگکردندا بەکاردەهێنن، یان نازناو، "دکتۆر، خان، خانم، بەگ و گەورەم"، بەکاردەهێنرێت، بە پێی کلتور

قسەکان ئاراستەدەکرێن، بۆ نمونە، زمانێك بۆ "گەنج، پیر"، بەکاردەهێنن، و زۆر لە دانیشتوانی ئوسترالیا بەپێی کلتورەکەیان حەرامە قسە دژ بە خزمی ژن بوترێت، و لە هەندێکی تردا قسە ڕاستەوخۆ ئاراستەی منداڵ ناکرێت، بەلای Kant ەوە زمان دانەیەکە لەو چەندان ئامێرەی لەلایەن مرۆڤەوە بەکار دەهێنرێت تا ئەزمون وەرگرێت و شارەزای دونیا بێت، Hambuldt دەڵێت زمان چوارچێوەی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە بەرهەم دێنێت وەك جۆرێك لە دیالۆگی ناوەوە و ڕێزمانیش بەکاردەهێنن وەك بیرکردنەوەکانی زمانی زگماکی. لە لایەکی ترەوە زمان و کلتور لەوەدا یەکدەگرنەوە کە هەردوو لا ڕەفتارین، بە هۆی ڕەفتارەوە ناسنامەی کەسی بەرانبەر دەزانرێت، لەبەرنبەریشدا بەهۆی ڕەفتاری فیزیکی کەسەکانەوە جۆریك لە کولتور و دونیابینیان دەزانرێت، دەزانم کەسێك سەر بە چ کلتورێکە کاتێك دەبینم نوێژ دەکات، کەسێکیش دەچێتە کەنیسە ئەوە سەربە کلتورێکی ترە، هەردوو لا (واتە زمان و کلتور) لەڕێگەی لاسایی و چاندنەوە لە جیلێکەوە بۆ یەکێکیتر (بە کەمێك گۆڕانکاریەوە) دەگواسرێنەوە. کولتور و زمان دەستەیەکن لە نمونەی قسەکردن یان کولتوری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراون، بۆ نمونە، کولتوری کوردی سەبارەت هاوبەشی ئافرەت لە کاری ڕۆژانە، جۆری بەکارهێنانی زمانەکە و هەموو ئەو خەڵکانەی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن. ئەوە دواتر دەبنە خاڵ: کولتوریش بەهەمان شێوە تا ڕادەیەك و لە هەندێك ڕەفتاردا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان چینەکاندا دەکێشێت، دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە لە کولتور و زمانیشدا دەبێتە کلتور و زمانی هاوبەشی هەمووان.

**٤.٣ ناو لێنان بەپێی دونیابینی کەسەکانە و هاوتایە بەو هەقیقەتەی ئاماژەی بۆ دەکەن**

جیاوازی لەنێوان زمانەکاندا تەنها لەڕوی بابەت و مادەی فەلسەفییەوە نییە، بەڵکو لەو ڕێگایەشەوەیە کە هەر زمانێك بارودۆخی دیارکراوی دەوروبەری خۆی دەردەبڕێت و ملکەچی جۆری دنیابینی قسەپێکەرەکانیەتی، بۆ نمونە هۆکاری جیاوازی لە ناولێنان و دانانی زاراوە بۆ شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "هەقیقەتەکان وەك یەك نین بۆ ئەو خەڵکانەی پاشخانی زمانیان، دارشتن و بنیاتی جیاوازیان پێشکەشدەکات (١٩٥٦:٢٢٥) worf لە (Macnamara ١٩٩١:٤٥) ەوە. بارودۆخی هاوبەش و تایبەت، ئاین، هاوبەشی ئابوری و .... کاردەکەنە سەر دونیابینی کەسەکان، بۆیە ئەگەر ئەوەی وترا ڕاست بێت، ئەوسا پرسیارێك سەرهەڵ دەدات، بۆ نمونە، دەبێت قسەکەری دەوروبەرێکی دیاریکراو بتوانن دونیابینی دەوروبەری قسەکەری تری دوور لە زمانەکەی خۆیان لێکبدەنەوە، واتە وەك ئەوانەی تر کە بە ناسنامەوە تیایدا دەژین. لە ڕاستیدا سەرنجدانی تاقیکردنەوەیی دەتوانێت پەردە لەسەر هەندێك جیاوازی لە نێوان سیستێمە سیمانتیکیەکانی دوو زماندا لابدات، بۆ نمونە، دەکرێت ئەو جیاوازیانە لە نێوان زمانەکاندا هەریەکەو بەپێی دونیابینیەکەی خۆی بەدی بکەیت، بۆ نمونە،

(١) لە زمانی ئەوروپی و کوردیشدا، بیرەکانی وەك"شەپۆل waves، شەرارە spark، مستەکۆڵە-fists " وەك ناو ڕوودەدەن بەڵام وەك کار لە زمانە هیندیە ئەمەریکیەکاندا. وۆرف دەڵێت ئەو وشانە نیوە-هەمیشەیین، لە کاتێکدا لە زمانە هیندیەکان وەك ئەوەی کردەوەی کاتیین وایە.

(٢) جیاوازی زمانیی کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو هاوتایە بەو هەقیقەتەی ئاماژەی بۆ دەکەن، بۆ نمونە، لە زمانە جیاوازەکاندا بیرە بنەڕەتی و بنچینەییەکان بە هەمان شێوە دەرنابڕدرێن، کە پێی دەگوترێت سیمانتیکی هاوڕێژەیی یان حەتمەیەت. ئینگلیزی وشەی هەیە بۆ "فەرش" بەڵام فەرەنسی نیەتی، بە هەمان شێوە کوردی "بەڕە، پەستەك و لبادی" هەیە، دەشێت لە زمانێکی تردا نەبێت، بۆیە زمانەکان ڕێگای جیاواز دەگرنەبەر بە مەبەستی باسکردنی بارودۆخەکان و لکاندنی زنجیرەیەکی زۆر بنەڕەت لە پێکهێنەرەکان، بەپێی دونیابینی و

واقیعی دەوروبەر، دەبینی کاری "eat" لە زمانی ئینگلیزی، کوردی، و سویدی هەردوو بیری ئادەمیزاد و ئاژەڵ لەخۆ دەگرێت، "دەگوترێت منداڵەکەلە/سەگەکە ... نانەکەی خوارد"، لە کاتێکدا لە زمانی ئەڵەمانی، لە یەکەمدا "essen"بیری ئادەمیزاد و لە دووەمدا "fressen"بیری ئاژەڵ لەخۆدەگرێت، لە کوردی و ئینگلیزی فۆڕمی (خواردن) (مرۆڤ و ئاژەڵ) + (خواردن)، لە کاتێکدا لە ئەڵەمانیدا "خواردن، فۆڕمی (مرۆڤ + خواردن) و (ئاژەڵ + خواردن) وەردەگرێت. واتە هەمان کاری "خواردن بەهەمان فۆڕم و ناوەرۆك بۆ هەردوو مرۆڤ و ئاژەڵ بەکارنایەت، لە زمانی ئەڵەمانیدا ئەگەر بکەری "eat خواردن" ئادەمیزاد بێ، وشەی "essen" بەکار دەهێنرێت. ئەگەر بکەری کاری "eat" ئاژەڵ بێت، ئەوە وشەی fressen بەکار دەهێنرێت. کەواتە ئەڵەمانی بیرێکی باوی بنجی بەکاردەهێنێت بە ڕێگەیەك کە لە کوردیدا ناڕوات. بۆ نمونە، "essen" تەنها بیری ئادەمیزاد و "fressen" بیری ئاژەڵ بەخۆوە دەگرێ.

(٣) بەلای زانایانی زمانەوە هەر زمانێك تەنها بەشێك لە بیری تەواو کە لە مێشکیاندایە دەریدەبڕن، و لایەنگیریەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ڕوخساری وێنەی مێشکی کە بە هۆی دەربڕینی بیرکردنەوەوە دەگواسترێتەوە. Franz Boas سەبارەت بە دنیابینی هەندێك کەس لە ناوچەی جیاوازدا بە شێوەیەکی جیاواز بۆ هەمان ناوەرۆك پیشان دەدات، بۆ نمونە، دنیابینی جیاواز بۆ دەربڕینی ڕستەیەکی وەك "the man is sick پیاوەکە نەخۆشە" لە زمانەکاندا ئەو ڕستەیە بەهەمان واتا ناڕوات، بۆ نمونە، لە Siouan دا، دەکرێت کەسێك (کە دەربڕینەکە دەردەبڕێت) بە شێوەیەکی ڕێزمانی جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئایا پیاوەکە "دەجولێت، یان لە ئیسراحەتدایە". لە Kwakiut دا دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئایا ئەو پیاوەی باسی لێوەکراوە، دەتوانرێت لە لایەن قسەکەرەوە ببینرێت یان نا. نزیکە لە قسەکەر و گوێگر، یان لە کەسی سێیەمەوە. لە Eskimo دا کەسێك دەتوانێت بڵێت "man sick"بەبێ ئەوەی دیاریکردنەکە ئیجباریبێت، یان جەخت لەسەر توانای بینین یان دیاریکردنی جێگە بکاتەوە، لە ئیسپانیدا، کەسێك دەتوانێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە ئایا "پیاوەکە" بە شێوەیەکی کاتی یان بەردەوام نەخۆشە و لە زمانە ئەوروپیەکاندا، کەسێك ناتووانێت جەخت لەسەر دیاریکردن، دوور لە ڕەگەز بکاتەوە، هەموو ئەوانەی باسکران ،کاریگەری کلتور پیشان دەدەن.

(٤) زمانەکان زاراوەی جیاواز و گونجاویان هەیە بۆ ئەرکی بیرکردنەوەیەکی تایبەت، بەڵام نەریت دەبێتە هۆکار و وامان لێدەکات کە ڕێگەیەك بۆ بیرکردنەوەی زمانی هەڵبژێرین و بەسەر ڕێگەیەکی تردا فەزلی بدەین، بۆ نمونە، هەڵوێستە لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە سەبارەت بە شوێنی شتەکان پەیوەست بە خاڵێك یان شوێنێکی دیاریکراوەوە بکە، کە دەشێت لە سەرتاوە لە لەشی کەسەکانەوە دەستپێبکات، وەك "چەق" وەردەگرێت، بۆ نمونە، ئینگلیزی زاراوەکانی left and right هەڵدەبژێرێت، بۆ نمونە، "کوپەکە لەلای دەستە ڕاستی دەوریەکەوەیە لەسەر کورسیەکە" لە زمانی تردا خەڵکەکان زاراوەی north, south, east, and wes واتە سەرو، خوارو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەکاردەهێنن. جیاوازی دووەم: لە زمانی "مایان"دا، قسەپێکەرەکانی ئیجبار دەکات کە لەگەڵ ناوی زیندەوەرەکان، "مرۆڤ، و ئاژەڵ" نیشانەی کۆ زیاتر لە نا-زیندەوەرەکان، بۆ نمونە درەخت، چەکوش، کورسی و ... بەکاربهێنن.

**٤.٤ کلتوره جیاوازەکان بە ڕێگەی جیاواز لە دونیا دەگەن**

**٤.٤.١ کولتور لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا یەکسانە بە دونیا بینی کەسەکانی.**

بێشك ئەو ڕێگایەی، کە لەگەڵ کاتدا مامەڵە لەگەڵ کولتوری کوردیدا دەکرێت کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە سەر هەردوو زمان و بیرکردنەوەش. کەواتە زمان، کلتور و بیرکردنەوە لە سێ ڕۆخەوە، کە تیایدا هەر یەك لەوانە کاردەکەنە سەر یەك یەکدەگرنەوە. بیرەکان هەموو لەسەر یەك ئاست نین، پێشتر زانایانی مرۆڤناس بە شوێن ئەو تیۆریەوە بوون کە زمان ڕەفتاری خەڵکەکە دیاریدەکات، ئەوە گۆڕانکاریەکی بەسەرداهات، کاتێك، کە Coddillac لە (Schesinger ۱۹۹۱:۱۱) ەوە دەڵێت "هەر زمانێك ڕەفتاری ئەو خەڵکە نیشان دەدات کە قسەی پێدەکەن" بەلای ئێمەوە ئەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوە زمانە کولتور و بیرکردنەوە دیاری دەکات، چونکە زمان چوارچێوەی بیرکردنەوەیە، بیرەکان گەر نەکرێنە فۆڕم و کولتورەکانیش لە زماندا وێنانەکرێن، ناتوانرێت بۆجیلەکانی تر بگوازرێنەوە، فەیلەسوف Hamman لە (Lyons ۱۹٦۹:۷) ەوە، باوەڕیوایە کە ژیری پەیوەستە بەو زمانەی قسەپێدەکەین و جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا هاوتایە بەو جیاوازیانەی لە نێوان ڕێگاکانی بیرکردنەوەدان، کەواتە ئەوە بیرکردنەوەیە کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی هەڵبژاردنی ڕێگاو دونیا بینی و زمان ئاراستە دەکات، و Herder دەڵێت وشەکان زەمینەیەکن کە تیایاندا بیرەکانی خۆمان دەبینین"، تەنانەت بەلای "وۆرف" یشەوە دوو ئاراستە هەن، لە زمانەوە بۆ کولتور و لە کەلتورەوە بۆ زمان ... بەڵام بیانوی کاریگەری زمان لەسەر کولتور ئەوەیە کە ڕێژمان زیاتر بەرگری لە گۆڕانکاری دەکات، بۆیە دەشێت ئەوە بگوترێت کە کاریگەری زمان بۆ کولتور زاڵترە. چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو تا بزانین، ئەوە کولتورە زمان و دونیابینی ئێمە دیاریدەکات یان ئەوە زۆرداری و زەبروزەنگی زمانە ئێمە لە چوارچێوەکەیدا قەتیس دەکات تا لەو سنورە دەرنەچین و چۆنییویست ئاوا بیربکەینەوە و کولتورەکەمان هەڵبژێرین، لە ڕاستیدا، وەك ئەو گروپانەی لای خوارەوە پیشانی دەدەن پێچەوانەی ئەو ڕایە ڕاستە، بۆ نمونە،

**٤.٤.١.١ گروپی یەکەم:**

(١) X ژنی هێنا - ⟵ Y شوی کرد (٢) X ژنەکەی گواستەوە ⟵ Y گواسترایەوە

(٣) X شەکراوی خواردەوە ⟵ Y شەکراوی خورایەو (٤) X ئالقەی لەدەست کرد ⟵ Y ئالقەی لەدەستکرا

(٥) X گانیکرد ⟵ Y گانی دا (٦) X ، Y تەڵاقدا ⟵ Y تەڵاق درا یان تەڵاقی وەرگرت

**(٧) X هاوسەرگیریکرد ⟵ Y هاوسەرگیریکرد**

بەسەنجدان لە ڕستەکانی سەرەوە، دەبینین لە هەر یەك لەو دەربڕینانە بکەر نێرینەیە و بەرکار مێینەیە، بەڵام بۆ؟ پرسیارەکە لە چەند ڕووەوە داوای وەڵامی گونجاو دەکات، ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوون و زەبروزەنگی زمان، کە ئاوا لە پشت پەردەوە ئەو نابەرانبەری و ناهەقیە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێینە دەکات، یان ئەوە کولتور و دونیابینی قسەکەری کوردە، کە هەقیقەتەکان ئاوا دەبینێت و دواتر لە زماندا وێنایان دەکات، واتە بۆ هەر تێڕوانینێك فۆڕمێکی جیاواز بەکاردەهێنێت، لەڕاستیدا، ئێمە بەپێی کولتوری بۆماوە ڕەفتاردەکین، ئەوە کولتوری کوردە، کە وا دەکات کوڕەکە کچەکە بەرێتە ماڵی خۆی، تێچوی شەکرا و هەموو شتەکانیتر بگرێتە ئەستۆ و ...، دواتر، ئەوە وادەکات، کە جۆرێك لە پیاو سالاری بێتە ئاراوە، و هەمیشە زاراوەکان بیری-جوتلایەن بەخۆوەنەگرن، بۆ نمونە، دەربڕینی "مارەکرا" بیری کچ و "مارەیکرد"، بیری کوڕمان لەلا دروست دەکات، بەوجۆرە، زمانەکە جۆری ڕەفتار و دونیابینی کەسەکان بەو شێوەیەی لەدونیای واقیعدا ڕوودەدات، وێنادەکات و

وەك ئەوەی ڕوودەدەن وەسفیاندەکات. بۆیە لەو بارانەدا، کوردی لەسەر بنەمای ڕێبازی وەسفی description تەنها جۆری بیر، تێڕوانین و دونیابینیەکان بەفۆرم دەکات و کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر چارەنوسی ئەو ڕەفتارانە نییە، بەڵام کاتێك ڕادەی ڕۆشنبیری و باروزرەفی کەسەکان بەرەو باشبوون دەچێت، کاردەکاتە سەر دونیابینی کەسەکان، و قسەکەری کوردی بە تێڕوانینی سەردەمانەی زیاترەوە سەیری ڕوداو و باروزروفەکان دەکات، هەروەها، باری سەرنجیش بەگۆڕانی باری ئابوری ڕەگەزی مێینە گۆڕانی بەسەردادێت، نمونەی، (٧) ڕەفتاری کەسەکان بە دونیابینی تازەوە پیشاندەدات، دەبینیت کە هەردوو ڕەگەز پێکەوە مامەڵەیەکی هاوسان و پێچەوانەی دونیابینی پێشتر دەکرێن، و باری سەرنجی جیا دێتەئاراوە، بۆیە زمان ملکەچی کلتور(دونیابیبینی) دەبێت. ئەو تێڕوانین و دونیابینیە تازەیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فۆرمی تری وەك "هاوسەرگیریکردن، پێکەوەخەوتن، و جوتبوون، ئاڵقە گۆڕینەوە و ..." بەدوایخۆیاندادەهێنن، کە تیایاندا جۆرێك لە یەکسانی لەبەرچاودەگیرێت. لە لایەکیترەوە هەریەك لەو زاراوانە بە شێوەیەکی یەکسان بیری "ژن و پیاویش" بەخۆوەدەگرن، و ڕێزی زیاتر و جۆرێك لە حورمەت بۆ ڕەگەزی مێینە دەگەڕێننەوە، سەبارەت بە ئاژەڵەکانیش، کولتور و دونیابینی کەسی کوردی بۆ هەر ئاژەڵێك بە پێی بەهاو نزیکیان لێیەوە، وشەی تایبەت بۆ کردەوەی جوتبوون بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە دەگوترێت "مانگاکە کەڵی گرت"، "مەڕەکە بەرانی گرت"، "سەگەکە پێوەبوو"، "ئەسپەکە لە کەرەکە چاککرا"، "کەڵەشێرەکە بە مریشکەدا فسی" و هەروەها، بۆیە ئەوە کولتورە نەك زمان بڕیار لەسەر هەموو ئەوانە دەدات.

لە زمانی ئینگلیزی و سویدیدا، بەپێی دوونیابینی قسەکەرەکانی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ یەك وشە بەکار دەهێنن، بۆ نمونە، ''he/she is married'' لە وێشدا کولتور ڕەچاودەکرێت، چونکە هەردوو ڕەگەز لە تەمەنی ١٨ساڵیدا ماڵ بەجێدێڵن و زۆرجاریش هەریەکە و لەسەر کیسەس خۆی دەژی و کەمتر پشتبەیەکدەبەستن، لە کاتێکدا دەربڕینێکی تری وەك ''he/she gets married'' ئەم دەربڕینە بە واتای ئەوەی وەك کاری جوڵانە، بەو جۆرە وشەی ''married'' هەردوو بیری (پیاو و ژن)یش لەخۆ دەگرێت، سەبارەت بە ئەلقە لە دەستکردن، دەگوترێت:

Joe put the ring on Jane (١)

Jane put the ring on Joe (٢)

ئەلقە لەدەستکردن بیری هەردوو ڕەگەز لەخۆدەگرێت، سەبارەت بە جیابوونەوە، دەربڕینێکی وەك ''Jane devorsed Joe'' و ''Joe devorsed Jane'' لێرەشدا یەکسانی پارێزراوە. Devorsed بیری "ژن و پیاو" لەخۆدەگرێت، سەبارەت بە کردەوەی سێکس چەند دەربڕینێکی وەك ''Joe makes love to Jane'' و ''Jane makes love to Joe'' بەکار دەهێنرێن کە جۆرێك لە ڕێزی تیادایە، لە بەرانبەردا دەربڕینێکی ڕاشکاوانەیان هەیە"، بۆ نمونە، ''Joe fucks Jane'' یان ''Jane fucks Joe'' کە دووبارە وشەی ''fuck'' بیری هەردوو "پیاو ژن" بە یەکسانی هەڵدەگرێت، لە بەرانبەردا دەربڕینێکی تر کە یەکسانی هەردوو لا دەگەیەنێت، بۆ نمونە، ''Jane or Joe sleeps with Joe or Jane''، سەبارەت بە ئاژەڵەکانیش بۆ هەموو ئاژەڵەکانی وەك، مەڕ، کەر، مانگا، سەگ، ئەسپ لەلایەن جوتیارەکانەوە بۆ هەردوو نێر و مێینەی وشەی ''is breeding'' بەکار دەهێنرێت، لە کاتێکی تردا بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموویان وەك یەکە بۆ

نمونە، "the dog having sex" و لە زانستدا وشەیەکی تر بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە، "جوتبوون-Copulating".

زمانی سویدی بە هەمان شێوەی ئینگلیزی تا ڕادەیەکی زۆر یەکسانی دەپارێزێت، بۆ نمونە، Azad/Narmin gifte sig" ،"gifte sig" و "Azad/Narmin flyttade ihop med sin fru" لە یەکەمدا "gifte sig-شوکردن" و لە دووەمدا "flyttade ihop-پێکەوە ڕۆیشتن" بیری هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکسانی بەخۆوەدەگرن، سەبارەت بە کردەوەی سێکسیش هەردوو بەیەکسان باسیان لێوەدەکرێت، واتە هەردوو دەبن بە بکەر و بەرکار، Azad/Namin hade sex med varandra واتە "نەرمین و ئازاد پێکەوە سێکسیان هەبوو"، سەبارەت بە لێکجیابونەوە هەردوو لا هەمان مافیان هەیە، بۆ نمونە، دەگوترێ Kvinnan/mannen skilde sig، واتە "پیاو و ژنەکە جیابونەوە، یان یەکتریان تەڵاقدا" سەبارەت بە ئەلقە لەدەستکردن و نیشانەکردن هەردوو ڕەگەز هەمان ئەرکیان هەیە Flickan/pojken forlovade sig نمونەکانی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن کە زمان لە ئاست کولتور و دنیابینیدا دەستەوسانە.

**٤.٤.١.٢ گروپی دووەم**

سەبارەت بە مردن کوردی یەك وشە بەکار ناهێنێت، بۆ نمونە، (مردن، لەدونیا دەرچون، و ئەمریخواکردن...) تەنها بیری مرۆڤ هەڵدەگرن، لەکاتێکدا وشەکانی تری وەك "منداربۆوە" بیری ئەو ئاژەڵ و باڵندانە هەڵدەگرێت کە گۆشتیان دەخورێت، بۆ نمونە، "مەڕەکە\مانگاکە\مریشکەکە مندار بۆوە"، تەنانەت وشەی "تۆپی" بۆ ئەسپ و کەر و سەگیش بەکار دەهێنرێت، ئەوە، یەکەم جۆری بیرکردنەوەیە کە کولتورێکی لەو جۆرە هەڵیدەبژێرێت و بیرەکە ئاوا گەڵاڵەدەکات تا دواتر بۆ هەر بیرێك وشەیەکی گونجاوی بۆهەڵبژێردرێت. لە هەردوو زمانی سویدی و ئینگلیزیدا هەمان شتە، سویدی وشەی "dog" ئینگلیزی وشە "die" بۆ هەموو زیندەوەر و ئادەمیزادیش بەکار دەهێنن، بۆ نمونە لە سویدیدا دەگوترێت Azad, cowen, hunden, jetten, hunden, duvan dog واتە "ئازاد، مانگاکە، سەگەکە مریشکەکە، مراویەکە مرد" بەهەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیشدا دەگوترێت Azad, the cow, the dog, the child died. بەو جۆرە لە هەردوو زمانەکەدا وشەی "مردن" بیری هەموو زیندەوەرەکان هەڵدەگرێت.

**٤.٤.١.٣ گروپی سێیەم**

لە کوردیدا وشەی "شەق تێهەڵدان" بیری مرۆڤەکان و وشەی "لەقەلێدان" بیری ئاژەڵەکان هەڵدەگرن، بە پێچەوانەوە لە ئینگلیزی وشە kicked و سویدی وشەی sparkade بەکاردەهێنرێن، هەردوو وشەکە بیری ئادەمیزاد و ئاژەڵیش لەخۆدەگرن، ئەوەی جێگەی سەرنجە باری سەرنجی کوردی بە ڕێگەیەکی لۆجیکی زیاترەوە دونیا بینیەکەی بەفۆڕم دەکات، لەوەدا کە "شەقتێهەڵدان" بەرەو پێشەوە و هەدەفێکی دیاریکراوەوە ئاراستە دەکرێت، کە لە گەڵ کەسایەتی مرۆڤدا تەواو گونجاوە، بە پێچەوانەوە "لەقەلێدان" بەرەو دواوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکیەوە ئاراستەدەکرێت بێ دیاریکردنی هەدەفێکی دیاریکراو، ئەوەش بەتەواوی لەگەڵ ڕەفتاری ئاژەڵەکاندا دەگونجێت، لەڕاستیدا، ئەوانە هەردوو بیری جیاوازن، بیری ئاراستەی دیاریکراو و بیری هەڕەمەکێتی، و لەهەمان کاتیشدا دوو ڕەفتاری جیاواز بۆ دوو بیری جیاواز و لێکدانەوەی جیاوازن، ئەو دوو بیرەش بەتەواوی لەگەڵ واقیعدا یەکدەگرنەوە. ئەو وردەکاریەی لەکوردیدا هەیە لە ئینگلیزی و سویدیدا نابینرێت، بۆیە دەشێت لە نێوان کوردی و ئینگلیزی و سویدیدا سیستێمی سیمانتیکی جیاواز بۆ هەر دانەیەك لەوانە هەبن، دواتر

قسەکەری هەرکام لەو زمانانە لەتوانایاندایە کە جەوهەری ئەو شتەی لە زمانی بەرابنبەردا گوێیان لێدەبێت، بە پێی سایای سیستێمی خۆیان دایبڕێژنەوە.

**٤.٤.١.٤ گروپی چوارەم:**

لە کوردیدا وشەی "قەپالگرتن" بیری مانگاو ئاژەڵی بەرزە و لە هەندێك باریشدا بیری ئادەمیزاد هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا "گازگرتن" بۆ ئادەمیزاد و "پێوەدان" بۆ مار و ئەوانەی ژەهریان هەیە، و "گەستن" بۆ مێشولەو باڵندەکان بەکار دەهێنرێت، لەزمانی سویدی وشەی "bett" بۆ نمونە، " Azad, ormen, coen bett ett , barn"، واتە "ئازاد, مارەکە، مانگاکە منداڵەکەیان گەست"، لە ئینگلیزیدا وشەی "bite" بۆ نمونە، ’’the snake, house, cow, dog, bites the child” ، بەو جۆرە وشەی "گەستن" بیری مرۆڤ و ئاژەڵیش هەڵدەگرێت، لە ئینگلیزیشدا وشەی ”sting“ بۆ هەنگ و میشولە و شتی تری وا بەکاردەهێنرێت.

**٤.٤.١.٥ گروپی پێنجەم** [٢٣]

جارێکی تر زمانی کوردی لەژێر کاریگەری کولتور و سیستێمی وەسفی description باس لەخۆبەتاڵ کردنەوەی زیندەوەرەکان دەکات و بۆ هەر زیندەوەرێك بە پێی شێوەی ئەوەی دایدەنێن وشەی تایبەت دیاریدەکات، بۆ نمونە، وشەی "گووکردن" بیری مرۆڤ، "پشقلکردن" بیری مەڕو بزن و "شیاکەکردن" بیری مانگا و "تەرسکردن" بیری ئەسپ و کەرو بارگیر و "جیقنە یان ڕیقنەکردن" بیری مریشك و ... بەخۆوە دەگرن. ئینگلیزی ئەو کردەوەیە بۆ هەموان بەیەك چاو سەیر دەکات، بۆ نمونە، بە شێوەیەکی بازاڕای دەگوترێت ’’the man, woman, cow, dog, horse, donky chicken.. takes a crap’’ بەو جۆرە وشەی ”take a <u>crap</u>“ بیری مرۆڤ و ئاژەڵیش بەخۆوە دەگرێت، لە پاڵ ئەوەشدا، دەربرینێکی تری وەك ’’The child bowel movement’’ کە بەواتای "منداڵەکە یان پیاوەکە ڕیخۆڵەی جوڵا" بەکار دەهێنرێت. سوویدی وشەیەکی وەك "گویکرد-bajsade" بەکار دەهێنێت، بۆ نمونە، ’’Barnet/Hasten/Getten/Kon/Fogelen bajsade’’، واتە "منداڵەکە، ئەسپەکە، بزنەکە، چۆلەکەکە, گویانکرد"، بەکاردەهێنرێت، بۆیە وشەی "bajsade " بیری هەموو زیندەوەرەکان بەخۆوە درگرێت، لێرەشدا کوردی دونیابینیەکی وردتر لە ئینگلیزی و سویدی بەخۆوەدەگرێت، کوردی هەردوو شێوە، "مادە/شت" و "بکەر" لەبەرچاو دەگرێت تا فۆڕم بۆ بیری کردەوەکە دیاریبکات، لەکاتێکدا، دەبینی کە هەموو زیندەوەرەکان لە کردەوەیەکی تردا هەمان شێوە و مادە و بەرهەمدێنن، وشەی "میزکردن" بەکار دەهێنێ تا بیری "ئاژەڵ" و "مرۆڤ"یش لەخۆبگرێت، لە ئینگلیزی بە شێوەیەکی بازاری وشەی "takes a pee" بیری هەموو زیندەوەرەکان و بە شێوەیەکی تەکنیکی وشەی "urinates" بیری هەموو زیندەوەرەکان بەخۆوە دەگرن، بۆ نمونە’’the boy, girl, cow, urinates“

---

[٢٣] Pluralism بە ڕێگەی جیاواز و لە مەودایەکی فراوانی و ناونبشانی جیاوادا بەکار دەهێنرێت و ئاماژە بۆ تێڕوانینی جیاواز دەکات، لە جیاتی مەنهەج یان ڕێبازێکی تاك.

### ٤.٤.١.٦ گروپی شەم

کوردی بۆ هەر زیندەوەرێك وشەی تایبەت سەبارەت بە دەربڕینی هەست و هۆش و ... بەکاردەهێنێت، لەوەشدا ڕێبازێکی لۆجیکی و واقیعیتری گرتۆتەبەر، دونیابینی قسەکەی کورد، "جۆری دەنگ، مەبەست، و بکەر"ی لەبەرچاوگرتووە، بۆ نمونە، وشەکانی "گریان، هاوارکردن، و ..." بیری ئادەمیزاد، "وەڕین"، بیری سەگ و "لوراندن" بیری گورگ و "زەڕین" بیری کەر و "حیلاندن" بیری ئەسپ و "میاواندن" بیری پشیلە و "باڕاندن" بیری مەڕ و بزن و "قیڕاندا" بیری قاز و "خوێندن" بیری کەڵەشێر و ... بەخۆوە دەگرن، لە کاتێکدا سویدی وشەی "skriker"بۆ منداڵ، "skaller"، بۆ سەگ و "yllar" بۆ گورگ و "gnaggar" بۆ ئەسپ و "bracker" بۆ بزن و مەڕ بەکاردەهێنێت. لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەمان شێوەی کوردی [٢٤] گریان و هاوار کردن بیری مرۆڤ هەڵدەگرن، بۆ نمونە "the child crying, weeping" لە کاتێکدا "showtes" هاوارکردن بیری هەموو زیدنەوەرەکان هەڵدەگرێت، وشەی "howls" بیری سەگ و بە تایبەت گورگ وەك "لوراندن" هەڵدەگرێت، هەروەها وشەی " neighs" بیری کەرو ئەسپ و بارگیری و ئێستر هەڵدەگرێت. وشەی "Roars" بۆ شێر بەکاردەهێنرێت.

بنیاتە جیاوازەکان لە نێوان پەیڕەوە زمانیەکان، (کلتوریەکان)، بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی زانینی جیاوازیە نا-زمانیەکانەوە لە زمانی زگماکی قسەکەرەکاندا بەرانبەر دەبن. بنیاتی زمانی سروشتی کەسەکە بەپێی کولتور و دنیابینی کەسەکەوە دیاری دەکرێت. لەوەی لەسەرەوە پیشاندرا، دەبینی ئەوە چالاکی کەسەکان و دونیابینیەکەیانە بڕیاردەر لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوروبەر، کولتور گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە ناکرێت پاشگوێبخرێت، بۆ نمونە، دونیابینی جولەکە لەسەر بنەمای پاراستنی ڕەگەزی خۆیان، بیناکراوە، بۆیە دەبینی لە تەواوی دوونیاوە لە ٤٨دا کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل، هەموویان لەگەڵ جیاوازی زمانەکانیشیاندا بە پێی ئەو وڵاتەی لێوەی هاتبوون لەژێر خەیمەی یەك دنیابینیدا کۆبوونەوە. کاتێك کە دەوڵەتیشیان دروستکرد، بیریان لە زمانی یەکگرتوو کردەوە تا هەموویان بەکاری بێنن، زمانێکیان هەڵبژارد کە لە زمانی ئەڵەمانیەوە نزیك بوو، دواتر وتیان چۆن ئەو زمانە بەکار بهێنین لە کاتێکدا ئەڵەمانیان چەندان ملیۆنی لێکوشتوین، بۆیە بڕیاریان دا کە زمانی عیبری، گەرچی وەك مردوو سەیردەکرا، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینیان لێبەگەڕخست و ژیاندیانەوە و کردیان بە زمانی ڕەسمی، نمونەی دووەم، داعیشە، دنیابینی ئەوان تایبەتمەنیەکی سەیر و ناوێزەی هەیە و لە هیچ کەس و گروپێکیتر ناچێت، ئەو خەڵکانەی باوەڕیان پێیەتی بەزمانی جیا قسەدەکەن، بەڕادەیەك کە لەیەکتریش ناگەن، و لە وڵاتی جیاشەوە هاتوون، بەڵام پێکەوە دنیابینیەکیان هەڵبژاردووە کە هەموویانی پێکەوە کۆکردۆتەوە و کاری بۆ دەکەن، و لە ڕەفتارەکانیاندا بەدەردەکەوێت، کە کوشتن، وێرانکردن و ... تێناپەڕێت.

### ٤.٥ سەرەنجامی ئەم بەشە

جیاوازی زمانەکان لە جیاوازی کلتورەکانەوە بەدەردەکەوێت، ئەوە وا دەکات زمان و قسەکردنەکانمان ڕەنگدانەوەی کولتور و بناغە کۆمەڵایەتیەکانمان بن. ئەگەر زمان بەهرەیەکی خوایی بێت بۆ مرۆڤ بەدەر لە

---

[٢٤] لێرەدا مەبەستم دونیابینی کوردی، سویدی و ئینگلیزیە بەلای ئێمەوە بیرکردنەوە جۆری دونیابینی کەسەکان دیاریدەکات، کە دواتر ئەو دونیابینیە لە شێوەی کولتوردا دەبێتە چەترێك کە زۆر کەس و لایەن بەخۆوەدەگرێ هەرکات هەموویان هەمان دونیابینیەیان پەسەند کرد.


زیندەوەرەکانیتر، دەبینی ئەو بەهرەیە بە زۆر لایەنەوە بەندە، بۆ نمونە، توانای بیکردنەوەی کەسەکان، پۆل، ڕەگەز، ئەسڵ و فەسڵ، توخم، تەمەن، ناوچە، جوغرافیا و .... ئەوە وا دەکات کە زمانی قسەکەرەکان جێگیر نەبێت، و بکەوێتە ژێرکاریگەری کلتوری پەیڕەوکراو، و لە کۆتایدا ڕەفتاری جیاوازی لێبکەوێتەوە، بۆ نمونە، جۆری قسەکردن و پەیوەندی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا، پەیوەندی لە نێوان ئەفسەر و سەرباز، قوتابی و مامۆستا، باوك و کوڕ و هەروەها. بیرکردنەوە ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان کە خۆی لە کولتوری نەتەوەکەدا دەبینێتەوە، دواتر زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتور سەبارەت بە باسکردنی ئەو واقیعەی کە کولتور لەسەر کەسەکانی دەسەپێنێت.

سەبارەت بە بیرکردنەوە، گەرچی بەکارهێنانی فۆڕمی جیاواز بەرێگەیەك لە ڕێگەکان هوکارە لەسەر ڕێگای بیرکردنەوە، دەبینی کە بیرکردنەوە کردەوەیەکی ئەوەندە ئاڵۆزە کە کاردەکاتە سەر هەموو ڕوخسارەکانی ژیانی کەسەکان، واتە هەموو لایەنە چالاکیەکانی ژیانی کەسەکان دادەپۆشێت، بۆیە دیاریکردن و سنوردانان بۆ چالاکی بیرکردنەوە کارێکی زەحمەتە. (S٠lso (١٩٩٨:٤٢٠ لە (Lund (٢٠٠٣:٥ ەوە، دەڵێت، "بیرکردنەوە وێنەیەکی تازی مێشکی فۆڕم دەکات لە نێوەندی گواستنەوەی زانیاری بە هۆی کارلێککردنێکی ئاڵۆزی مێشکی لەسەر بڕیاردان، پۆختەکردن، لێکدانەوە، وێناکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان"، ئەوە وا دەکات کە بیرکردنەوە سەنتەری هەموو چالاکی کەسەکان بێت، و سێ چالاکی بەدوایخۆیدا بهێنێت، یەکەم، بیرکردنەوە مەعریفە و زانیاری مێشکیە، و دەچێتە دیوی ناوەوەی زانیاریەکان و دەبێتە بەشێك لەوان، دووەم، مەعریفە لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بەکاردەهێنرێت، و سێیەم، بیرکردنەوە بەرەو چارەسەرەکان ئاراستەدەکرێت و لەرێگەی ئەوەوە گرفتەکان یەکلاییدەکرێنەوە، لەو بوارەوە هەموو لایەنەکان وەك یەك نین، ڕەفتاریەکان لێکۆێنەوە لەسەر ڕەفتاردەکەن و لێکۆڵینەوە لە چالاکی مێشکی وەك نا-زانستی دەبینن، بەبیانووی ئەوەی ناتوانرێت سەرنجی لێبدرێت، دواتر کە زانستی مەعریفی دەرەونی هاتەسەرخەت ئەو تێڕوانینە گۆڕدرا، و گرنگی بەوە دەدرا کە چۆن چالاکی مێشکی کاردەکات، واتە، لێکۆڵینەوەی زانستی لە بیرکردنەوەی مێشکی (Solso ١٩٩٨:٢)، ئەوە دوو ڕا بەدوایخۆیدا دەهێنێت، یەکەم چۆن شتێك نەبینرێت لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دەکرێت، و دووەم، دەکرێت لە ڕێگەی ڕەفتاری کەسەکانەوە بێت، لەوبارانەدا کە هەڵسوکەوتی کەسەکان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەکانن. (Garnham et. el (١٩٩٤ دوو ڕێباز بۆ کردەوەی بیرکردنەوە دادەنێت یەکەم لێکدانەوەی پرۆتۆکۆلی و دووەم کۆمپیوتەری کە تیایدا کەسەکان وەك کۆمپیوتەر زانیاری و مەعریفەکان بەکردەوە دەکەن. تا بیرنەکەیتەوە ناتوانی زمان بەکاربهێنی، تەنانەت بەبێ بیرکردنەوە ناتوانی قسەلەگەڵ خۆشت بکەیت، کەسێکی لاڵ گەر نەشتوانێت قسەبکات، بیردەکاتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بیرکردنەوە دونیابینی کەسەکان دیاریدەکات، پشتبەستوو بە دەیان نمونەی وەك گروپی داعش، و دواتر زمان باس لەو هەقیقەتانە دەکات کە لە دونیای واقیعدا بە هۆی ئەو دونیابینیانەوە دێنەئاراوە.

## ٥.٠ پوختەی باسەکە

### ٥.١ پوختەی باسەکە بە کوردی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدوو لاوە سەرنج لە کلتور دەدات، یەکەم، کلتوری گشتی کە دەکرێت هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تیایدا هاوبەشبن، دووەم کولتوری تایبەت کە دەکرێت هەر نەتەوە و کلتوری تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەوەش کاتێك کەسەکان دەیانەوەی کولتور وەك یەك جەستەیی و کۆکەرەوەی شتەجیاوازەکان مامەڵە بکەن، بۆ نمونە، سوربوون لەسەر پێویستی تاکەکان، کارلێککردن و کاردانەوەی ڕەفتاری تاکەکان لە گۆمەڵگادا، دیاریکردنی نمونە و بەها کۆمەڵایەتیەکان کە ڕەفتارەکان بە شێوەیەکی گشتگیر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ڕێکدەخەن. ئەرکی زمان تەنها لە لەسەر ڕاگەیاندندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەرکی لەخۆگرتنی بیرەکان و پاراستنی کولتوری نەتەوەیی و گواستنەوەی بۆ جیلەکانی دواتر دەگرێتە ئەستۆ. ئەوە جگە لە پێدانی تێژبینی بە تاکەکان و ناوبەند پەیوەندی کارلێککردن لەگەڵ کولتور و بیرکردنەوەدا. زمان ئەزمونی کەسەکان ڕێکدەخات و لە خزمەتی ڕەفتاری کەسیدایە، بۆ دەمەتەقێ و گۆڕینەوەی بیر، پارێزەری ڕەفتاری کارلێککردنی کەسەکانە، زمان ئەزمونی کەسەکان ڕێکدەخات لە خزمەتی ڕەفتاری کەسیدایە، بۆ دەمەتەقێ و گۆڕینەوەی بیر، پارێزگاری ڕەفتاری کارلێککردنی کەسەکان و ... دەکات، نیەت و ئارەزوی قسەکەرەکان گەیشتنە بە هەقیقەت، بۆ ئەو مەبەستە چەندان لایەن بەپێی بەها و کاریگەری ڕۆڵی خۆیان لە بەستنەوەی قسەکەر بە هەقیقەتەوە ئەرك دەبینن، وەك لە دیاگرامی ( ٣ ) پیشاندراوە




بەو پێیە دەشێت ئەوە بگوترێت، کە قسەکەر وەك سەرەتا و ناوکی هەموو ئەوانەی شتەکان لەدەوری کۆدەبنەوە تا کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، زمانی ستاندارد، و کولتوری تایبەت بە دونیابینیەکی فرەلایەنەوە بەخۆیەوە گرێبدات، دووەم، بەلای ئێمەوە دواتر بیرکردنەوە دێت، بیرکردنەوە وەك چالاکی مێشکی، ڕۆشنکردنەوەی دید، فراوانکردنی دونیابینی و کلیلی کردنەوەی هەموو گرفتەکان بە درێژایی مێژوو بۆ مەردومەکان ڕابەربووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەواو لەگەڵ ڕاکانی Gorgias و Plato سەبارەت بەوەی کە زمان لە عاتیفەوە هاتووە، و تەواو لەگەڵ بۆچوونی Kant دایە سەبارەت بەوەی زمان لە بیرکردنەوەی لۆجیکیەوە هاتووە. هەموو شتەکان لە پێشا لە مێشکەوە سەرهەڵدەدەن و بە هۆی بیرکردنەوەوە ڕێکدەخرێن و لێکدەدرێنەوە. بیرکردنەوە دانیەمۆ و ئاراستەکەری دونیابینیەکانە، کاتێك سەرم پێشا هەست دەکەم لەبارودۆخی سەریەشەدام، بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لەبەرانبەرم بکەم پێویستم بە ڕەمزێکە نەك بۆ ئێستا تا دواتریش کاتێك خۆم لە هەمان بارودۆخدا بینیەوە، بەهۆیەوە بەرانبەرەکەم ئاگادار بکەم، بۆیە ئەو ڕەمزە تەنها بەرهەمی بیرکردنەوەکانی منە، کە دواتر وەك دەفرێك "بیرەکان" وەك بەرهەمی بیرکردنەوە تیایدا دەپارێزرێن، سەرەنجامیش ئەوە بەدەست دێنم کە بیرکرنەوە، کولتور، واتە دنیابینی دیاریدەکات و دواتریش زمان فۆڕم بۆ ئەو بیرانە بەپێی کولتوری پەیڕەوکراو ئامادەکات، و دەتورێت دیاگرامی ( ٤ ) پیشان بدرێت:

**قسەکەر ← بیرکردنەوە و کولتورەکەی ← هەقیقەت**


زمان وەك ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی تریشەوە وەك ڕاستیەکی دەرونی مامەڵەدەکرێت. کەواتە لەگەڵ کلتوردا ناوبەند پەیوەندن. واتا لە مێشکی قسەکەرەکاندایە و هەریەکەیان وێنەیەکی گیانی بە گیانی و دەرونی دەربارەی "شتەکان" لە مێشکدا پاراستووە، بەلای سۆسەرەوە زمان هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیە ئەوە کۆمەڵە کە زمان دیاریدەکات، دیارە هەقیقەتی کۆمەڵایەتیش بە واتای زاڵبونی کلتورە، کە وەك سەرچاوەی دونیابینی کەسەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا توانای زمانی سروشتی کەسەکانیش ناکرێت نکولی لێبکرێت. لە کۆتایشدا، دەڵێین لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران زمان، کولتور و بیرکردنەوە بەشێوەیەك چوونە ناو یەك و ناوبەند پەیوەندن، کە زەحمەتە وەك پێویست لە یەکێکیان بگەیت بەبێ ئەوەکەی تر و بتوانیت لێکیان جیابکەیتەوە.

### ٥.٢ پەختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی

**الثقافة، اللغة و التفكير**

يتناول هذا البحث الثقافة من جانبين، الثقافة العامة التي يمكن ان تشترك فيها الانسانية عامة، ثانيا، الثقافة الخاصة وهي التي يمتلكها كل شخص او شعب او قوم او مجتمع، و الثقافة تجمع الاختلافات، و توجه الافراد في تعاملها داخل المجتمع، وفي سلوكها الشخصي، و تحدد القيم الاجتماعية و السلوك العام للمجتمع، ومن هنا لا يقتصر دور اللغة علي التواصل فحسب، بل يتعدى الى جمع الافكار للحفاظ على الثقافة، و نقل العادات و التقاليد الاجتماعية الى الاجيال اللاحقة، فمثلا عن كون اللغة جسرا للتفاعل بين الثقافة و التفكير.

اللغة تنظم تجارب و خبرات الافراد، وهي في خدمة السلوك الفردي، و تكون اداة فاعلة للتواصل و تبادل الافكار و التفاعل فيما بين الافراد، وبما ان هدف المتكلم هو الوصول الى الحقيقة، لذا تلعب جوانب عديدة و مجالات مختلفة دورا في ايصاله الى تلك الحقيقة كما هو موضح هنا:




لذلك يكون المتكلم الجوهر الاساس الذي يجمع حوله عناصر عديدة مثل مجتمع متوحد، و لغة موحدة مشتركة، و ثقافة شخصية، ثم ياتي في نظرنا التفكير كنشاط ذهني يوضح الروئية و يوسع افاق الثقافة كمفتاح لحل جميع العقل على مر التاريخ، لذلك اتفق هنا مع Plato and Gorgias في مذهبهما، ان اللغة نابعة عن العاطفة، كما اتفق مع Kant في قوله: ان اللغة نتجت عن التفكير المنطقي، لان التفكير موجه لكل الروءى واللغة تكون وعاء للافكار، و تضع لها اشكالا و رمزا مختلفة، فعندما يءلمني راسي اشعر انني في حالة صداع، و عندئذ احتاج الى رمز لغوي لاطلب من حولي ان يقدموا لي المساعدة علي ازالة الصداع عني في هذه الوقت، او في اي وقت اخر

بالرمز اللغوي نفسه لاخبارهم بالحالة نفسها، فهذا الرمز هو من نتاج تفكيري، و فيما بعد سيكون هذا الرمز و عاء لحفظ هذا النتاج اللغوي من الضياع، و بهذا يتبين لي ان التفكير هو الذي يحدد الثقافة و روءية العالم، ثم تقوم اللغة بصياغة الشكل و الرموز اللغوي في ضوء الثقافة المتبعة. وعن طريق المحطط الاتي تبين زبدة الكلام.

المتكلم ←———— التفكير ←———— الحقيقة

و ثقافة المتكلم


فاللغة تعامل كحقيقة اجتماعية من جانب، و كحقيقى سيكولوجية من جابن اخر. اي انها مرتبطة بوشائج من ثقافة الجماعة اللغوية. اي ان صورة هذه الاشياء محفوظة في اذهان المتكلمين و عقولهم.

فاللغة عند دي سوسر حقيقة اجتماعية، و هذا يعني هيمنة الثقافة، فهي التي تعامل كمصدر لروءية العالم عند الناطقين المتكلمين، وفي الوقت نفسه لا يمكن ان انكار القدرة اللغوية الفطرية للناطقين المتكلمين الافرد.

وفي الختام نقول انه مع كل ما قيل فاللغة و الثقافة و التفكير مرتبطة كلها بوشائج كنسيج واحد، لا يمكن فصل اي واحد من الثلاثة بعضها عن بعض، ولافهم اي منها بدون فهم البقية من الثلاثة. و فيما بعد يعبر عن حقيقة تلك الاشياء بجملة معينة يجب ان تكون مساوية قيمتها التعبيرية لتلك الحقيقة التي قصدها الناطقون، كمعادلة مادية صحيحة متكافئة.

### ٥.٣ پوختەی باسەكە بەزمانی ئینگلیزی

This research deals with the culture from two sides, first, a general culture which can be shared by all human beings, and the second, a definite/a certain culture which belongs to a certain nation. Each nation has certain culture; this is at the time when the people wanted to treat Culture as one body and collective of all the different things in order to let each one to feel that it is his/hers. The Insistence on the needs of the individuals, reflect and collect all around a certain culture, regardless of the kind of language they use, the define examples they used to represent a group of simpler ones, and community value which organize the behavior. Generally, within an isolated community, the act of language cannot be limited only to the communication, but it behaves to embrace thoughts, to save community's culture, and transmit the culture to the next generation. Moreover than that It gives insight to the people, language organizes the experience in serves of the people behavior. Almost, language used for communicate and exchange their ideas, and increase their ability to improve their lives, to increase their information and analyze the around world, and to reach to their goals. In sum, the intention of the people directed to reach to the facts and reality, for this purpose, different sides according their values, direct their role in order to bind/join/link the speaker to the facts around. As the following diagram shows.




According to the above diagram, the speaker (human being) as the core of all the activities, and tries hard in order to comprise a united community, to make standard language, and language links a certain culture with a wide view point to itself. Secondly, in our view point the though comes after, thinging as the activity of the mind and lighten the insight of people, to widen their viewpoint, moreover it acts as a key to open all problems during the time.This research support hardly Plato and Gorgiasd visions, whom indicates that language comes from emotion, and with the idea of Kant who things that languages comes from logical thought. All these things, first, arise in the mind and they are organized and analyzed by thinking. The process of thinking can be accounted for as the energy and intrinsic to direct our viewpoint, for example, when I have headache, then I feel that I am in a situation of head achiness. In order to ask help from my friend I need symbols which contain the meaning of help, this is not for the present time, but for all the times, whenever I see myself in the similar situation to use it. Therefore, theses symbols are a product of my mind which I use later in order to capsulate my idea in it. In sum, I concludes that thinking and culture define our viewpoints, then Language acts to form and capsulate our thoughts according the available culture. As it can be shown in the following diagram.

The speaker ⟶ his ⟶ reality
Thought and culture

we look at the language as the community fact, and as the psychological fact from the other side, the meaning is in the speaker's mind, and each of them is savesd a picture about the things which are the speaker's mind, De Saussure points out that language is a community fact, namely it is the community who define, create and improve language, it indicates that the community fact indicates the importance of culture as the course of the speaker's viewpoint. At the same time we cannot neglect the importance of the language .Accordingly, culture and language are interconnected with each other, without separating from each other.

### ٦.٠ سەرچاوەکان

#### ٦.١ سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

Al Khuli, Muhammad Ali (1982). A dictionary of Theoretical Linguistics. Englidsh-Arabic. Librairie Liban

Aitchison, Jean (1996) Words in the Mind. Oxford: Blackwell

**B**rian Skotka ( 200) Something to Tall relation between language and thught from A Criss-Culture Perspective.

Brian Skotka ( ) Something to talk about: Relationship Between Language and Thought From a Cross-Cultural Perspective.

.Bunnin Nicholas et el. The Blackwell Companion to Philosophy. Oxford Blackwe. 97: 120-121)

Bernard Spolsky (1991) Language and culture Mouton de Grutyter Berlin New York

Chomsky, Noam (1986) Knowledge of Language: Its Nature, Origin and Use. New York: Praeger.

De Saussure, Ferdinand (1974). Caurse in General Linguistics. Edited by Charles Bally and Albert Sechehaye,….

Emmon Bach, Soas, Umass (2007). Compositionality and Morphosemantic Newyork. London. Cambridge press

Fodor, J. A. (1957). The Language of thought. New York: Thomas Crowell.

Fodor, Jerry A. (1983) The Modularity of Mind. Cambridge, MA: MIT Press.

Fodor, Jerry A. (1998) Concepts: Where Cognitive Science Went Wrong. Oxford: Oxford University Press

Harris Roy (1990). Language, Saussure and Wittgenstein. How to play Games with. Rutledge. Landon and New York

Linguistics Hudson, R, A (1996). Sociolinguistics. Cambridge Textbooks in

Kent Bach ( ) Semantics vs. Pragmatics. In Zoltan Gendler Szabo Clarendon Press. Oxford Context ex Machina (1-15).

Krystal, David, (1992). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Blackwell P.

Lennebery, Eric H. et el (1956). The Language of Experience: Bloomington, Ind.

L. S. Vygotsky (1962). Thought and language. Edited and translated by Eugenia Hanfmann and Gertude Vakar . The M. I. T. Press

Longman, (2000). Dictionary of Temporary Endlish.

Lund Nick (2003). Language and Thought. Routledge Modular Psychology Series.

Lyons, J. (1981). Language and Context. Fantana Paperbacks

Morris, Charles W. (1955). Signs, Language, and Behaviour. Englewood Cliffs,

Nunbery, Geoffry. (1996). Snow build. Natural Language and Linguistic Theory 14: 205-213.

Pullum. Geoffry. (1991). The Great Eskimo Vocabulary Hoax and Other Irreverent Eassy on The Study of Language Choco: University of Choicago Press

Russel Bertrand. (1940). An Itroduction into Meaning and Truth. London, Mind 14(1905), 479-93

Sampson, Geoffrey. (1985). Writing systems. A Linguistic Introduction

Sapir, Edward (1921). Language. An Introduction to the Study of Speech. New York: Harcourt, Brace aWorld. Taylor

Walter (1948). A Study of Archeology. Memoir 69, American Anthropological Association. Carbondale iL: Southern Illinois

University press.

Urban, Wilbur Marshall (1991). Language and Reality, The Theme of a Philosopgy London: George Allen and Unwin LTD

Whorf, B, L. (1956). Language, Thought and Reality. Edited by J. B. Carroll. Cambridge, Mass: MIT Press and New York.

Whorf , Benjamin Lee (1941). The Relation of Habitual Thought and Behavior to language. Language, Culture, and Personality:

Vygotsky Lev (1986). Thought and Language. The Mit Press Cambridge, Massachusetts, London, England.